# فاشیزم وخوێنی گەلە
# چەوساوەکان

فەرهاد حەمزە محەمەد

مطبعة دار الجاحظ - بغداد
١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥ م

# فاشیزم و خوێنی گەلە چەوساوەکان

فەرهاد حەمزە محەمەد

مطبعة دار الجاحظ ـ بغداد
١٤٠٥ هـ ـ ١٩٨٥ م

## پێشەکی

ئەگەر بە چاوێکی تیژ بڕوانینە فوجەرگەی کتێبخانەی کــوردیو تەماشایەکی ئەو کتێبانە بکەین کە تا ئێستا دەرچــووە ، یــا ئەوەتــا بڕوانینە بیبلۆ گرافیای کتێبی کوردی ، تێبینی ئەوە دەکەین کە ژمارەی کتێبی مێژوویییو رامیاریسان زۆر کەمە ، لە چاو کتێبی بێگانەوە ئەوە هەر نیمانە بێگومان کە ئەم قسەیە ئەکەم وەنەبێت بارودۆخی مێژوویی گەلەکەمانم لێك نەدابێتەوە ، بەڵام تا ڕادەیەکی چاکیش کەمتەرخــەمی خۆمانی تێدا هەیە • بۆیە مایەی شانازی گەلەکەمانە ئەگەر ئەوانەی دەستی مەسەلەی مێژووییان هەیە قەڵەمەکانیان بخەنە کارو مێشکیان بۆ مێژووی نەتەوەکەمانو مێژووی گەلانی تر تەرخان بکەن، تاوەکو چینە جۆر بە جۆرەکانی نەتەوەکەمان ئەم بابەتانە بە زمانی زگمــاك بخوێننەوەو شارەزایی لێیەیدا بکەن ، پێویست ناکات ئێمە هەر بــە زمانی بێگانان شت بخوێنینەوەو زمانە ڕەسەنەکەمــان پشت گــوێ بخەین ، بەڵکو دەبێت چاکترین هەوڵو تەقەللا بدەین تا کتێبخانــەی کوردی بە کتێبی جۆراوجۆر دەوڵەمەند بکەین •

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین مرۆڤایەتی خاوەنی چەندەها زاناو فەیلەسووفی وەها بووە کە تا ئێستا بە زمانی کوردی

بەھێزیلی لەسەر نەنووسراوە • کتێبی وەھا لە چەرخە جیاجیاکانی مێژوو چاپ کراوە کە کاری کردووەتە سەر ڕەوڕەوەی مێژووو زیرەوی ڕووداوەکانی گۆڕیوە • کتێبی «سەرمایە» جیھانی کردە دوو بەشی زۆر دژ بە یەك ، کتێبی «بنەچەی جۆرەکان» دەرگای مێشکی مرۆڤی والآ کردتا ڕەسەنی خۆی بزانێت چییە ، ئەمانەو گەلێکی تر • جا بۆچی تەنھا بەدەوری بابەتی ئەدەبەوە بخولێینەوەو لایەك لەم کتێبانە نەکەینەوە کە پێویستی قۆزغ پڕ ئەکەنەوە ؛ من کە وائەڵێم وەنەبێت ڕۆلی ئەدەب فەرامۆش بکەمو بە چاوێکی سووك سەیری بکەم ، بەڵکو ئەوەندە دەڵێم کە ئەمیش دەیەوێتو ئەویش دەیەوێت • با چیتر درێژەی نەدەمێو بێمە سەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی ئێستا لەبەر دەستانایە «فاشیزمو خوێنی گەلە چەوساوەکان» • ئەم کتێبە لە ڕاستیا سێ بەشی جیا لە یەکترەو ھەریەکەیان ڕووداوێکی قۆناغێکی مێژوویی جیا لەوانی ترە . بەڵام لە ناوەڕۆکدا لەسەر مەسەلەیەکی سەرەکی یەك دەگرنەوە کە ئەوەیان مەبەستی منە • بەشی یەکەمیان لە کورتەیەکی مێژووی ئەلمانیا ، ئنجا چۆنیەتی سەرھەڵدانی فاشیزمو فەلسەفەی فاشیزم ، پاشان سیاسەتی ھتلەرییەکان بەرامبەر گەلانی ستەم دیدەی جیھان دە دوێ • بەشی دووەمیان کۆمۆنەی پاریسە ، پێویست ناکات لێرەدا زۆر لەسەری بڕۆین ؛ ئەوەندە ئەڵێم کە کۆمۆنەی پاریس یەکەم دەوڵەتو دەسەڵاتی چینی کرێکار بوو کە لە قۆناغێکدا سەری ھەڵدا ململانێی نێوان چینی سەرمایەدارو چینی کرێکار گەیشتبووە لوتکە، بەڵام چ بەھۆی ئەو ھەڵانەی کۆمۆنە کردی ، وە چ بە ھۆی پێنە گەیشتنی ھەلومەرجی ئەوسای فەرەنسا ،ئەم دەوڵەتە پاش حەفتا

ڕۆژ حوکم کردن رووخا ، چینی سەرمایەداری ڕق ئەستوور لە بری واونانەکەیاند ( هەروەك لە دواییدا لێی‌دەدوێین ) تۆلەیان لە چینی کرێکاری شاری باریس کردەوە ، ئەوەندەیان لە خەڵکی ئـەم شارە خۆراگرە کوشت کە خۆرزگارکردن لە لاشەی کوژراوان گەورەترین گیروگرفتی سەرمایەداران بوو دوای تەواوبوونی شەری ناوخۆ .

لە کۆتایی کتێبەکەدا ووتارێکمان نووسیووە لەسەر ئەو رژێمـە ڕەفتار فاشی‌یانەی ئەمرۆی جیهان کە رێبازی هیتلەریان گرتووە ، وە چەند نموونەیەکمان لەسەر ئەو رژێمانەی ئەمرۆی ئاسیاو ئەمریکای لاتیـــن هێناوەتـەوە .

ئەوەی ئەم‌سێ بابەتە بە یەکەوە دەبەستێ درندەیی‌و پیاوکوژی‌و دزی‌و جەردەیی‌و تالآن‌کردن‌و کاول کردنە لە لایـەن چینی سەردەستـــەوە بەرامبەر چینی ژێردەســت .

با لەمە زیاتر لەسەری نەرۆین ، لام وایە باسەکە لە شوێنی خۆیدا چاکتر روون کراوتـەوە .

**فەرهاد هەمزە محەممد**

**١٩٨٤/٧/١٥ کەرکوك**

## ئاوڕدانەوەیەك لە ئەڵمانیا تا هاتنی نازی یەکان

ئەڵمانیا تاساڵی ١٨٦٠ وولاتێکی پیشەسازی کەمپێشکەوتوو بووو کشتوکاڵ پەڵوپۆیەکی باشی هەویشتبوو ، نیوە گەل بە کشتو کاڵەوە خەریك بوون ، تەنها سێیەکی دانیشتوان نەبێ بە پیشەسازی وپیشەگەری یەوە خەریك بوون ، بەرهەمی کشتوکاڵی ٦٠٪ ی بەرهەمی گشت شمەك (بضائع)ەکانی پێك دەهێنا . تا ساڵی ١٨٦٠ ئەڵمانیا لە پیشەسازی دا لە پلەی چوارەم بوو دوای بەریتانیاو فەرەنساو وولاتە یەکگرتووەکان . بەڵام ئەم باردۆخە هەروا نەمایەوەو گۆڕانێکی باشی بەسەردا هات . ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٣ ئەڵمانیا خۆی گەیاندە پلەی دووەمی وولاتە پیشەسازی یەکان لەدوای وولاتە یەکگرتووەکانەوە ، بەریتانیش لە پلەی سێهەم وفەرەساش لەپلەی چوارەم دەکەوتن . لەم ساڵەدا بەرهەمی پیشەسازی ئەڵمانیا پێنج قات زیادی کرد ، ئەم بازدانە گەورەیە لە پیشەسازی دا وای لە ئەڵمانیا کرد کە ببێتە یەکێك لەو وولاتانەی سەرمایەیان دەنێرنە دەرەوە ، لەم بارەیەوە پلەی سێهەمی داگیرکرد دوای بەریتانیا وفەرەنسا . بەڵام ئەم پەرەسەندنە چەند خاڵێکی کزی و لاوازی لێوە دەرکەوت لەوانە :-

(١) کەم‌وکوڕی لە کەرەسەی خاو : لە سالی ١٩١٣دا ئەم خالە بە چاکی خۆی ئاشکرا کردو کەمی نەوت‌و مس‌و قەصدیرو نیکل‌و کتوگردو ئاسن بە روونی دیار بوو .

(٢) کەمی بازاڕ : بە هۆی خێرا پێشکەوتنی ئەلمانیا لە پیشەسازی‌دا وئەو بەرهەمە زۆرەی بە سەریدا مابۆوە بۆ بازارێك دەگەڕا کە زیادەی بەرهەمەکانی لێ سەرف بکات . هەر گەڕان بە دوای بازار بوو ، هەر چاوچنۆکی حوکمدارەکان بوو ، هەر چاوتێبڕینی سامان‌و سەروەتی گەلانی جیهان بوو ئەلمانیاو وولاتانی تری خستە ناو کورەی شەڕێکی مال ویرانکەری جیهانی‌یەوە ، ئەو کورەیەی چەندین ملیۆن مرۆڤی ئەم سەر زەمینەی بە هەلاوی خۆی هەلپروکان . جەنك لە ئەنجامی هیوا بڕانی شەڕکەران لە دانانی چارەسەرێك لە رێگەی ئاشتی یەوە پەیدا دەبێتا . هەروەك موتسی تۆنگ دەلێت :

« جەنگ درێژکراوەی سیاسەتە بە ئامرازی تر ... کاتێك سیاسەت بۆ قۆناغێکی دیاری کراو، پەرەدەستێنی ، بە جۆرێك ذکرێت چیتر بە ئامرازە ئاسایی‌یەکان پەرەی پێ بدرێ ، ئەوسا جەنگ هەلدەگیرسێت تا کۆسپەکانی بەردەم سیاسەت تەخت بکات ... ئەو کاتەی کۆسپەکە تەخت بوو ومەبەستر سیاسی جەنگەکە هاتەدی جەنگ کۆتایی پێ‌دێت ... وە ئەگەر بە تەواوی ئەو کۆسپە لەناو نەچوو پێویستە شەر بەردەوام بێ تا بە بەواوی مەبەستی دێتە دی ».

بەهۆی جەنگەوە شارستانی لە بەرزترین ئاستی رەووشتی‌یەوە دائەبەزێتە نزم‌ترین ئاست . بە هۆی جەنگەوە دەیان و سەدان شار

دەسوتێترێ و ئافرەتو منالو پیرو پەککەوتە دەکوژرێ • ئــەو کارەساتانەی لە جەنگەوە سەر هەلئەدا تەنها زیانی ماددی نایێت بەلکو کاریگەری خۆی دەگەیەنێتە دڵو دەروونی ئادمیزاد ••• متمانەیــان نامێنێتو خەوە زێرینەکانیــان هــەرەس دێنێ ، ئــەو خەونانــەی فەیلەسووفەکانو دەستی چاکەخــوازان بنیاتی ناوون • لینیــن دەلێ « جەنگ قۆناغێکە لە قۆناغەکانی سەرمایــەداریو ناکرێ خــۆی لێ بپارێزرێ » • گەلی ئەلمانیا تالیو سوێری زۆری شــەری یــەکەمی جیهانی چەشت ، هیچ خێزانێك نەبوو یەکێکیان لە جەنگی بەرەکاندا نەبێت ، تەنانەت ئافرەتانیش ناچاربوون زۆربەی کاتیان لــە کێلگــەو فابریقەو هۆکارەکانی هاتووچۆو خزمەت گوزاریو خەستەخانەکاندا بەکارکردن بەسەربەرن ، لە کارگەی ئازووقەو شۆستەی رێگاوبانەکاندا کاریان دەکرد ، کەس نەبوو گیروگرفتی کەم خواردەمەنی قورقوراگەی نەگرتبێ ، بە بیتاقە برێکی کەمی خواردەمەنیو جلو بەرگو پێلاویان دەدرایێ • گەل برسێتیو سەرمای زستانو بلاوبوونەوەی پەتا بــە جۆرێك تەنگی پێ هەلچنیبوو کە بە هەر نرخێك بێت ئاشتیو رێکەوتن قبوول دەکەن • بەلێ شەر بە دۆرانی ئەلمانیاو شکانی دەولەتە پیرو نەخۆشەکەی عوسمانی کۆتایی هات • لە ١٨ی ینایری سالی ١٩١٩ لە هۆلێکی رازاوەی کۆشکی فرســای ووتووێژی ئاشتی دەستی پێکرد • لەم کۆنفرانسەدا لایەنە شەرەکەرەکان بەشداریان کردو لــە کۆتاییدا پەیماننامەی فرسای مۆرکرا کــە ئەمەش چەنــد خالێکی گرنگیــەتی :ــ

(١) لێسەندنی برێك زەوی لە ئەڵمانیا بە جۆرێك هەرێك لە دەوڵەتە سەر سەرکەوتووەکان شتێکی باشی لێ بەر ئەکەوت •

(٢) موحاکەمەکردنی قەیسەری ئەڵمانیا موحاکەمەکردنێکی ئاشکرا بە تاوانی سەرپێچی کردنی عورفی دەوڵەتی ، وە دەبێت ئەڵمانیا تاوانباری شەر بداتە دەستەوە •

(٣) بژاردنەکان « التعويضات » •

ئەڵمانیا بەرپرسیارە لە هەموو ئەو زیانانەی لە هاوپەیمانەکان کەوتوو ، وە پێویستە لیژنەیەك تەرخان بکرێ بۆ چاودێری کردنی تواناى ئەڵمانیا لە دانی ئەم هەموو پارەو پووله •

(٤) نابێت لەمەودوا سوپای ئەڵمانی لە سەد هەزار چەکدار زیاتر بێت، هەروەها پێكهێنانی هێزی ئاسمانی لە ئەڵمانیا قەدەغەیە •

(٥) دابرینی ناوچەی (ئەلزاسو لۆرین) وچەند ناوچەیەکی تر لەئەڵمانیا • بەم جۆرە ئەڵمانیا نزیکەی دەیەکی دانیشتوانی لە دەست چوو، بەشێکی گەورەی زەوی‌زاری خۆی لە دەست کرایەوەو ژمارەی سوپاو چەکی دیاری کرا •

پەیماننامەی فرسای بە نیسبەت ئەڵمانیا کارەساتێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا بۆ گەلی ئەڵمانیا هێنا •

لەو کاتەی هتلەر سەربازێکی ئاسایی سوپای ئەڵمانی بوو بۆ نیمارکردنی چاوی کە لە شەڕ بەر کەوتبوو لە نەخۆشخانە پاڵی دابۆوە هەواڵی شکست هێنانەکەی ئەڵمانیای پێگەیی ، ئەم هەواڵە کاریگەری

کردە سەر پاشماوەی تەمەنی ژیانی و ئەواتەی خۆیان دایە دەستــەوە بە خائینی نیشتمانی لە قەڵەم دان •

بالێرەوە بێینە سەر باسی هتلەر ، ئەو هتلەرەی لە دایك بووی شارێکی نەمسایە • هتلەرپێش ژمارەیەك گۆڕان لە ژیانی خۆی هەڵقورتانــدە ناو گێرمەوکێشەی سیاسەتەوە ، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٩ چووە ریزی پارتی کرێکارانی ئەڵمانیاوە • توانی لە نیسانی ١٩٢٠ نــاوی پارتەکەیان بکات بە پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی نشتمانی ئەڵمانی یان پارتی نازی • هەر لەو ساڵەش خۆی بوو بە سەرۆکی پارتەکە ، ئیتر لەوە بەدوا هتلەر بۆ ناساندنی خۆی بــە گەلی ئەڵمانیا رێگــەی دوانبێژی (الخطابة) گرتەبەرو بە هۆی دەنگــە زولاڵەکەیەوە توانی ناوی خۆی بە ناو جەماوەردا بڵاوبکاتەوە ، هەروەك خۆی دەڵێت :ـ

« بەهۆی کۆرە خولی‌یەکانەوە توانای قسەکــردنم پەیداکــردو فێری هونەری دوانبێژی جەماوەربــووم ، فێری هەست جــــوولا ندنی خــەڵکی بـــووم » •

پارتەکەی هتلەر جگە لە دوان بۆ رۆشن کردنەوەی مێشکی گــەل بایەخیان بە دەکردنی بڵاوکراوەو بەیاننامە دەدا ، تیایدا رای پارتیان سەبارەت بە رێکەوتننامەی پاریس‌و هۆکارەکانی داگیرسانی شــەڕ دیاری کردبوو • هتلەر سەبارەت بە بایەخی دوان‌دان دەڵێت «ئێمە بەڵگەی زەقمان هەیە کە ووشەی دەنگ‌دار بەرزترە لە ووشەیــەکی نووسراوو ناتوانرێ فەرامۆش بکرێ» • نازی‌یەکان لافیتە و ئاگاداری نامــەی رەنگ سووریان هەڵبژاردبــوو ، وە ئامانجیان لەم کــارە

گێچەڵ کردنە بە چەپڕەوەکان ، تا وایان لێبکەن ئامادەی کۆرەکانیان بن یابەمە بەستی شێواندن و ئاژاوەنانەوەش بێت ، چونکە هتلەری یەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان لە ناو چەپڕەوەکانـدا لـەم ڕێگەیە بەولاوە هیچی چاکتریان بەدی نەئەکرد . لـە ساڵی ۱۹۲۳ هتلەر ئارەزووی کودەتا دای لە کەللەی سەری ، بەڵام سەرنەکەوت و لە بەندیخانە توندکرا . موحاکەمەکردنی هتلەر بـووە ، هـۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی خۆی و حیزبەکەی بە ناو خەڵکدا . هتلـەر ئەو ماوەیەی لە بەندیخانەدا بوو هـەروا بە بای نەدا ، بەڵکو لـــە نووسینەوەی کتێبە بە ناوبانگەکەی «تێکۆشانم» بەکاری هێنـا ، ئەم کتێبەهەروەك ئاشکرایە ستراتیجیەتی هتلەری تیا تۆمارکـراوە وسەچاوەی هەموو بیرو ڕاو کردەوەیەکیەتی . هتلەر دوای بەرەڵلاکردنی نە بە بدیخانە ، لە چەند هەڵبژاردنێکدا خۆی پاڵاوت ، بـەڵام لـە هەڵبژاردنەکاندا دەرنەچوو ، تا ەی ئاياری ساڵی ۱۹۳۳ ئەوەبـوو پارتی نازی لە هەڵبژاردندا سەرکەوت و کوتەکی حوکمی گرتە دەست .

### فاشیزم چۆن سەری هەڵـدا

لەو ڕاستیيانەی تا ئێستا بۆ مێژوو ساغ بۆتەوە ، ئەوەیـە کـە ئایدیولۆژیەتی فاشیزم ڕاستەوخۆ لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمـەوە سەری هەڵنەداوە ، بەڵکو لە پێش شەڕدا بە ماوەیەکی زۆر گەراکانی خۆی دانابوو ، بەڵام ناشبێ ئەو ڕاستیيە لە یاد بکەین ئەگەر ئـەو هۆکارانەی دوای شەڕی جیهانی یەکەم نەبوونایە ، ئەوا ئەو گەرایانە نەئەترووکان و بێکاریگەر ئەمانەوە . بۆ زیاتر سەلماندنی قسەکانمان

ئەوە دێنینەوە بیری خوێنەر کە دوا بەدوای جێبەجێ‌کردنی یەکێتی ئەڵمانیا لەسەر دەستی کەڵە پیاوانی وەکو (بسمارك) ، بەرهەمی پیشەسازی ئەڵمانیا بەرزبووەوەو دانیشتوان ڕووی لە زیادبوون ئەکرد . فەرمانڕەوایانی ئەڵمانیا لەوە بەدوا دەستیان کرد بەهێنانەدی خەوەکانیان کە بریتی بوو لە خستنەپاڵ‌و فراوانکاریدا . پیاوە سەربازی‌یەکان بەخەیاڵی دەست بەسەردا گرتنی جیهانەوە دەنووستن . فەیلەسوفەکانیشیان لە پێش هەموویانەوە (نیتشەو برونشکە ) پلانی فەلسەفی فاشیزمانەیان بۆ دائەڕشتن وە لایەنی مافی هێزداریان لە دەست‌گرتن بەسەر بێ‌هێزدا ئەگرت .

ساڵی (١٩١٤) لە ئەنجامی ململانێی تەواوی وولاتانی ئیمپریالیزم لە سەر خاکی گەلان ، ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساو ملیۆنەها لاو بوون بە سووتەمەنی شەڕەکە . سەرەنجامی شەڕ لە بە رژەوەندی هاوپەیمانەکاندا بوو ، وە ئەڵمانیاو لایەنگیرەکانی شەڕە ئیمپریالیستەکەیان دۆڕاند . لێرەدا ئەو هۆکارە ڕێخۆش‌کەرانەی کە گەرای فاشیزمیان تروکاند ، لەگەڵ ئەو شێوازانەی گرتیەبەرو ئەو دروشمانەی کە بەرزی کردبووەوە دەخەینە ڕوو :-

(١) گەلی ئەڵمانیا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە ئەو دەردە سەری‌و نەگبەتی‌یەی کە تووشی هاتبوون ، هۆیەکەی ڕژێمی سەرمایەداری بوو کە ئەو شەڕە درێژخایەنەی هەڵگیرساندبوو ، بۆیە تەواوی چینەکانی ژێرەوە لێی بێزار و وەڕس بوون ، تا کار گەیشتە ئەو

ڕادەیەی لە سالی (١٩٢١)دا ڕاپەڕینی چینی کرێکارانی ئەلمانیــا ڕوویدات ، بەلام لەبەر چەند هۆیەك زوو خامۆش و سەرکوت کرا • ئەمە لە لایەك وە لە لایەکی ترەوە ئەو هەلوێستــە خیانەتکارانــەی پارتە سۆشیال ــ دیموکراتەکانی ناو نێونەتەوەیی دووەم نواندیان ، لە هێزو بازووی چینی کرێکارانی لاواز کرد ، چونکە ئەم پارتانــە لە جیاتی ئەوەی شەڕی جیهانی یەکەمیان بقۆزتایە وەو بیان کردبایــە بە شەڕی ناوخۆی نێوان چینی کرێکارو سەرمایەدار ، بۆ ئــەوەی ڕەگ و ڕیشەی سەرمایەداری وولاتەکەیان هەلکەندبایــە ، کــەچی هەریەکەیان بەناوی بەرگری لە نیشتمان چوونە پال حوکــومەتــە ئیمپریالیستەکانیان ، هەروەك (ستالین) لە کاتی خۆیــدا ووتی :ــ «سەرکەوتنی فاشیزم تەنها بەلگەی لاوازی چینی کرێکار بەهــۆی خیانەتی سۆشیال ــ دیموکراتەکانە وە (کە ڕێگەیان بۆ هاتنــــی فاشیزم خۆش کرد ) نییە ، بەلکو لاوازی بۆرژواش دەگرێتەوە ، کە نەیتوانی بەهۆی پەرلەمانی کۆن و دیمرکراتی بۆرژواشەو بێنــە سەر تەخت ، لەبەر ئەوە لە سیاسەتی ناوخۆیاندا پەنایان بــردە بەر ئامرازەکانی حوکومەتی تۆقانــدن » •

گەلی ئەلمانیا دوای تێكشکاندنەکەی شەڕی جیهانی یەکــەم ، بەدوای جۆرە حوکمێك ئەگەڕا کە متمانــەی پێبکرێ و بتوانــێ شوێنەواری شەڕ بکوژێنێتەوە • یەکێتی سۆڤیــەت لــە جێگــەی خۆیەوە ئەیویست ئەلمانیا بەرەو خۆی کێش بکــات و ڕژێمێکــی (مارکســیزم ــ لینینزم)ی بۆ دابمــەزرێنێ کــە چینی پرۆلیتاریـا ڕابەرایەتییان بکات ، وە لە ئەنجامدا ئەلمانیا بکــرێ بەدەولەتێکی

کۆمۆنیستی چونکه (واته یەکێتی سۆڤیەت) هەستی بە بێزاری گەلی ئەلمانیا کردبوو لە دەست رژێمی سەرمایەداری جیهانی وە ئەیزانی کە چ ئەشکەنجەیەك ئەچێژێ بە دەست ئەو رژێمە سەرمایەدارەوە • بەڵام بۆرژوا لە کۆمۆنیستەکان زیاتر فێڵبازو وورپاتربوون ، وە زیاتر بایەخیان بە هەلومەرجی نوێ ئەدا وەرێگەی خۆسەپاندنی چاکتریان بۆ ئەو رۆژگارە دائەرشت ، وە توانییان سەرلەنوێ خۆیان لە بەرگێکی تردا بخەنە پێشچاو نەتەوەی ئەلمانیاو بە ناوی فاشیزمەوە هاتنە مەیدانو کەوتنە باسی رزگای و ئازادی بۆ خەڵك •

(٢) سۆشیالیستی نیشتمانی (واتە فاشیتەکان کە شێوەکی تری سەرمایەداری یە ) یەکەم بنکەی سیاسی خۆیان لە تێو ئەو گیروگرفتە ئابووری یانە بەدی کرد ، کە ئەلمانیا گیری پێوەی خواردبوو ، لە تێو کلۆلیو کەساسیی جەماوەردا کە بێکاری یەکی زۆر بە ناویاندا تەشەنەی کردبوو ، هەروەها لە دۆشداماني پارتە کۆنەکان (تەقلیدیی یەکان) چ بۆرژوا یاخود پرۆلیتاریا لە چارەسەرکردنی ئەو تەگەرانەی لەو گیروگرفتانەوە سەری هەڵدابوو • ئەو هەلومەرجە سیاسی یانە کە سۆشیالیستی نیشتمانی گەیاندە سەر تەخت ، جیاواز نەبوو لە هەلومەرجی ئابووری •

سۆشیالیستی نیشتمانی هەمیشە بە زمانی کلۆلو بێکارەوە لە سەختی ژیانو داماوی یاندا دەدوا •

(٣) رێکەوتننامەی ڤێرسای کە گەلی ئەلمانیای تووشی قەرزو قۆلەو نووشستی یەکی زۆر گەورە کردبوو ، هۆیەکی تری لاوازی

گەلی ئەڵمانیا بووو هیتلەرییەکان قۆزتیانەوە .

سۆشیالیستی نیشتمانی وەکو بزووتنەوەیەکی نارەزایی دژ بە ڕێککەوتن نامەی ڤرسای‌و دژی ئەوانەی مۆریان کردبوو دەستی پێکرد ، هەروەها تەعبیریشی لە یەکێتی ئەکرد ئەو یەکێتی‌یەی کە تا ئەو کاتەش هەر نەچەسپابوو .

چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ کە شەیدای ئەو داواکاری‌یانە بوون ، وەڵامدانەوەیەکی بەپەرۆشیان ئەنجامدا بەرامبەر فاشیستەکان، ئەوەبوو هەر لە بۆرژوای بچووک‌و مووچەخۆران‌و بازرگانە بچووکەکان‌و جووتیارەکانەوە .... هتد بێ‌ووچان دەچوونە ڕیزەکانیەوە ( واتە ڕیزی فاشیستەکان ) . بەم جۆرە پارتی نازی لەگەڵ پارتە کۆنەکاندا کەوتە بەربەرەکانی‌یەوە نەك ناکۆکی، ئەوەبوو هەندێ ڕێکەوتن‌نامەی لەگەڵدا بەستن ، تا ئەوەبوو نازی‌یەکان توانی‌یان سەرنجی هەمووان بەرەو خۆیان ڕابکێشن ئامانجی هتلەر لەم بوارەدا دووبارە پێکهێنانەوەی سوپایەکی ئەڵمانی بەهێزبوو کە لەگەڵ ئامانجەکانی بۆرژوای گەورەدا بگونجێ ، نەك بۆ دووبارە گەشەکردنی پیشەسازی‌یە قورسەکان ، بەڵکو تاکو ببێت بە داردەستێك بۆ پەلاماردانی بازارەکانی دەرەوە کە پیشەسازی ئەڵمانی زۆر پێویستی پێ هەبوو .

سۆشیالیستی نیشتمانی دەنگدانەوەیەکی تایبەتی‌یان لە ڕیزی جەماوەردا (واتە جەماوەری کرێکاران) بیستبوو ، ئەویش لە ئاکامی سستی سەرکردەنیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان یان دۆزینەوەی

چارەسەر بۆ کێشەکانیان • لە ڕاستیـدا سۆشیالیستی نیشتمانـی پەیڕەوی بەرنامەیی دیماغۆجیانەی ئەکرد بۆ کێش کردنی لایـەنـە نوێیەکانی ناو پرۆلیتاریای ئەلمانی ، ئەو لایەنانەی کە لە کاتی شەڕو دوای شەڕدا هەر بە پرۆلیتاریایی مانەوە • بـەڵام بەهـۆی بوونی سروشتی بۆرژوای بچووك تیایاندا ، هەر بە بەستراوی بە دروشمەکانی نەتەوەیی‌و مولکداری تایبەتەوە مانەوە ، کـە ئەمـەش لە لایـەن سۆشیالیستە نیشتمانی‌یەکانەوە (بە پێچەوانەی پارتە پرۆلیتاریی‌کانەوە) بەردەوام بەرگری لێ‌ئەکـرا •

(٤) بەرزکردنەوەی حەماسەتی نەتەوەیی گەلی ئەلمانیا ، لەبـەر ئەوەی گەلی ئەلمانیا گەلێکی شەڕ دۆڕاو بوو ، زیاتر بە پیری ئـەو ڕێبازەوە ئەچوو کەبانگ ڕاهێشتنی نەتەوایەتی‌یان ئەکرد • گومـان لەوەدا نی‌یە کە ووتەی ( ڕەگەزی ئاری ) لەنـاو چیـن‌و توێـژە جۆربەجۆرەکانی گەلی ئەلمانیادا ، زۆر لایەنگیرو ئەندامی بۆ پەیدابوو بوو • جگە لەمانە دابڕانی هەندێ هەرێمی زۆر بە پیتی ئەلمانیـای کردبوو بە بیانوویەك بۆ ورووژاندنی حەماسەتی نەتەوایەتی گـەل • بەکورتی نازیی‌یەکان ئەیان زانی چ دروشمێك بەرزئەکەنەوە کـە لەگەڵ ئامانجی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی بـەشێکی گرنگی گەلـــدا بگونجێ • فاشیزمەکان ووشەی زۆر قەشەنگ‌و بریقەداریان بەکـار ئەهێنا ، وەکو :ـ ڕاپەڕینی نەتەوایەتی ، سەرکەوتنی لاوان کۆتایی پێ‌هاتنی لیبرالیزم ، ئەنتلکتوالیزم [1] هەنگاوێکی پێشکەوتن‌خوازانە بوو بەرەو ڕژێمێکی ڕێك‌وپێك‌و هاوسەنگ • فاشیزم هەر دەمـەی

(١) واتە شێوازەکانی رۆشنبیران ( اساليب المثقفين )•

به بەرگێك خۆی دەڕازاندەوەو خۆی خۆشەویست دەكرد ، دەمێك بە بەرگی سۆشیالیستی بەرگری لە مافی كرێكاران ئەكرد ، دەمێكی‌تر بە بەرگی نیشتمان پەروەرێتی ودەمارگیری ئایینیو ڕەگەزی خۆی دەردەخست • لە ٢٥ی شووباتی سالی (١٩٢٠)دا نازییەكان بەیان‌نامەیەكی (٢٥) خالی‌یان دەكردو تیایدا لە یەكگرتنی ئەلمانیاو نەژادی خوێنی ئەلمانیو بنیات‌نانی سوپایەكی نیشتمانیو سۆشیالیستی دەدوا •

(٥) فاشیستەكان پرۆپاگەندەیان بە هۆكارێكی گرنگی كێش‌كردنی جەماوەر دادەنا ، هەر لەبەر ئەوە شێوازو ڕێگا نەما بەكاری نەهێنن ، هەروەك (دكتۆر غۆبلز)ی وەزیری پرۆپاگەندەی (هتلەر) ئەلێ :ـ «پرۆپاگەندە تاقە ئامانجێكی هەیە ، ئەویش كێش‌كردنی جەماوەرە ، وە هەموو ئەو هۆكارانەی خزمەت بەم ئامانجانە دەگەینن ، لەم ڕووەوە پەسندن » ، (هتلەر)یش دوای دەسەلات گرتنە دەست دەلێ: « ئەگەر ئۆتۆمبیلو فرۆكەو بلندگۆكان نەبوونایە ، نەمان دەتوانی ئەلمانیا بەلای خۆماندا ڕابكێشین• ئەم هۆكارانە وای‌لە سۆشیالیستی نیشتمانی كرد كە جەنگێكی دڵخۆشكەر بگێڕێو لە كۆتاییشدا دوژمنەكانمان داپلۆسی ، چونكە گرنگی هۆكارەكانی پرۆپاگەندەیان هەلنەسەنگاندبوو كە ئەبوو هەڵبسەنگێنرێن » •

وەزارەتی پرۆپاگەندەی ئەلمانیا لە مەزنترینو ترسناكترین وەزارەتەكانی ئەلمانیا بوو • نووسەری ئەمریكی ( مەكەنزی ) گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی كە سالی (٢٠) ملیۆن جونەیهی لێ‌سەرف دەكرا • ئەركی ئەم وەزارەتە بریتی بوو لە نەخشەو پیلان‌دانان لە

دەرەوەی ئەڵمانیا لە ڕێگەی قونسۆڵییەکانیەوە • وەزیری پرۆپاگەندە (غۆبلز)مافی سزادانو دەرکردنو گواستنەوەی فەرمانیەرانی دەزگاری (سلکی) سیاسیو قونسولی هەبوو ، ئەگەر لە کاری پرۆپاگەنـدەدا کەمتەرخەمییەکیان بنواندبایە• ڕۆژنامەنووسانو نووسەران ووتاریان دەنووسیو ،لایەنی ڕووی تیڕوانینی ئەڵمانیایان دەگرت • ڕێگەی دووەمی پرۆپاگەندە بریتی بوو لە بەکارهێنانی ئەو ئەڵمانیایانەی کە لە وولاتانی تردا دەژیان ، بەجۆریك لە هەر وولاتێك (٥٠) ئەڵمانی یان زیاتر هەبوون وە پێویست بوو لـە سەریان کە لقێکی پارتـــە فاشییەکەیان دابمەزرێنن وە نەخشەی بلاوکردنـەوەی پرۆپاگەنـدە داڕێژن • لە ناوخۆی ئەڵمانیاشدا دەبوایە هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەکو ڕۆژنامەو کتێبو سینەماو نواندنو چیرۆکو وشیعرو ئەدەبو گۆرانیو بەرنامەکانی ئێستگە ، خزمەتی ڕژێمی فاشی بکردبایە •

(٦) فاشیستەکان زۆر ژیرانە توانییان دەست بەسەر گەنجینەی پاشەڕۆژ (واتە لاوان) بگرنو بەرەو خۆیان کێشیان بکەن • هــەر لە سالی ١٩٢١ ـــ ١٩٣٣ (هتلەر) زۆر بەشانو بالی لاواندا هەلی ئەداو وەبەرزی ئەکردنەوەو ئەیووت :ـ « ئێمە پێش هەموو شتێك ڕوو لە سوپای لاوانی ئازای ئەڵمانی ئەکـەین ••• ڕۆژێك دێت کـە لاوانی ئەڵمانیا ئەبن بە ئەندازیاری دەوڵەتی تـازە » • (غۆبلز)یش ووتافی لێدەدا وەك «ئەو شۆڕشەی کە پێی هەڵسایـن ، زۆربـەی بەهۆی کاری لاوانی ئەڵمانی بوو»، «لە ئەڵمانیادا لاوان حوکمدارن»•

(٧) نازییەکان لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاریاندا لەگەڵ گەلی ئەڵمانیادا

خاوەن فەلسەفەو ڕێبازی رەگەزپەرستانەی تایبەتی خۆیان بوون کە مەبەستی کێش کردنی سۆزو عاتیفەی گەلی ئەلمانیا بوو. فاشیستەکان بۆ هاندانی خەلکی بۆ جەنگ ، فەلسەفەیەکی سەیریان دارشتبوو تا وا لە جەماوەر بکەن جەنگیان لا خۆشەویست بێت ، بۆیە جەنگیان بە هێزێکی پێویست بۆ نوێکردنەوەی سروشت دەزانی . جەنگیان نەك بە تەنها بناغەی دینامیکی زیندوو دەزانی، بەلکو بە سەرچاوەی مەبدەئی مرۆڤایەتیان دەزانی . « جەنگ قوتابخانەی پالەوانێتی‌و پەرەسەندنی گیانی دۆستایەتی‌یە ، هەستی نەتەوایەتی بە مرۆڤ دەبەخشێت » .

جەنگیان بە پیشەنگی ژیانی مرۆڤی بەجەرگ دەزانی . لە جەنگدا مرۆڤی ئازاو ترسنۆك دەردەکەوێ . (هانس کارۆسا)ی نووسەری فاشی نووسیویەتی :ـ « دەبێت بڕێکی زۆر لە خوێن لەم سەر زەوی‌یە بڕێژرێت ، ئەگینا مرۆڤ ناتوانێت نیشتمانی خۆی لێ دروست بکات » . ئەوەی شایانی باس بێت ئەوەیە کەژمارەیەك لە کەلەنووسەرانی ئەلمانی بۆ خزمەت کردنی بیروباوەڕەکانی هتلەر خۆیان تەرخان‌کردبوون‌و وە لە نووسینەکانیاندا باسی خوێنی پاکی ئەلمانیاو ڕزگاربوون لە جوولەکەو پەلاماردانی بەلشەفی‌و داگیرکردنی جیهانیان بۆ کردبوون . (جێرهارد شۆمان) لە ڕاگەیاندنێکیدا ئاشکرای کرد :ـ «کە ئێمە مستەکۆلەی سەرۆکین» . (دیتریش ئیکارت) کە لە سالی (١٩٢٣)دا مردووە ، ووتوویەتی :ـ «بەرەو هەلمەت بردن ، بەزمو هەلمەت‌بردن هەنگاو بەرن ! لە بورجێکەوە

بۆ بورجێکی تر زەنگ لێبدەن ؟ .... » . ئەم ووشانە تەئسیرێکی تەئەئنەت خۆشیان ئاخنیی بووە ناو سروودە نەتەوایەتییەکانەوە ، هەروەك لەم سرودەدا هەتووە کە هانی لاوان ئەدات بۆ قوربانیدان لە پێناوی دەولەتێکی نوێدا :ــ «ئەگەر لاوانی ئەلمانی بە ووشەی هتلەر ڕاچەنین ، ئەوا هەموو شتێك لەیاد بکەن وەك باری کۆمەڵایەتیو پیشەو ڕەسەنو تەئەنەت ئایینو پەروەردەبوونیشتان ، بەڵام هەرگیز ئەلمانیا لەیـاد مـەکـەن » .

(٨) ووشـــەی (زەوی ئـەلمانیـــا = Deutsch Land بیوو پەیکەرێك کە سەرانسەری گەل کڕنووشیان بۆ ئەبرد . کاتێك هتلەر ئەم ووشەیەی لەدەم ئەهاتە دەر گیانی ئەلەرزی ، ووتارەکانیشی بیوو بە وەعز بۆ خەلکی هەر وەك لەم قسانەدا ڕوون دەبێتـەوە :ــ «ناتوانم خۆم لە باوەڕی گەلەکەم جیابکەمەوە ، ئەو باوەڕەی کە ئەم گەلەی پێ ڕائەپەڕێ ؛ وە ناتوانم خۆم لە خۆشەویستی ئەم گـەلـە جیابکەمەوە کە گەلی خۆمە ، وە لەو باوەڕەم کە ئـەو ساتە دێت کـە ملیۆنەها پیاو دەبینین (ئەوانەی دوامان کەوتوون) دوای ڕایخی نوێی ئەلمانیا ، ڕایخی مەزن ، شەرەفو هێزو دادپەروەری کەوتوون » .

هەروەها پرۆفیسۆر ( هویـر Hauer ووتاف ئەداو ئەلێ :ــ «ڕاستی خوایی گەلو مێژووو نەتەوەیە» ئەمانەی سەرەوە کە باسمان لێکردن ئەو هۆکارو دروشمو هەلومەرجە گونجاوانە بـوون کـە ئەلمانیای فاشییان کرد بە دەولەتێك کە توانی بەرەنگاری زۆر لـە دەولەتانی جیهان ببێتەوە هەرچەندە لە کۆتاییدا ، ئاگری جەنگەکەی خۆی سووتاندو گۆڕبەگۆڕی کـرد .

## ئایا فاشیزم شۆرشێکی کۆمەلایەتی تیا بەدی ئەکرێ ؟

فاشی‌یەکان دوای هاتنە سەر تەخت ، لافی ئەوەیان لێ‌ئەدا گوایە داخوازی لە شۆرشێکی کۆمەلایەتی دەکەن بۆ بنیات‌نانی جیهانێکی نوێ‌و بەجۆرێکی نوێ • بەلام ئایا ئەم لاف لێدانە واقیع لایەنگیری بێ‌دەکرد ، یان فێلێکە جەماوەری پێ هەل‌ئەخەلەتێنن ؟

ئەگەر تاوێك بچینە ناخی مێژووی کۆنەوە ، ئەوا زۆر بە چاکی درۆو دەلەسەی فاشیەکانمان بۆ دەردەکەوێ •

(شۆرشی کۆمەلایەتی) یاخود (کودەتای کۆمەلایەتی) تەنها مەبەست گۆرینی دەستەی فەرمانرەوایەتی نی‌یە ، بەلکو مەبەست گۆرانێکی بنەرەتی کاروباری ژیانی کۆمەلایەتی‌یە لە هەموو روویەکەوە • بە بزووتنەوەی پەرەسەندنی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەووترێ شۆرشی پیشەسازی ، چونکە بووە هۆی گۆرانێکی جەوهەری لەژیانی گشتی‌و شێوازەکانی حوکم‌و پێوەرەکانی کۆمەلایەتی‌و بناغەی یاساکان وە کۆمەلی بەرزکردەوە بۆ پلەیەکی تری پێشکەوتن • بە بزووتنەوەی سالی ١٩١٧ی رووسیا دەووترێ شۆرشی ئۆکتۆبەر ، چونکە کودەتاکە بووە هۆی گۆرانی بناغەکانی ژیانی گشتی ، وە بۆ یەکەمجار دەولەتێکی چینی کرێکاران دامەزرا •

هەمان شت دەووترێ بۆ سەرهەلدانی رژێمی دەرەبەگایەتی لە مندالدانی رژێمی کۆمۆنەی سەرەتایی ، یا رژێمی سەرمایەداری لە دەرەبەگی ، یاسۆشیالیستی لە سەرمایەداری •

له (١٤)ی تشرینی دووهەمی سالی ١٩٣٣ (مۆسۆلینی)له دوواییَکدا ووتی :ـ «ئەمڕۆ بۆتان ئاشکرا ئەکەم کەڕژێمی سەرمایەداری کاتی بەسەردا چووه ••• ئیستا هەنگـاوی یەکجـارەکی رووەو شۆرش دەنیین ، شۆرشەکەش کاریگەر ئاییت ئەگەر شۆرشیێکی کۆمەلایەتی نـەبێـت » •

له ئیتالیا رژێمیێکی نەقابی پیێکهیێنرابوو که هیچ گۆراییکی بنراوی تیادا بەدی نەئەکرا ، چونکه مۆسۆلینی خۆی پیێش ئەوه خەلکی لەوه ئاگادار کردبۆوه که نەکەونه هەلەی جیاوازی نەکردن لـە نێـوان سەرمایەداری‌و بۆرژوا ، وه ووتی : «سەرمایەداری ڕوو له نەمـان دەکات ، بەلام بۆرژوا پێویسته بمێنێ وپارێزری » •

رژێمی نەقابی له٢١ نەقابه پیێکهاتبوو که مۆسۆلینی خۆی سەرۆـ کایەتی دەکرد ، وەتیایدا جیێگرانی سەرۆك‌و ئەندامانی پارتی فاشی‌و ئەو شارەزایانەی (کـه خۆی هەلبیژاردبوون) وه نوێنەرانی خاوەن کارگەکان‌و هەندێ له کرێکاران (که له ژێر چاودێـری پارتی فاشی دابوون)و له گەل چەند کەسایێکی نزدا بەشداری‌یان تیادا ئەکـرد • ئیشەکانی ئەنجوومەن بریتی بوون له :ـ لیێکۆلینەوەی ئەو یاسایانەی دەخرانه بەردەستی ، وه سازاندنی کرێکاران‌و خاوەن کارگەکـان، وه دانانی کرێ‌و چەند ئیشیێکی ترش• سەرەڕای سازدانی شاتۆگەری رژێمی نەقابی ، ڕژێمی سەرمایەداری هەروەك خۆی مایـەوه ، وه کرێکاران باری قورسی ژیانیان تۆزقالیێك سووك نەبوو •

## شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە فاشیزمی ئەڵمانیا

ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی یەی کە فاشیزم لە ئەڵمانیا بەرپای کردبوو ، هیچ جیاوازی یەکی بینراوی لەوەی هاوبیرەکەی (لە ئیتاڵیا) نەبوو ، وە ئەو شێوازو ڕێنوێنی یانەی کە دایانهێنابوون لەگەڵ پلەو پایەی ئەڵمانیادا دەگونجان .

لە ئەڵمانیادا لە جیاتی ڕژێمی نەقابی، (بەرەی کار)یان دامەزراندبوو کە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری پارتی نازی دا بوو . ئەرکەکانی ئەم بەرەیە برتی بوون لە دابین کردنو ئاراستەکردنی کرێکاران بە ماددیو مەعنەوی بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی یەکانی خاوەن کارگەکانو سەرمایەدارەکان . ئامانجی فاشی یەکان لەمەی کردیان سازاندنی بەرژەوەندی نەتەوایەتیو پاراستنی یەکێتی کۆمەڵایەتیش بوو ، بۆ ئەم مەبەستە هەرچی نەقابەو ڕێکخراوی کرێکاران هەبوون هەلوەشێنرانەوەو هەوڵو کۆششیان دەکرد تا گیانی بەدوژمن زانینی سەرمایەدارەکان لەدڵی کرێکاراندا هەڵبکێشنەوە وا لە کرێکاران بکەن چیتر چاو بە ئارەزووی ماددیدا نەگێڕنو بیر لە مەسەلەی گیانیو نەتەوایەتی بکەنەوە .

## سیاسەتو فەلسەفەی فاشیزم لە بوارە جیاجیاکانا

### (١) فاشیزمو چینو توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ :

فاشی‌یەکان پلانێکی زۆر ووریاو ووردیان بۆ سەرخۆش کــردنو فریودانی کرێکاران دانابوو ، ئەویش پلانی (حەماسەت هەڵساندن بە بــەزمو ڕەزم)ە .

کاربەدەستێکی فاشی بە ناوی «لی» دەڵێ :ــ «لە تواناماندا نی‌یە هیچ دەسکەوتێکی ماددی پیشکەش بە کرێکاران بکەین ، ئەڵمانیــا هەژارە ، تووشی شکستیو تەنگوچەڵەمە بووە ، هیچ بوارێك نەماوە تا چاوێك بە بەرزکردنەوەی کرێدا بخشێنین ، لەبەر ئەوە پێویستــە ئارەزووی ماددی لای چینی کرێکار کپو خامۆش بکرێتو چاوبڕنە بەرزی نەتەوایەتی » . فاشی‌یەکان کرێکارانیان لەسەر ئەو پرۆگرامە تایبەتەی کەخۆیان دایانڕشتبوون ، پەروەردە دەکرد کە بریتی بــوو لە خوێندنی پرۆگرامی پارتی نازیو مێژووی بزووتنەوەی نــازیو تیوری ڕەگەزو ، کاریگەری جوولەکە سەر مێژووی جیهان .

لەو نموونە خەیالی‌یانەی کە بە سەر چینی کرێکاراندا سەپێنرابوو ، ئەوەبوو ئەو پەیوەندی‌یەی کە کرێکاری بە سەرمایەدارو بەڕێوەبەری کارگەوە دەبەست ، پەیوەندی پەیڕەوی‌کەر بۆ پێشەوا بوو ، هەروەها

پیشەسازی سەرمایەداری پیشەسازی‌یەکی نیشتمانی‌یەو خۆ لەقەرەدانی تاوانێکی دژ بە بەرژەوەندی گشتی‌یە •

کرێکار نەی‌دەتوانی ئیشێکی دەستگیربێ ، بەهۆی دەزگایەکی تایبەتەوە نەبێت • ئەویش دوای ئەوەی ئەم مەرجە تایبەتی‌یانەی هەبووایە :ـ ئاری‌یەکی خوێن پاک بوایە ، بیروباوەڕی ڕاست ، ڕەگەز ئەلمانی ، مەیلی مەبدەئی سۆشیالیستی دیموکرات یا کۆمۆنیستی یا بیری نەقابەی نەبێت ، هەروەها کاربکات بەپێی ئەو مەرجانەی کە خاوەن کارگەکان بۆی دادەنەن •

بەختی جووتیاریش هیچ لە بەختی ڕەشی کرێکاری برای چاکتر نەبوو ،سیاسەتی (پارتەکەی هتلەر) بەرامبەر جووتیار لە (٣) مەبدەئەوە هەلقولابوو :ـ خۆبەستن بە کارە تایبەتەکەیانەوە ، مانەوەیان لە پارێکی تایبەتدا ، جێگیربوونیان لە شوێنێکدا • بۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاسای کۆنەپەرستانەیان دارشت • ئەوەی خەیالو بیری فاشی‌یەکاندا دەهاتو لەسەر جووتیارەکان پێویستیان کردبوو ، زیادکردنی ڕۆلەکانیان بوو تا نەتەوەی ئەلمانی خاوەن سوپایەکی وابێت بتوانێ ڕاسپاردەکەی خۆی لە ژیاندا بەجێبگەیەنێو دەست بەسەر جیهاندا بکێشێ ، وە لە سەر جووتیار پێویست بوو دەست‌گیرۆیی نەتەوە بکات بە نانو خواردن •

نازی‌یەکان دەیانویست دەستەیەکی هەلبژاردەیان لە ڕۆلەکانی چینی فەرمانڕەوا ودەست بکەوێ ، ئەوانەی هیچ هەستێکی مرۆڤایەتی‌یان نی‌یە ، بەلکو تەنها خاوەنی ئەو باوەڕەن کە مافی حوکم

کردنیان هەیە ، چونکە لە ڕەگەزی هەڵبژاردەن • وە سوورپوون لە سەر ئەوەی کە دەبێت جڵەوی حوکم هەر بە دەستی خۆیانەوە بێت و هیچ بەزەیی و دڵسۆزیەك بەمێشکیاندا نەیەت • بەڵام جگە لەم «دەستە هەڵبژێرراوە» کە پاشماوەی خەڵکی دەگرێتەوە تەنها بۆ کارکردن و قوربانیدان و پێڕابواردن خوڵقێنراون • ئا ئەمەیە مانای شۆڕشی کۆمەڵایەتی ؟ ئەو شۆڕشەی کە فاشیەکان چاریان بۆ لێ ئیەدا •

فاشیزم چۆن بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دادەنرێ ، کاتێك دژی مەبدەئەکانی شۆڕشی فەرەنسی بووەستێ ، هەروەك غۆبلز دەڵێ :ـ «پێویستە ساڵی ۱۷۸۹ ـ ساڵی ئاشکراکردنی شۆڕشی فەرەنسی لە مێژوودا بسڕڕێتەوە »• مۆسۆلینیش دەیووت :ـ «ڕێنوێنیەکانی فاشیزم بەربەرەکانی هەموو تیورەکانی ساڵی ۱۷۸۹ دەکات » •

«فاشیزم کاردانەوەی بزوتنەوەی شێتەکانی سەدەی هەژدەیە » • ڕۆزنبرگی فەیلەسوفی گەورەی نازیش دەڵێ :ـ «ڕۆژی ۱٤ی تەمموز ـ ڕۆژی باستیل ـ بە نیشانەیەکی ڕەووشت نزم دەمێنێتەوە » •

لەسەر ئەم بنچینەیە فاشیزم هەموو ئازادیەکی ڕادەبڕین و کۆبوونەوەو هەرچیەکیتر کە پەیوەندی بە شۆڕشی فەرەنسی و دیموکراتی کۆمەڵایەتیەوە هەبووە قەدەغەکرد • ئامۆژگاری پیاوەکانی دەکرد کە «لە کەس نەبوورن» •

لە ووتارەکانیاند ڕایاندەگەیاند کە «لەمەودا جگە لە نازی هیچ

بیروباوەڕێکی‌تر نایێت، هەموو گفتوگۆیەکیش لە بارەی پەیوەندی‌دار بە ڤەوارەی کشتی‌و نەتەوە قەدەغەیە ، هەر کەسێکیش گومـان لـە چاك‌کردنی تێڕوانینی نازی دەربیڕێ ئەوا تاوانی خیانەتی نیشتمانی کردووە » • لەبارەی ئافرەتیشەوە فاشیزم دەڵێ :ـ «هەموو دایکێك دەبێت ئاواتە خوازی ئەوەبێ لەگەڵ یەکەم سەیرکردنی منالەکەیـدا ، تروسکایی شەڕ لە چاوی‌دا ببینێ » •

بەلای فاشی‌یەکانەوە جیهانی ئافرەت تەنها مالەوەیە ، وە ئەرکی لە ژیاندا بریتی‌یە لە هێنانی سەربازو خزمەت‌کردن لە چێشتخانە • هتلەر دەڵێ :ـ «پارتەکانی‌تر زۆر بانگەواز بۆ جێبەجێ‌کردنی یەکسـانی ئافرەت دەکەن ، بەڵام پرۆگرامی نازی دەربارەی ئافرەت تەنها یـەك کار دەگرێتەوە ئەویش منالە • ئەگەر پیـاو گەورەترین قوربانی لـە گۆڕەپانی جەنگدا بەخشێ ، ئـەوا گۆڕەپانی تێکۆشانی ئافـرەت ژانی منال بوونە » •

(٢) فاشیزم‌و سۆشیالیستی :ـ

فاشیستەکانی ئەلمانیا ناوی (سۆشیالیستی نیشتمانی) یان کردبووە ناونیشانی خۆیان ، لانی ئەوەیان لێ‌دەدا گوایـە دەیانەوێ جەشنێکی نوێی سۆشیالیستی بۆ گەلی ئەلمانیا بهێننەدی ، کە لەگەڵ خاسیەتە نەتەوایەتی‌یەکانی‌دا بگونجێ‌و بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکانی مسۆگەر بکـات •

هەموو ئەزانین کە سۆشیالیستی چۆنەو چۆن نی‌یـە ، هەمـوو ئەزانین لە سۆشیالیستی‌دا ئامرازەکانی بەرهەم‌هێنان مولکی گشتی‌یە، ئامانجی بەرهەم‌هێنانیش دابین‌کـردنی پێویستی‌یەکانی کۆمەڵـە . تاوەکو ڕاستی فاشیزممان بۆ ئاشکرابێت با بڕوانینە مەبەستی فاشیزم لە ووشەی سۆشیالیستی ، بزانین ئامرازەکانی بەرهەم‌هێنان چۆنـەو قازانج دەچێتە گیرفانی کێوە .

هتلەر دەڵێ :ــ «خاوەن کارەکان ــ واتە سەرمایەدارەکان ــ بە کۆشش‌و بازووی خۆیان ڕووەو لووتکە ڕێگەیان بڕیوە، سەلماندوویانە کە لە ڕەچەڵەکێکی نایابن ، لە سایەی ئەوەوە مافی پێشەوایەتی‌یان هەیە» . (فیدر)ی جێ‌متمانەی نازی‌یەکان لە کاروباری ئابووریـدا دەڵێ :ــ

«هەر سیاسی‌یەکی ژێر چاك دەزانێت جێ‌بەجێ‌کردنی سۆشیالیستی بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی داڕمانی ئابووری‌و مایە پـووچ بوونی تەواوی دەوڵەت » .

لە ووتارێکیدا بۆ خاوەن کارگەکان لە کانـوونی دووەمی ١٩٣٣ ووتبووی :ــ «پێویستە لەسەر دەوڵەت خۆی دوور بگرێ لە ڕقەبەری پیاوانی پیشەسازی‌و بازرگانی‌و هاوبەشی کردن لە کارەکانیان » .
هەر لە هەمان ووتاردا ووتی :ــ «وەڕس مەبن ، پرۆژەکانتان نابێتـە مولکی نەتەوە» . کەواتە مەبەستی نازی‌یەکان لە ووشەی سۆشیالیستی دەبێ چی‌بێت ، ئەگەر نەیانوێت کرێکار ئازاد بکەن‌و ئامرازەکـانـی

بەرهەمهێنان نەبێتەمولکی گشتی ؟. لەم قسەو ووتارانەدا دەردەکەوێ کە فاشیزم نایەوێت هیچ لە بناغەکانی ڕژێمی سەرمایەداری هەڵبکۆڵێ، تەنها مافی مولکدارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە سەرمـایەداران نادات و بەس ، بەڵکــو مافی پێشــەوایی کردنی بـەشی ئابووری و کرێکارانیشی پێبەخشیون . بواری ڕقەبەری ئابووری ( منافسة الاقتصادية ) پێداون ، ، کە ئەمەش دژوەستاێکی تـەواوی ڕژێمی سۆشیالیستی یە . کرۆب گەورەترین سەرمایەداری ئەڵمانیا بــوو ، کارگەکانی بۆ دروست کردنی چەك خستبووە گەڕ کرا بە پێشەوای کرێکــاران .

دیسانەوە لەو کارانەی ڕژێمی فاشی پێی هەڵساو لە بەرژەوەندی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی بوو ، تەسك کردنەوەی بــواری مانــەوەی کۆمپانیاو کارگەو خاوەن سەرمایە بچووکەکان بوو ، تەنها لە ساڵی ١٩٣٦ دەرگای ١٣٦ هەزار کارگەی داخست ، وە نەیدەهێشت هیچ پرۆژەیەکی ئابووری دابمەزرێنرێ ئەگەر سەرمایەکەی لە ٥٠٠ هەزار مارك کـــەمتر بێ .

فاشی یەکانی ئەڵمانیا دەسەڵاتی ئابوری یان نـابووە ژێــر چنگی «دەستەی نیشتمانی بۆ کاروباری ئابووری » کە لــە سەرمایەدارە ملیۆنێرەکان و خاون بانقەکانی وەك (کرۆب) خاوەن کارگەی چــەك و چەندینی تر پێك هاتبوون . کەواتە ڕێکخستنی ئابووری خرابــووە ژێر دەسەڵاتی پیاوە سەرمایەدارە مۆنۆپۆلەکانەوە .

با نموونەیەك بێنینەوە کە پەردە لەسەر فەلسەفەی فاشیزم لە بارەی سۆشیالیستیەوە لادەداو دەردەکەوێ کەبابی چەندە لودوویسی J.W. Ludowici نازی لەم ووتانەیدا ڕای (سکینلەر)و پاشماوەی نووسەری فاشیەکان دەردەبڕێو وای ڕادەگەیەنێ کە شارەکان جێگەو سەرچاوەی هەموو خراپەو کارەساتێکە چونکە بەهۆی شارەوە مرۆڤ لە ئاوو خاکی خۆی دادەبڕێو سۆزی بۆ نامێنێ. ئەو کرێکارانەی لە شاردا دەژینو لە گوندەکانیان دوورکەوتونەتەوە هەستی کۆمەڵایەتیو خۆشەویستی نیشتمانو وولاتیان نەماوە ، بەڵکو تەنها گوێ دەدەنە دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی خۆشی خۆیانو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان کە ئەمەش سەرجەم زیان بە نەتەوە دەگەیەنێتو ئەگەر هەروا بڕوا ئەوا خۆکوشتنی نەتەوایەتی بەدوا دێت .

ئنجا نووسەد دێت چارەسەری خۆی بۆ دەدۆزێتەوە ، وای بە باش دەزانێ کە ئەڵمانیای نوێ ، ئەڵمانیای فاشی متمانە بکاتە سەر کرێکارو جووتیار ، کرێکار بگەڕێتەوە سەر خاكو ئاو ، وە خۆیان بە دابو نەریتی زەوی‌یەوە ببەستن . ئەمەیە فەلسەفەی نوێ ، کۆنەپەرستترین فەلسەفەی سەدەی بیستەم . ئاهەقیان نی‌یە قینیان لەشار بێتەوە چونکە لە شار دەترسن ، لە شاردا هەموو جۆرە کەسێك کۆدەبێتەوەو رەخنە لە ژیانی خراپ دەگرن ، داوای گۆڕانی ژیان دەکەن ، داوای زانستو ئازادی بیروڕا دەکەن . ئەمانەش هەموو

دەوروبەرێکی خنکێنەر بۆ کۆنەپەرستی دەخولقێنن • فاشیزم دەیەوێت بە فەلسەفە کۆنەپەرستییەکەیەوە وا بە خەڵك نیشان بدات کە هەرچی ئێشو ئازاری مرۆڤ هەیە سەرچاوەکەی خراپی شارە نەك رژێمو فەرمانڕەوایان ، وە سەرمایەداری هیچ خراپەیەکی دەرهەقی مرۆڤایەتی نەکردووە ، بەڵکو هۆ هۆیەکەی شارستانێتییە ، زاڵبوونی ئارەزووی ماددییە بەسەر مرۆڤدا • سەرمایەداری هۆی کلۆڵیو داماوی کرێکار نییە ، بەڵکو هۆیەکەی هەر خۆیەتی کە داوای زیاد کردنی کرێو چاككردنی باری ژیانی دەکات ، کە ئەمەش بە زیان بۆی دەگەڕێتەوە ، دەبا بۆ چارەسەرکردنی ژیانی وەك جوتیار بکاتو خۆی بە دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە ببەستێ •

«هەق تەنها بۆ بەهێزە» ئەمەشیان فەلسەفەیەکی تری فاشیزمەو دەیەوێ بڵێ دزیو جەردەییو تاڵانکردن سونەتی ژیانەو هێزدارەکان هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە خۆیان پێوە خەریك کردووە • فاشیزمەکان بەم فەلسەفەیان نەك تەنها پارێزگاری لە سەرمایەداری دەکەن ، بەڵکو هەر تاوانێك سەرمایەدار دەیکات بە کارێکی ڕەوای دادەنەن ، چونکە هێزدارن ، جڵەویان بەدەستەوەیە • بەڵام بەزەییو دڵپیسوتانو کردەوەی ڕەووشت بەرزیو دەستپاکیو ڕاستگۆیی هەموو ئەمانە پەتی لاوازەکانن کە بێهوودە خۆیان پێوە گرتوون • ئەرێ دوای ئەمانەی وتمان دەکرێ بپرسین :—

ئایا دەکرێ سۆشیالیستی لە وولاتێکدا یا لە کۆمەڵێکدا جێبەجێبکرێ کە هەمووی گورگی نێو جەنگەڵەکان بنو پەیڕەوی شەریعەتی جەنگڵستان بکەن ؟! .

لای هەمووان ئاشکرایە کە سۆشیالیستی تەنها بەشی ئابووری ناگرێتەوە ، بەڵکو پەلوپۆ دەهاوێتە بەشەکانی تری ژیانیشەوە ، وەك یەکسانیو بە یەكچاو سەیرکردنی نەتەوەکان . بەڵام فاشیزمەکان پەیڕەوی فەلسەفەیەکی ئەوەندە ڕەگەزپەرستانەیان دەکردکە کردبوویان بە داردەستی سیاسەتەکەیان ، ئەویش فەلسەفەی «تیوری خوێن»ە . کورتەی ئەم تیورە بەم شێوەیە :ـ «گەلان دوو پۆلن ، گەلانێك خوێنیان پاکەو گەلانێك خوێنیان پیسە . گەلانی خوێن پاکیش لە دوو پلەدان : گەلی بەرزو گەلی نزم . ڕەگەزی جێرمان لە گەلانی بەرزی خوێنپاکن ، بۆیە بۆی هەیە ببێت بە خاوەنی جیهانو خوای شارستانی ، وە حوکمی گەلان بکات » .

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فەلسەفەی فاشیزم یەك ئامانجی هەیە ئەویش حوکمی بێپایانە . لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی فاشیزم بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستییەو سەرمایەداری دەپارێزێ ، وە هیچ مافێکیان بە سۆشیالیستی زانستییەوە نییە .

**(٣) نەتەوایەتیو فاشیزم :ـ**

نەتەوایەتی پەیوەندی بە سەرهەڵدانو گەشەکردنی دەوڵەتی نوێوە هەیە ، ئامانجی دروستکردنی قەوارەیەکە بۆ نەتەوە کە لە

کاروباری بابیەتی‌دا سەربەخۆ بێت • ئەم جۆرەیان بە نەتەوایـەتی ئازادی‌خوازو پێشکەوتووخواز دادەنرێ • بەڵام ئەو نەتەوانـەی دەیانەوێ لەسەر حیسابی نەتەوەیەکی‌تر وولاتیان فراوان بکـەن ئەوانە تۆوی سەلبیەت دەچێنن •

نەتەوایەتی ئەڵمانی لە جۆری دووەم بوو ، چونکە هەر لەسەرەتای گەشە کردنی‌یەوە مۆرکی دەمارگیری مەزهەبی پرۆتستانی گرت ، گەورە پیاوانیان وەك فیختەرو هیگڵو نۆڤالیس لافی ئەوەیان لێ‌دەدا کـە گـەلی ئەڵمـانی گـەلی هەڵبژاردەیە ، لەبـەر ئـەوە ئـەم نەتەوەیە لە دوایدا بووە کۆنەپەرستـرین‌و دەمارگیرترین نەتـەوە ، چونکە سەرمایەداری ئەڵمانی قۆناغی ئیمپریالیزمی نەبینی کاتێـك نەبێت کە بواری ئیمپریالیستێتی نەمابوو ، لەبەر ئەم هۆیە هاوکاری لایەنە ئۆتۆقرانی و دەرەبەگەکانی کرد بۆ ڕاوەستانی داخوازی‌یـە هەڵقوڵاوەکانی بزووتنەوەی کرێکاران‌و ئارەزووی دیموکراتیانـەی گەل ، تا بووە سەرمایەداری مۆنۆپۆلی تۆقێنەرو بەشێوەی نـازی دەرکەوت • هەمان شت دەووترێ بۆ ئیتالیا •

نەتەوایەتی سەلبی (هەروەك لە نازی‌یەکانـدا دەرکەوت) چەنـد ڕوویەکی هەیە ، یەکەم هەڵئەستێ بە نانەوەی دوژمنایـەتی گشـت گەلان‌و ئینکارکردنیان ، کارل شمت لـە جاڕدەرانی ئەم بیرەیـە • سامی‌یەکانیان بە بڵاوکەرەوەی فەساد دادەنا لەم جیهانەدا ، وە بوونی جولەکە سامی‌یەکانیان لە سنوری ڕەگەزی جێرمانی هـۆی ئـەو هەموو تاڵی‌و مل‌کەچ‌کردنەبووە کە ئەڵمانیا بینوویەتی ، لە بەر ئەوە

ساغی‌و سەلامەتی ئەلمانیا پێویستی بە زاڵبوون هەیە بەسەر ئەم جوولەکانەدا • نازی‌یەکان پەوەندی خوێن یان بە بناغەی نەتەوایەتی دەزانی ، پەیوەندی‌یەکانی تری وەك مێژووو زمان‌و داب‌ونەریت بە پەیوەندی پلە دوویان دائەنا ، چونکە پەیوەندی‌یان بە ڕەسەنەوە نیە • هەروەها لافی ئەوەیان لێ‌ئەدا کە ڕاستی‌یە نەتەوایەتی‌یەکان تەنها خوێن‌پاکەکان دەرکی پێ‌دەکەن ، ئەوانەی گیانیان تێکەڵبوونیان بەسەردا نەهاتووەو بیریان ئاژاوەی تێ‌نەکەوتووە • نازی لە ڕێگەی ئەفسانەی «پەیوەندی خوێن»ەوە گەیشتنە دوو مەبدەئی سەرەکی ، یەکەم :ـ بەرژەوەندی گەلی ئەلمانی تەنها خوێن پاکەکان دەرکی پێ‌دەکەن ، ئەوانەش پلە جیاوازن ، وە بەپێی پلەی خوێن پاکی‌یان مافی پێشەوایەتی‌یان هەیە • دووەم ئەوانەی بە مەبدەئەکانی نازی ( کە ڕەنگ‌دانەوەی بەرژەوەندی گشتی‌یە ) قایل نین ، ئەوانەی خوێن‌پیس‌و ئاژاوە کەوتۆتە بیریانەوە ، لەبەر ئەوە ئەوانە جێگەی کزی‌و مەترسین‌و هەڕەشە لە سەلامەتی نەتەوە دەکەن ، وە پێویستە بەندبکرێن‌و ئازار بدرێن • ئا بەم شێوەیە نازی‌یەکان ئەفسانەی «پەیوەندی خوێن»یان کرد بە ئامرازێك بۆ قەلاچۆ کردنی هەموو ئەو لایەنە بەربەرەکانی‌کەرانەی ناو ڕۆلەکامی ڕەگەزی ئەلمانی • فاشیزم نەتەوایەتی سەلبی‌یان تا دوورترین ڕادە قۆزتۆتەوە، بە ناوی نەتەوایەتی‌و پاك‌کردنەوەی ڕەگەزی جێرمانی لە ڕەگەزە نامۆکان هەڵسان بە کوشتنی دەستە جەمعی‌و قەلاچۆکردنی یەکجارەکی جوولەکەو ئزارو ئەشکەنجەدانی بەربەرەکانی‌کەران • لەمەوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە نەتەوایەتی سەلبی نەتەوایەتی‌یەکی ئیمپریالیستی کۆنە پەرستی دەست‌سوور بە خوێنەو فاشیزم بەرزتریك پلەیەتی •

**(٤) فاشیزم‌و دەوڵـەت :ـ**

فاشیزم لە سەر فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری‌کـراو بنیـات نەنراوە ، وە ڕێبازێکی نوێی ژیـان یا قۆناغێك لـە قۆناغەکـانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت ، بەڵکو دیاردەیەکە لە دیاردەکانی یاخی‌بوونی سەرمایەداری کۆنەپەرستی• هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە گەلێك تیووری‌و باس لە بارەی دەوڵەتـەوە داهێنـراوەو نووسراوە ، وەکو تیوری (مافی خوادیی) کە تیایدا مرۆڤی فەرمانڕەوا خاوەنی هەموو شتێکەو ئەوەی لەسـەر خەڵکی پێویستە بـە پیرۆز زانینێتی • وە تیوری (ئۆرگانیك) ، بەپێی ئەم تیورە (سەر) دەستەی فەرمانڕەوایەو هەموو فەرمانێکی لێوە دەردەچێ ، وە ئەوەی لە سەر پاشماوەی ئەندامەکان پێویستە درێژەپێدانی ژیانی سەرە • وە گەلێك تیوری تر کەزانستی نوێ‌دۆزیویەتی‌یەوە مەسەلەی دەوڵەتی بە چاکی تی‌کردۆتـەوە •

فاشیزمەکان نەیاندەویست سوود لە تیوورە نوێیە ڕاستەقینەکان وەربگرن کە پڕە لە بەڵگـەی ئاشکراکردنی هەڵـەی ڕاو بۆچوونی ئایدیالیستەکان لەبارەی کاروباری دەوڵەتەوە ، بەڵکو لەبـەر دوو مەبەست خۆیان بـە تیووری ئۆرگـانی‌و خودایی‌یەوە بـەست :ـ یەکەم هەرچەندە ئەم تیوورانە پڕوپووچن بەڵام خەڵکی زووتـر تێی دەگەن ، چونکـە بـەڕای فاشی‌یەکان خەڵکەکە هـەروەك باووباپیرانیان گێل‌و نەفامن‌و تەنها لە بیرە بەرجەستی‌یەکـان حاڵی دەبن • دووەم ئەم تیوورانە زیاتر لەگەڵ خواسـت‌و مەرامەکـانی فاشیزم دەگونجێن ، بۆ نموونە تیووری مافی خودایی خەڵك ناچـار دەکات بە تەواوی مل بۆ دەسەڵاتداران کەچ بکەن‌و دەوڵەت بە پیرۆز

بزانن ، وه له چینی فه‌رمانڕه‌وا یاخی نه‌بن • تیووری ئۆرگانیش چینی سه‌رمایه‌داری له‌لووتکه‌ی فه‌رمانڕه‌وایی داده‌ناو خه‌ڵکی بۆ به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی ئه‌وان به‌گڕده‌خات • غۆبلز ده‌ڵێت :ــ پێویسته ئه‌ڵمانیا یه‌ك ئامانج و پارت و بیروباوه‌ڕی هه‌بێت ، نه‌ته‌وه به ده‌وڵه‌ت بناسرێته‌وه» • ئاوه‌ها بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه که‌ئه‌و ده‌وڵه‌ته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ی فاشییه‌کان ده‌مانویست ئه‌وه‌یه چینی فه‌رمانڕه‌وا به ئاره‌زووی خۆی ڕه‌فتار بـه کاروباری کۆمه‌ڵ بکات • له ده‌وڵه‌تی فاشیزمدا شیعرو ئه‌ده‌ب و هه‌موو ڕه‌گه‌زه‌کانی تری ڕۆشنبیری ده‌بێت له خزمه‌تی ده‌وڵه‌تدابن ، هــه‌ر له سه‌ر ئه‌م بناغه‌یه ئازادی ڕۆژنامه‌گه‌ری و پڕۆپاگه‌نده له سنوری به‌رژه‌وه‌ندی ده‌وڵه‌تدا ده‌بێت • کرێکارو جووتیار هیــچ ئازادی و مافێکیان نه‌بوو ، ئه‌وه‌نده نه‌بێت که بۆیان ته‌رخان ده‌کرێ •

**(٥) تاك و به‌رژه‌وه‌ندی گشتی له فاشیزم :ــ**

ڕاو بۆچوونی فاشیزم واده‌گه‌یه‌نێت که کۆمــه‌ڵ قــه‌واره‌یه‌کی ئۆرگانی یه کگرتووو به‌رژه‌وه‌ند گونجاوه ، وه له‌و تاکانه پێك‌هاتووه که یه‌کێتی ڕه‌گه‌زو په‌یوه‌ندی خوێن کۆیان ده‌کاته‌وه •

له ده‌وڵه‌تی فاشیزم تــاك هه‌مــوو مافێکی که‌سایــه‌تی خــۆی لێ‌ده‌سه‌نرێته‌وه‌و ده‌کرێته ده‌سکه‌لای جێ‌به‌جێ‌کردنی به‌رژه‌وه‌نــدی گشتــی •

ده‌یه‌وێت وا بــه گوێی خه‌ڵکدا بچپێنێ که جیاوازی له نێــوان به‌رژه‌وه‌ندی تاك و کۆمه‌ڵ نی‌یه ، زۆرانیازی له نێــوان چینه‌کانــدا

نی‌یه‌و ئه‌مانه هه‌موو خه‌یاڵن • کۆمه‌ڵ یه‌ك به‌رژه‌وه‌ندی گشتی هه‌یه‌و ده‌وڵه‌ت‌له زمانی «پێشه‌وا»وه داخوازیی‌یه‌کانی ده‌رده‌بڕێ• نازی‌یه‌کان له‌م باره‌یه‌وه ده‌یان ووت :ـ « نه‌ته‌وه‌ی ئه‌ڵمانی ده‌وڵه‌تی ئه‌ڵمانی‌یه‌، ده‌وڵه‌تی ئه‌ڵمانیش پارتی نازی‌یه ، ئه‌م پارته‌ش له «پێشه‌وا» داچه‌سپاوه» کارل ئارنۆلد ده‌ڵێ :ـ «ئه‌وه‌ی هتله‌ری خۆش بوێ ، ئه‌ڵمانیای خۆش ده‌وێ ، ئه‌وه‌ی ئه‌ڵمانیاشی خۆش بوێ ، خۆشه‌ویستی خوایه» ئه‌م هه‌موو فشه‌و هه‌راو هووریایه هه‌مووی فریودان‌و ده‌ست‌خه‌ڵه‌ت دانه چونکه له ده‌وڵه‌تێکی چینایه‌تی‌وا چینی فه‌رمانڕه‌وا هه‌ر به ته‌نها چاودێری چینه‌که‌ی خۆی ده‌کات‌و ناکرێ به یه‌کسانی سه‌یری هه‌موو چین‌و توێژه‌کانی کۆمه‌ڵ بکرێ • مه‌حاڵه له پارتیك له کۆمه‌ڵێکی دامه‌زراو له‌سه‌ر چینایه‌تی به‌رژه‌وه‌ندی کرێکارو سه‌رمایه‌دار ، جوتیارو ده‌ره‌به‌گ له‌یه‌ك کاندا به‌دی‌بهێنرێ • چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م مه‌سه‌لانه نێت که فاشیزم بۆی چووه، بالکو ته‌نها لابردنی جیاوازی چینایه‌تی ده‌کرێ‌و چینی سه‌رمایه‌دار نه‌مێنێ‌و هه‌رچی ده‌سه‌ڵاته له ده‌ستی بکێشرێته‌وه •

به‌ڵام لێره‌دا پرسیارێك ده‌که‌ین :ـ ئایا مه‌به‌ستی فاشیزم چی‌یه له نه‌هێشتنی تاکڕه‌وی له پێناوی مسۆگه‌ر کردنی به‌رژه‌وه‌ندی کۆمه‌ڵ ؟ ئایا ده‌یه‌وێت ڕژێمی سه‌رمایه‌داری (که جێگه‌ی تاکڕه‌وی سه‌لبی‌یه) لابیات ؟ یا ده‌یه‌وێت ده‌سه‌ڵاتی گه‌وره موڵکداران‌و ده‌ره‌به‌گه‌کان له‌ناو بیات ؟ یا ده‌یه‌وێت زاڵ بێت به‌سه‌ر چاوچنۆکی ئه‌و سه‌ربازه خوێنڕێژانه‌ی نه‌خشه‌ی قه‌ڵاچۆکردنی گه‌لان داده‌ڕێژن؟ نه‌خێر هیچ کام له‌مانه ناگرێته‌وه‌و مه‌به‌ستی قه‌ڵاچۆکردنی ئازادی کرێکارو جوتیارو بورژوای بچووك‌و خاوه‌ن‌بیره‌کانه ، هه‌رچی

ڕێکخراویان هەبوو هەلیوەشاندنەوەو لە هەموو شێوازێکی بەرگری لە مافی خۆیانیان بێبەشی کردوون ، سێدارەیـان بۆ چەقانـدوون ، بەرەو ئۆردوگاکانی بەندکردن ڕاپێچکران ، هاوژرانە ناو کوورەی شەڕێکەوە کە لە خزمەتی فاشی‌یەکان خۆیاندا بوو ، تا بالیان بەسـەر جیهاندا بکێشن •

## (٦) فاشیزمو چارەسەری بێکاری :ـ

لە پێش هەلگیرسانی شەڕی جیهانی دووەم ، هتلەر لە یەکێك لـە دووانەکانیدا لە بارەی کێشەی بێکاری‌یەوە بە شانازی‌یەوە ڕایگەیاند کە ژمارەی کرێکارە بێکارەکان لە ٦ ملیۆنەوە دابەزیوەتە سەر یـەك ملیۆنو سەرجەم کرێی کرێکاران بەرزبۆتەوە • ئەمە مانای چی‌یە ؟ مانای ئەوەیە ئاو کرێ‌یەی ٣کرێکار وەری‌دەگرت‌درا بە٤کرێکار،کەواتە بێکاری‌کەمی نەکردووە،بەلکو ئەو بێکاری‌یەی هەبووە دابەش هەرچی کرێکار هەبووە کراوە،بە مانای‌ئەو سەرمایەدارەی٣ کرێکاری پێویست بوو کرا بە ٤ کرێکارو تەنها پارەی سیانیان دەدات •

بەلام کە شەڕ هەلگیرسا ، بێکاری لە ئەلمانیا نەك هەر نەما ، بەلکو پێویستی بە دەستی کرێکارانی وولاتانی هەبوو ، تا ناچـار بـوون ڕۆلەی وولاتانی تریان بە زۆر ڕاپێچ دەکرد لە کارگەکانی ئەلمانیـا ئیش بکەن • کەواتە ئەو ڕێگەیەی ئەلمانیا خۆی لە بێکاری پێ‌دەرباز کرد نامرۆڤانەترین ڕێگەیەو لەم خالانەدا کۆدەبێتەوە :ـ

(١) بە سەرسازکردنی ١٠ ملیۆن پیاو لە سوپا (٢) بەسەربازکردنی

ژمارەیەکی زۆر کە لەوەی پێشوو کەمتر نەبوو بـۆ کارکردن لـە پیشەسازییە جەنگییەکان . کە ئەمانە کاری نابەرهەمهێنەرەو لـە کاتی ئاشتیدا ئەو بایەخەی نییە (٣) ناردنی ملیۆنەهـا کـەس لـە رۆلەکانی چینی کرێکار بۆ مەیدانەکانی کوشتار ، کە بـەو هۆیـە جێیلەیان لە کێلگەو رکارگەکان چۆل دەبوو .

## (٧) تۆقانـدن :ـ

لەو سیفەتە هەرە بەرزو بەناو بانگانەی رژێمی فاشیزمی پێ جیـا دەکرێتەوە ، تۆقاندنە . لە ئەلمانیا دەزگایەکی نهێنی پۆلیسی بەناوی « غستـپـۆ = Gestapo »وە بە سەرۆکایەتی جەنەرال هملەر دامەزرابوو کە هەموو گەلی ئەلمانیا زەندەقیان لێ چووبوو .

جەنەرال هملەر چەند تیپێکی تریشی بە ناوی (S'S') یا پاسەوانی رەش هەبوو، کە ئەرکیان پاسەوانی کردنیهتلەرو پاشماوەی سەرکردە نازییەکـان بـوو . هەروەهـا کوشتنو برینی نـاو لایەنـــە بەربەرەکانیکەکانیشیان سـزدەدا . ئەم پاسەوانانە لە ژیانێکی زۆر خۆشو پڕ شادی دەژیـان .

## (٨) زانستو ئەدەبو هونەر لە سەردەمی هتلەر :ـ

لە ئەلمانیا پڕۆپاگەندە بەسەر رۆشنبیری گشتیو زانستدا زاڵ بوو ، کەئەمەش وای لە زانکۆکـانی ئەلمانیـا کـرد چاکتریـــن مامۆستاکانی لە دەست بچێ ، هتلەر دەڵێ :ـ «زانستی رووت خزمەتی

ئەڵمانیا ناکات » • دەیەوێت زانست بۆ خزمەتی مەبەستەکانی نازی بێ‌و هیچی‌تر • ئا بەم شێوەیە دوای ئــەوەی چەندیــن مامۆستــای لێهاتوو خزانە کونجی گرتووخانەکانەوە تەنها لەبەر ئەوەی عستاپۆ تۆمەتیان لێ‌کردوون ، ئاستی رۆشنبیری‌و زانستی تەواو دابەزی •

فاشیستەکان دەیانویســت هونــەریش بۆ خزمــەتی کــردەوە چەپەڵەکانی خۆیان بەکاربهێنن ، هەروەك لەم ووتارەی هتلەردا کــە کە لە ۲۰ی تەمموزی ۱۹۳۷ لە ڕۆژنامەی «الزمن» بلاوکراوەتــەوە دەردەکەوێ :ــ«تەکعیبی‌و دادائی‌و ئینتیباغی(*) هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە گەلی ئەڵمانیمانەوە نی‌یە • ئەم ووشانــە نەکۆنــن‌و نــەتــوێ ، تەنها سەرلێ‌شێواندێکەو بۆ پیاوانی بێ‌بەش لە کارامەی هونــەری دروست کراوە • ئەمەوێت لەم ساتەدا دوابڕیارم ئاشکرا بکەم بــە ڕزگارکردنی ژیانی هونەری ئەڵمانی لەم ڕستانە ، هەروەك بە کردەوە لە بواری سیاسیدا کردم» • ڕۆژنامەی

(Reinisch - West Falische Zeitung)

لە ژمارە ٤٦٩ی ڕۆژی ۷ی کانوونی دووەمی ۱۹۳۷ نووسیبووی :ــ

«چەرخی سۆشیالیستی نیشتمــانی ناتوانێت لــە هونەرێکــی سۆشیالیستی نیشتمانی بەولاوە خاوەنی هیچی‌تر بێت• با ئەم مەبدەئە بنەڕەتی‌یە تــان پێ‌بڵێم : هیچ بوونــەوەرێکی مــرۆڤ ناتوانێــت پەیوەندی‌یەکی گەرم لەگەڵ دەسکەوتێکی هونەریدا پەیدا بکــات ئەگەر ڕەگەزەکانی سەر بە ڕەسەنی تایبەتی ئەو نەبێت • دەتوانین لە

(*) هەموو ئەمانە ڕێبازی هونەرین .

بەر ڕشنبیری یەکی گشتی ڕێزی داهێنانە هونەری یەکانی گەلانی تـر بگرین ، بەڵام لە کۆتاییدا بە نیسبەت ئێمە هەر ڕوون نابێت ، کـەم نەبێت کارمـان لێ ناکات ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێـزی خۆمـانی بـۆ دەردەخـەیـن »•

(٩) فاشیزمو یاسا دەوڵەتی یەکان :ـ

لە گرنگترین ئەو دەسکەوتانەی لـە بـواری پەیوەندی یـە دەوڵەتی یەکان بە دەست هێنراوە ، یەکسانی نێوان دەوڵەتە گەورەو بچووکەکانە • بەڵام فاشی یەکان هەموو ئەمانە دەخەنە ژێر پێوەو دەڵێن نابێت دەوڵەتانی گەورەو بچووك بەرامبەر یاساکانی دەوڵەتی یەکسان سەیر بکرێن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتانی بچووك مـافی وتوویێژی ئازادیان نیەو دەبێت لە ژێر ڕکێفو پارێزگاری هەتاهەتایی دەوڵەتە گەورەکاندا بـن •

لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەشدا فاشی یەکان هەتا بڵێی دوو ڕووو بێ شەرم بوون • هەتا بۆی کرا جوێنو قسەی فاشیرینی بە یەکێتـی سۆڤیەت ووتو هەردەمە باسی مەترسی بەلشەفی دەکرد ، بەڵام کـە جەنگ هەڵگیرسا ، پەیمانێکی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەست ئیتـر بە ڕووسیای دەووت دۆستی گیانی بەگیانی •

فاشی یەکان لە سەرووبانەوە هتلەر بە زمان هیچیـان نەهێشتبـووەو هەردەم باسی ئاشتیو یەکسانی یان دەکرد ، کەچی لە ژێرەوە نەخشەو پیلانی شەڕیان دادەڕشـت •

## هتلەرو چاو برینە خاکی گەلان

هتلەر هەر لەو کاتەی‌میوانی بەندیخانە بوود خەریکی نووسینەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی «تێکوشانم» بوو ، بیری چاوبرینە خاکی گەلان لە کەللەی دابوو هەر بە تەواتی ئەو ڕۆژەوە بوو کە سنووری ئەلمانیا لە سەر حیسابی گەلانی جیهان فراوان بکات . هتلەر لەو کتێبەیدا بەسی خستنە پالی خاکی ڕۆژهەلاتی دەکرد ، وە ئەوەی دووپات کردەوە گەلی ئەلمانیای شکۆمەند دەتوانێت ئەو زەوی‌و زارانە چ بە خۆشی‌و وە چ بە زەبری هێز بە خاوەن بکات ، دەلێت :ـ

« ئەو کاتە یاسای مل‌ملانێ لە سەرمان جێبەجێ دەبێت ، ئەوەی نەتوانرێ بە ڕێگەی دەولەتی بە ئەنجام بگەیەنرێ بە هێزی چەك جێبەجێ دەکرێ » .

هەروەها هتلەر لە پلانی سالی ١٩٣٧ دا ووتویەتی :ـ
«ئامانجی سیاسەتی ئەلمانی مسۆگەرکردنی ئاسایشە بۆ کۆمەلگای ڕەگەزپەرستی ، هەروەها پارێزگاری لێکردن‌و فراوان کردنیەتی» .

لە شوێنێکی تردا دەلێ : «بۆ چارەسەرکردنی تەنگ‌وچەلەمە لە ڕێگەی هێز بەولاوە هیچی تر نیە ، ئەم ڕێگەیەش هەرگیز خالی نابێت لە جەربەزەیی » .

پارتەکەی هتلەر پارتی شەرخواز کە بلۆتۆقراتیەتی [٢] ئەلمانی چەکدار رابەرایەتی دەکرد توانی ئەو بەرنامەیەی دانابوو تا دوا خالی

(٢) واتە حوکەی کەمایەتیە دەولەمەندەکان .

بەسەری بەرێتو ئەڵمانیـا نقومی داتەپین بکـات • هــەر لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە هتلەر لەسەر دوو بناغە رەفتاری دەکـرد هەروەك لــە کتێبەکەیدا هاتـــووە :ـ

(١) گواستنەوە لە سیاسەتی بازرگانی رابردوو بـۆ سیاسـتی ئیقلیمی پاشەڕۆژ ، ئەویش بە داگیرکردنی ووڵاتانی ڕۆژهەڵات ، کە ئەوەش مانای شەر فرۆشتنو بەرزبونەوەی رەگەزپەرستی دەگەیەنێت کە سەرەنجام گەلانی‌تری تێدا قەڵاچۆدەکرێ •

پیاوانی سیاسەت لە ئەڵمانیا پاکانەیان بۆ داگیرکردنو تاڵانکردن دەهێنایەوە ، رایان دەگەیاند کە ئەڵمانیـا گیروگرفتی دانیشتوانــی هەیەو کەرەسەی خاوی نیە ، لە بەر ئەوە مافی ئەوەی هەیە دەســت بەسەر ئەو زەوی‌یانەدا بگرێت دانیشتوا نی کەمەو کەرەسەی خاوی تێدایە ، چونکە ئەڵمانیا بۆی هەیە خۆی دراوان بکات تاوەکو بژێت•

(٢) هەڵوەشاندنەوەی هەموو مافە دیموکراتی‌یەکان ، وە داسەــ پاندنی توندوتیژی وتۆقاندن بەســەر گشــت هێزە پێشکەوتــوو خوازەکان ، هەروەها بنیات‌نـانی مەبدەئی سەرۆکـایەتی‌و حوکمی تروستو خاوەن بانق‌و گەورە لێپرسراوانی حکومەتی نازی •

هتلەری‌یەکان لە تەنها شەوێکدا گشت رۆژنامە کۆمۆنیستە کانیان داخست ، وە هەمان کاریان بە رۆژنامە سۆشیالیستی‌یە کان کــرد ، بەندی‌یەکانیان بێ‌بەرزیی‌یانە ئازار دەدوا هەندێکیان لە کاتی راکردندا

لەسێدارەدا ، مستەکوڵەیەکی وەهاشیان لە کەللەی چینی کرێکاردا کە ئیتر نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکـات •

زۆر لە ئەندامو سەرۆکەکانی سۆشیال دیموکراتەکان چوونە ڕیزی پارتی نازی ، هەموو بیرکردنەوەیەکی سۆشیالیستیانەیـان زینـدە بەچاڵ کرد ، هەروەها هەرچی پارتی هەلپەرستی لە ئەوروپا هەبوو تەفروتوناِی کـرد •

ئەوەبوو هتلەر لە ساڵی ١٩٣٩دا قسەی خۆی هێنایە کارو گەلانی ئەوروپـای تووشی دووەم کارساتی جەرگ بـڕ لە مێژوودا کـرد ، کارەساتی جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەو جەنگەی ٦٠ ملیۆن مرۆڤی تیاچوو ، جان جۆریس دەڵێت «سروشتی فاشیزم شەڕ لەگەڵ خۆیدا دێنێ هەروەك چۆن هەور باران لەگەڵ خۆیدا دێنی » • بەڵام ئەوەی مایەی شـادی‌یە ئەوەیـە شەری جیهـانی دووەم بـەگۆڕکـردنی کۆنەپەرسترین شێوەی سەرمایەداری کە فاشیزمە کۆتایی هات •

## هتلەرو جوولەكەو ماركسیزم

ئەو قەسابخانەیەی هتلەر بۆ جولەكەكانی ئەوروپای سازكرد لە مێژوودا بێوێنەیە لە دڕندێتی ، ئەوەی لەمەدا سەیرە هتلەر پاكانەیەكی زۆری بۆ كارەكەی كردووە • قینی هتلەر لە جوولەكە لەگەڵ حوكم گرتنە دەستدا دەستی پێنەكردووە بەڵكو هەر لەمناڵیەوە لە دەروونیدا چەكەرەی كردووە • وابزانم لە چاوپیاخشاندنێك بە كتێبەكەیدا تەواوی ئەو هۆیانەمان بۆ دەردەكەوێ كە هتلەر كردبووی بە بیانووی رەشەكوژییەكەی • هتلەر لەو كاتەی دانیشتوویەكی ئاسایی شاری «لانز» بوو هیچ هەڵوێستێكی خراپی بەرامبەر جوولەكە نەبوو بەڵكو بە مرۆڤی ئاسایی دەژماردن هەروەك خۆی دەڵێ :ــ ٤ ٥

«لە تەمەنی مێردمنالیدا جوولەكەكانی نیشتمانەكەم بە هاوولاتی دەزانی ؛ هیچ سەنگێكی گەورەم بۆ جیاوازی ئاینو نەریت دانەنابوو لە (لانز)دا هاوڕێیەكم سەرزەنشت كرد چونكە ئیهانەی قوتابییەكی جوولەكەی كردبوو تەنها ، لەبەر ئەوەی جوولەكەیە • ئەم تێروانینەم بۆ جوولەكە هەروەك خۆی مایەوە تا ئەو كاتەی گواستمەوە [فیانا]» •هتلەر لەمشارەدا گۆڕانێكی بنەرەتی بەسەر داهات بە تایبەتی دوای ئەوەی بینی هەرچی جوولەكە هەیە لەسووچێك یا بلێین لە گەرەكێكی فیانا دا كۆبوونەتەوەو تێكەڵاوی خەڵكی ناكەن • هتلەر دەڵێ :ــ «فیانا چاومی لە بەردەم دوو مەترسیدا كردەوە كە بێئاگابووم لە گەلەكۆمەیان لەسەر گەلی گەلمانی ؛ ئەو دوو مەترسیەش ماركسیزمو جوولەكە بوون » • ٦ ٧

« لەگەڵ رۆژاندا بۆم دەرکەوت کە هیچ کارێکی دوور لە ڕەووشت یا هیچ تاوانێکی دەرحەق بە کۆمەڵ نیە جوولەکە دەستی تیا نەبێت • توانیم کاریگەری [گەلی هەڵبژێراو] لە ژەهراوی کردنی بیری گەلو کۆچ کردنی چالاکیتیی پێوانە بکەم ، ئەویش بە سەر نجدانی چالاکی‌یەکانیان لە رۆژنامەکان لە گشت رووییەکی هونەرو ئەدابو نواندن • چرنووکی جوولەکە خۆی گەیاندبووە گشت ئەم مەیدانانەو بەسەریدا زاڵ ببونو مۆرکی خۆیانیان بەسەردا بڕیبوو • زۆربەی دانەرو بلاوکەرەوەو هونەرمەندان جوولەکە بوون• ٩/١٠ی دانراوەکانو بلاوکراوەو شانۆگەری‌یەکان تابلۆ هونەری‌یەکان کە پروپاگەندەیان بۆ مارکسیزم دەکرد لە دەستکردی جوولەکە بوون • زۆربەی سەر نووسەری رۆژنامە گەورەکان لە رۆڵەکانی [گەلی هەڵبژێراراو] بوون» • هەروەها ئەوەی قینی هتلەر ی بەرامبەر جوولەکە هەڵسان ئەوەبووکە هەموو مەبەستو ئامانجێکیان پارە کۆکردنەوە بوو • ئنجا هتلەر لە چارەنووسی گیتی دەدوێ ئەگەر جوولەکە دەستی بەسەردا بگرێت : «ئەگەر رێگە بە جوولەکە درا بە باوە رە مارکسیزمی‌یەکەیەوە کۆنترۆلی گشت گەلانی جیهان بکات ئەوا تاجەکەی چەپکێك لە تەرمی مرۆڤایەتی دەبێت • ئەوسا ئەستێرە گەرۆکەکان هەروەك ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر بە گەردووندا دەسوڕێنەوەو هیچ مرۆیەك لەسەر رووی زەوی‌دا نامێنێ• سروشت دەبێت بێ‌بەزەیی‌یانە تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن • بۆیە وا باوەر دەکەم کە بە بەرگری کردن لە خۆم‌دژی جوولەکە خەبات کردنە لە پێناوی بەرگری لە کاری پەروەردەگار » •

«لەگەڵ ڕۆژاندا زیاتر باوەرم بەوە هێنا کە هەر هەڵە یەکی سیاسی کە لێپرسراوانی ئەڵمانی لە کۆتایی سەدەی رابردوودا پێش شەری جیهانی یەکەم کەوتوونەتە ناوی ئەنجامی کارلێ کردنیانە لە ئامۆژگاری یەکانی خزمەتکارانی مارکسیزم لە جوولەکەو خاوەن بیرە دەروون کزەکان ، نانشتمان پەروەرەکان » • لەو کاتەی هتلەر سەربازێکی ئاسایی ئەڵمانی بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا وای تێبینی دەکرد کە مارکسیزمەکان هەوڵی کوشتنی گیانی نشتمانی‌و هەستی نەتەوایەتی لە دڵو دەروونی جەماوەردا دەدەن • ئەڵمانیا لە گەر مەی جەنگ‌دا بوو لەو کاتەی بە سەدانو بگرە بە هەزاران خەڵك بە تۆپو گوللە وەك گەڵای دار دەکەوتنە سەر زەوی ، لەو کاتەی برسێتی‌و قات و قڕی سەرتاپای ئەڵمانیای گرتبۆوە هتلەر وای تێبینی دەکرد کە هەرچی وەزیفەی مەدەنی هەیە بە دەست جوولەکەوەیە ، هەرچی سکرتێرە هەیە هەر جوولەکەیە ، وە هیچ پرشکێکی شەڕیان ناگاتێ وبە جۆرێك رادەبوێرن کە نەبا بوویێ‌و نەباران • لە رووی ئابووریشە وە ، هتلەر جوولەکەی یە جالجالۆکەیەك وەسف کردووە کە خوێنی گەلی ئەڵمانی دەمژێ ، بەڵام بە لە سەرخۆو هێمنی • «هەرچی ئابووری نەتەوەیی هەیە تێك‌وپێکیان داو گەلیان تووشی نەهامەتی‌یەکی گەورە کردو زۆربەی لایەنەکانیان خستە ژێر چاودێری سەرمایەی جوولەکەوە» •

هتلەر شکست هێنانی ئەڵمانیای لە جەنگ بە گەردنی جوولەکەو کۆمۆنیستەکانەوە گرێ‌دەداو سەرکردە جەنگی‌یەکان بە پاك‌و دڵسۆز دەزانێ ، بۆیە دەڵێت :ـ «دۆراندنی ئەڵمانیا لە جەنگ کارێکی خراپی

کردە سەر دوارِۆژی گەلەکەمان ، بەڵام ئەم دۆڕانە هـۆی سـەرەکی نەبوو ، بەڵکو ئەنجامی چەند هۆکارێکی تر بوو • ئەوانەی خۆیـان لێ گێل کردووە [مەیەستی مارکسیزمو جوولەکەکانە] بەرپرسیارن لەو شکستی‌یە چونکە هەرەس‌هێنانەکە بەرهەمی دەسیسەی ئەوانە بوو نەك ئەنجامی خراپ رەفتاری سەرکـردە سەربازی‌یەکان هـەروەك خۆیان ئیددیعا دەکەن • سوپا نەبەردەکەمان بەرەنگاری سوپـایەك بۆوە لە چەكو ژمارەوە لە خۆی‌بەرزتر بوو ، وە توانی بە یارمـەتی سەرکردە لێ‌هاتووەکانی بە درێژایی چوار ساڵ شـەر گەورەتریـن زیانیان لێ‌بـدات » •

پاش ئەمە هتلەر لە سیفەتە خراپو بەدەکانی جوولەکە دەدوێو هەرچی قسەی ناشریـن هەیە دەیداتە پاڵیان ، ئەوەتـا هتلـەر جوولەکە بـە کۆمەڵێکی درۆزن دەزانێ و درۆ بە سیفەتێکی جیاکراوەیان دەداتـە قەڵەم ، بۆیە ووتەی شۆبنهاوەر لە وەسفکردنی جوولەکەدا دێنێتەوە مەیدان کە دەڵێ :ـ «مامۆستای مەزنن لە هونەری درۆدا» • هتلەر کاتێك ئەم قسەیەی کردووە کە بینویەتی جوولەکەکان بـە درێژایی مێژوو بەرامبەر گەلی ئەڵمانیا هەر درۆزن بوونەو بە درۆکانیان لـە خشتەیان بردوونو تووشی ماڵوێرانیو سەرگەردانی کردوون •

لە شوێنێکی تردا دەڵێ :ـ «پێویستە لەسـەر بزوتنەوە کەمـان تێبگات کە ئەگەر جوولەکە راستی ووت ئەوا بۆ داپۆشینی فێڵێکی گەورەیە • وە هەر بوختیاتێك سەر چاوەکەی جوولەکە بێت ئـەوا شایەتی‌یەکی چاکە بۆ رەوشت چاکی لایەنگرانمان • هـەر کەسێـك جوولەکە قێزی لێ بێتەوە ئەوە چاکترین هاورێو هاوپەیمانمانە» •

سیفەتێکی خراپی تری جوولەکە کە ڤینی هتلەری بەرامبەر جوولەکە بە جۆش‌تر کرد ئەویش مەسەلەی سێکسە • هتلەر هەروەك خـۆی دەڵێ کە نەخۆشی زوهری بە تەوا وی بە ناو گەلی ئەڵمانیادا بڵاوبۆوە کە جوولەکەکان هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە بوونو مانای سێکسیان شێواند بوو ، وە شێوە شەرعیەکەی خۆی لە دەست دابوو ، چونکە جوولەکەکان کچەکانی خۆیانیان بەرەڵلا کردبووو کوڕانیان تووشی جۆرەها پەتای پیس ئەکردو چەندین مناڵ بە زۆڵی لە دایك ئەبوونو پاشان دەکوژران • جوولەکە کان ئەم کارەیان بـە بازرگانی‌یـەکی قازانج‌دار دەزانی •

ئنجـا سەرەکی نازی‌یەکـان دێت لـە فرتو فێڵی جوولـەکـە دەدوێو دەڵێ :ــ «جوولەکە لەوانەیە سەد زمان بزانن ، بەڵام لـــە بیرکردنەوەدا هەر بە جوولەکەیی دەمێنێتەوە» • هتلەر بۆیـە ئـەم قسەیەی کردووە چونکە «لەو کاتەی جوو لەکە روویان لە ئەڵمانیـا کرد بریاریان‌دا بۆ دواجار خۆیان بە نەتەوەی ئەڵمانیـەوە بلکێنـن بێ‌ئەوە ی تایبەتی‌یەکانی خۆیان وون بکەن ، ئـەوەی تەنهـا تیایدا ئەڵمانی بوون زمان بوو کە بە درێژای رۆژگار فێری بیون • لەمـەوە دەردەکەوێ جوولەکە گوێی نەداوەتە پارێزگاری کردنی زمانەکەی بەڵکو تەنها ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو کە خۆێنی بە پاکی بمێنێتەوە ، چونکە خوێن بناغەی رەگەزە • هیچ شتێك لە فێربوونی زمانی گەلێك لە گەلان ئاسان تر نیە ، بەڵام لێرەدا ئادەمیزاد بـە زمانێکـی نـوێ بیروباوەرە کۆنە کەی دەردەبرێ » •

«جوولەکە بە درێژایی ژیانیان لەگەڵ گەلی ئەڵمانیا وویستوویانە

به ژەهراوی کردنی خوێنی تاکەکان رەگەزا یەتی‌یان نزم بکەنەوە ، بۆ نموونە قوولەرەشەکانیان هێنایە [ریناینا] تا بە کاری بهێنن لە پیس‌کردنی گەلەکەمانو زاڵ بوون بەسەر بلیمەتی‌یەکەیدا ».

هتلەرلە ووبەیەکی تریدا جوولەکە بە ئاژاوەچی‌و گێرە شێوێن دەزانی‌و بەو جۆرە دەدوێ کە دەستیان لە گشت کودەتایەك هەبووەو لە هەموو کارەساتەکان کە مرۆ ڤایەتی هەژاندووە پرشیانی پێ‌نەگەیوە، وە بە بێ‌هیچ زەحمەتی‌و کارێك قەوارەی خۆیانیان پارا ستووە ، گیانی قوربانی‌دانیان تیا بەدی ناکرێ ، مانای هاوکاری نازانن تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دوژمنێکی هاوبەش روویان تێ‌دەکات یان هەست بە بونی نێچیرێك دەکەن ، هەتا بڵێی خۆپەرستن ، مشەخۆری گەلانن » . نازی‌یەکان کە نوێنەری سەرمایەداری مۆنۆپۆلی بوون بەم کارەیان وویستیان بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژن : یەکەم زاڵ بوون بەسەر سەرمایەدارانی جوولەکە ، وە فراوان کردنی سامانیان‌و زیادکردنی قازانجیان چونکە کۆسپێکی سەر رێیان‌و پێویستی بە تەخت کردن هەیە . دووەم : بێ‌بەش کردنی کردنی چینی ناوەراست‌و هەژاری جوولەکە لە کارکردن ، بەو پێیە زەبری تەنگ‌وچەڵەمەی بێکاری هەندێك کەم دەبێتەوە ، با تا سنوورێکیش بێت .

جگە لە جوولەکە هتلەر قینێکی زۆریشی لە مارکسیزم بووو تاوانی پیس پیسی بۆ هەڵدەبەستن ، وە بەوە تاوانباری دەکردن گوایە دەیەوێت گشت جیهان بخاتە ژێر دەسەڵاتی جوولەکەوە . هەروەك ئاشکرایە نازی‌یەکان هەتا بڵێی رەگەزپەرست بوون‌و جگە لە رەگەزی ئەڵمانی رەگەزەکانی تریان بە ژێردەستەی خۆیان دەزانی ،

ئەوەتا هتلەر لە بارەی رەگەزەوە ووتەکانی کارل مارکس دێنێتـــەوە بەرچاو کە دەڵێ گەلانی جیهان یەکسانن‌و هیچ جیاوازی‌یەکیان نیە، وە دەڵێ مارکس بۆیە ئەمەی ووتووەو کردوویەتی بە عەقیدەیـــەکی سیاسی تەنها لە بەرژەوەندی رۆڵەکانی رەگەزەکەی «جوولەکە» •

هەروەها دارمانی ئابووری نەتەوایەتی دەخاتە ئەستۆی مۆتۆپۆلە دەوڵەتی‌یەکان‌و دەسیسەی مارکسیزمەکان ، غۆبلز دەڵێت :ـ «ئێمە بەرەنگای مارکسیزم دەبینەوە نەك لەبەر ئـــەوەی بزوتنـــەوەیـــەکی کرێکاری‌یە ، بەڵکو لەبەر ئە وەی گێرەشێوێنی ئەم بزوتنەوەیەیە »• «ئێمە تاقە سۆشیالیستی کردارین لە ئەڵمانیاو ئەوروپا » •

ئنجا هتلەر بیر لە دەوڵەتی پاشەڕۆژ دەکاتەوە کە دەبێ چی‌بکاو چۆن بێت ، تا مەزنێتی ئەڵمانیا بهێنێتەوە دەست ، دەڵێ : «هەر لـــە یەکەم ساتەوە دەرکمان بەوە کرد کە گەلی ئەڵمانیا ناتوانێت بگەرێتەوە سەر پایەی پێشووی تا هەر حیسابێك هەیە لەگەڵ ئەوانەی بوونـــە مایەی روو خانی دەوڵەت پاکتاوتی نەکات • کـــەواتە گەلەکەمـــان بەهێزنابێ‌و ناتوانێت بە ئەرکی مەزن هەڵبستێ تا بە تە واوی بەســـەر دوژمنانی ناوخۆ زاڵ نەبێت لەپێش هەموویاندا جوولەکە »•

هەروەها لە کاتی باسی فەلسەفەو رێکخستنەکانی پارتەکەیدا لـــە چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتە رەگەزپەرستەکەی دەدوا کـــە ئـــەم دەوڵەتە دەبێت چۆن بێت‌و سەرەتایی کارەکـــانی چی‌بێت ، ووتی :ـ «یەکەم ئەرکمان دامەزراندنی هەیکەلی دەوڵەتە رەگەزپەرستی‌یەکە نیە بە ڵکو زاڵبوونە بەسەر دەوڵەتی جوولەکەدا چونکە مێژوو فێری کردووین هیچ سەختی‌یەك لە دامەزراندنی حاڵەتێکی نوێ نیە ، بەڵکو

له ڕێخۆش کردنی ئەم حاڵەتەیە، لەبەر ئەوە لەسەربازانی فیکرەکەمان پێویستە تێکۆشانی بێبچڕانەوەیان دەست پێبکەن بۆ لە ڕیشەهەڵکێشانی ئەم بارودۆخەی ئێستا » .

وێرای جوولەکەو مارکسیزمەکان هتلەر سلاڤەکانیشی خستۆتە ریزی جوولەکەوە بۆ پاکسازی کردن . بە ڕای ئەو جوولەکەو سلاڤەکان مرووڤ نین و مافی ژیانیان نیە ، تەنها کاتێك نەبێت کە جێگەی پێویست بن ، بە تایبەت سلاڤەکان بۆ کێڵاندنی زەوی و کارکردن لە کانەکان وەکو کۆیلەیەکی دەست ئەڵمانەکان .

هتلەر لە پێش ١٥ی تشرینی ساڵی ١٩٤٠ بڕیاری خۆی سەبارەت بە دوارۆژی چیکی یەکانەوە دابوو . لە بڕیارەکەدا هاتووە کە دەبێت زیاتر لە نیوەیان وەکو کۆیلەیەك بگوێز ڕێنەوە بۆ ئەڵمانیاو بلکێنرێن بە ژیانی ئەڵمانیەوە ، بەڵام نیوەکەی تر بە تایبەت ڕۆشنبیرەکانیان دەبێت قەڵاچۆ بکرێن . هتلەر لە ڕێنوێنی یەکانیدا دەڵێت :ــ

« پۆڵەندی یەکان تەنها بۆ هەڵسان بە کاری پڕوپووچ دروست کراون ... هیچ دەرفەتێکی پێشکەوتن لە پێشیاندا نیە . وە بە پێویستی دەزانم کە هەر لە ئاستی ژیان نزمی لە پۆڵەندە بمێننەوە ، وە ڕێگە نەدرێ ئەم ئاستە بەرز بێتەوە ... پۆڵەندی نەتەوەیەکی تەوەزەلن ، وە چاکوایە بێگاری یان پێ بکرێ ...وە پێویستە لەسەرمان وەکو سەرچاوەیەك سوود لە حوکمڕانی پۆڵەندە وەربگرین بۆ زامن کردنی کرێکاری ئاسایی ناپسپۆر ... لە توانامان دا هەیە بە پێی پێویستی رایخ ئەوەندە کرێکار لە هەموو سا ڵێکدا لەوێ کۆبکەینەوە » .

له شوێنێکی تردا دەڵێ :ـ «پۆلەندی یەکان تەنها سەروکێکیان هەیە ئەویش ئەڵمانە ، وە نابێت دوو سەرۆك شـان بە شانی یەکتـر دابنیش • لە بەر ئەوە دەبێت گشت رۆڵەکانی چینی هەڵبژێـرراوی پۆلەندی قەڵاچۆ بکرێ • هەر چەندە لەم ووتەیەدا هەنـدێ تونـد وتیژی تیا بەدی ئەکرێ ، بەڵام بڵێین چی یاسای ژیانە [٣] » •

ئەوەی لە سیفەتی هتلەردا ڕوون بوو راستگۆیی بوو بەرامبـەر قسەکانی چونکە ئەوەی کاتی خۆی دەرحەق بە هەر کەسێك ووتیووی، لە کاتی فەرمانڕەوایی و کوتەك گرتنە دەستدا جێبەجێی کرد •

---

(٣) شای ئێرانیش (محمد رضا پهلوی) ووتەیەکی لەم شێوەیەی هەیە کە بە بۆنەی خۆپیشاندانەکانی کەلی ستەمدیدەی ئێرانەوە ووتبووی تیایدا شا سیفەتی سەرکووتکەرانەی رژێمەکەی دەردەخات ، بەڵام لە هەمان کاتدا پاکانەشی بۆ دەکات ، دەڵێت :ـ

«دەڵێن رژێمەکەی سیفەتی دیکتاتۆری و سەرکوتکەرانـەی هەیە ، منیش پرسیاریان لێ ئەکەم ئایا هیچ رێگەیەکی تر لەبـەر دەممـدا هەیـە » •

## نازی‌یەکان ئەوروپا تـالآن ئەکـەن (٤)

کاتێك سوپای داگیرکەری ئەلمانی هەر شوێنێکی دا گیر ئەکرد، وەنەبێت دەست پاکانە دەفتاریان کردبێتو پەلامای سامانو سەروەتی ئەو وولآتەیان نەدابێت ، بەڵکو هەتە بۆیان کرابێ تالآنی‌یان کردووە، خەڵکی‌یان رووت کردۆتەوە ، دەرامەتی وولآتیان دزیوە • ئەمە تەنها رەفتاری سەربازو پایە نزمەکان نە بوو ، بەڵکو سەرکردە گەورەکان

لە ناردنی راسپاردەدا زۆر بایەخیان بە دزی‌و تالآنی دەدا ، ئـەوەتـا غۆرنگ دەڵێت : «هەر شتێکتان چاو پێ‌کەوت کە گـەلی ئەلمـانی پێویستی پێ‌بوو ئەوا پێویستە لەسەرتان وەکو سـەگی راوکـردن رابکەن بەدوایداو لێ‌یان بسەنن‌و بۆ ئەلمانیای بەرن» •

زۆر شت زەوت‌کراو بە تالآن بردرا ، نـەك هـەر کـەلوپـەلو خزمـەت‌گوازاری‌یەکـان ، بەڵکـو پـارەو پـوولو زێریش •

بەکرێ‌گیراوەکانی هتلەرو لایەنگرانی پاش داگیرکردنی هەر وولآتێك پەلەیان دەکرد لە زەوت‌کردنی هەموو زێرو زیوێك‌و هەرچی‌یەك لـە

---

(٤) لە راستیدا ووشەی «نازی» کورت کراوەی نـاوی «پـارتی سۆشیالیستی نشتمانی ئەلمانی» بە زمانی ئەلمـانی یە • ئـەم پارتە هەروەك ئاشکرایە هتلەر سەرۆکایەتی دەکرد •

بەلآم ووشەی (فاشی) لە ووشەی فاشیۆی ئیتالی‌یەوە هاتووە کە کە مانای «گوزرە یا دەستە» دەگەیەنێت ، کە لە کۆندا وەکـو هێمایەکی رۆمانیانە بەکار هاتووە کە مانای یەکێتی‌و هێز دەبەخشێ•

بانقە نشتمانی‌یەکان هەیێت لە چەکی دارایی بێگانە (سندات مألیـة اجنبیـــــة ) •

روسیا سەرەڕای ئەو کاولکاری‌و ماڵ‌وێرانی یـەی بە دەسـت ئەڵمانەکانەوە پێی گەیشت لە پێش هەموو وولاتیکەوە بـوو کـــە زۆرترین شتی تیا بە تالان بردرا • لە راپۆرتێکی ئەڵمانەکاندا هاتووە کە لە ساڵی ١٩٤٣دا ٩ ملیۆن تەن دانەوێڵەو دوو ملیۆن تـەن ئالف‌و سێ ملیۆن تەن پەتاتەو ٦٢٢ هەزار تەن گۆشت لە روسیا بەتـالان براوە • لیژنەی لێکۆڵینە وەی سۆڤیەتیش وێرای ئەمانەی ووتمـان چەند شتێکی تریشی خستە سەر شتە بەتـالان براوە کان لەوانـە ٩ ملیۆن سەر گیانـەوەر ، ١٢ ملیۆن بـەراز ، ١٣ ملیـۆن ســەر مەڕ ، لەگەڵ زۆر شتی‌تر • هەندێ کەس وا تێدەگەن کە نازی‌یەکان تا ئەو کاتە پشتیوانی سەرمایەدارانیان قبوڵ کرد کە حو کمیان تێدا گرتە دەست ، ئیتر لێیان هەڵگەرانەوەو روویان لە خزمـەت‌کردنی نەتەوەی ئەڵمانی کرد • بەلام واقع هەموو ئەمانە پووچەڵ دەکاتەوەو دەیسەلمێنێ کە نازی‌یەکان خزمەتکاری سەرمایەداری مۆنۆپۆلین • ملیۆنان لاوی ئەڵمانیا خزێنرانە ناو ئاگری شەڕێکی ماڵ وێرانکەرەوە، ئەو لاوانەش نەوەی چینی کرێکارو جوتیـارو بۆرژوای بچـووك بوون ، لێرەدا دەپرسین ئایا ئەم چینانە چ لە کاتی شەڕو چ لـە کاتی دوای شەڕ هیچیان دەسکەوت ؟ • نازی‌یەکان لە کشانە کەیاندا رووەو وولاتانی رۆژئاواو ناوەڕاستی ئەو روپا گەلێك دەسکەوتیان بـوو ، ئایا ئەم دەسکەوتانە بەچ شێوەیەك دابەش کرا ؟• کارگەی «سکۆدا»ی چیکۆسلۆڤـاکی بەناوبانگ بووە بەشی «کـرۆب»ی سەرمایـەدار، کـارگـەکـانـی Fabricade Locomotiue 9 Reshitz

و کارگەکانی چەکی Capshalica Cativ کە مەزنترین پرۆژەکانی ڕۆمانیا بوون درایە کۆمپانیای غۆرنگ • ئەمانەو هەرچی کارگــەو کۆمپانیای وولاتانی داگیرکراو هەبوو پێشکەش بە سەرمایــەداران کـــــران •

بە سشی پیاوانی بانکیش لەم دەسکەوتانە لە خاوەن کۆ مپانیاکان کەمتر نەبوو ، هەروەکو سەرمایەدارانی تــر دوای کلکی سوپـــــا داگیرکەرەکەیان کەوتن‌و بەسەر لاشەی کوژراواندا دەڕۆیشتـــن ، لە جۆگەلەی خوێن دەپەرینەوە تا گیرفانەکانیان پڕ لە زێرو زیـــوی گەلانی بەتالآن براو بکەن • بانکەکانی ئەلمانیا تــا ئەیلولی ١٩٤١ هەژدە بانقیان لە ئەوروپای داگیرکراو دامەزراند •

دەرەبەگەکانیش نەیان هێشت بێبەش بن لەو تالآنیــە زۆرە ، زەوی‌و زارەکانیان فراوانتر کردو هــەزاران کۆیلەی زەوی‌یان لــە نەتەوە ژێردەستەکان پێش خۆیان داو لە ئیشی کشتوکالی دەیـــــان ڕەتانـــن •

## کارکــردن بــە کۆیلایــەتی

پێش مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٤ نزیکەی ٧ ملیۆنو نیو مرۆڤ لــە دانیشتوانی شارە داگیرکراوەکان وەکو کۆیلە لە خزمــەتی رایخی سێهەم کاریان دەکرد • زۆربەی ئەمانە بە زۆرو لە ژێر زەبری لێداندا کۆکرا بوونەوە ، پاشان بە ئۆتۆمبیلی سەر بەرەڵلا بۆ ئەڵمانیایــان بردوون ، بێ ئەوەی خواردنو ئاوو پێداویستە تەندروستییەکانیــان بۆ دەستەبەر بکەن ، دوای ئەمــە ناچاریان دەکــردن لە کارگــەو کێلگەکاندا کاربکەن • سەرباری ئەم کارکردنە بێگارییەش لێیــان دەدانو ئازار دەدران ، ئیهانەیــان دەکــردن ، تووشی برسێتییــان دەکـــــردن

ئەمە جگە لە نزیکەی دوو ملیۆن دیلی شەڕ کە بە لایەنی کەمەوە نیو ملیۆنی ناچار کران لە کارگەکانی دروست کردنی چەكو جبەخانەدا کار بکەن ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە رێکەوتنەکانی جنێڤو لاهای کــە رێگە نادا دیلی شەر بۆ ئەم مەبەستانە بەکار بهێنرێ • سەرباری ئەو دوو ژمارەیەی رامان گەیاند ، سەدان هەزار دیلیتر بە زۆر لە بەرەکانی جەنگدا بۆ دروست کردنی سەنگەرو گواستنەوەی چەك بە کــار دەهێنـــــران •

کاتێك نازییەکات دەچوونە گوندێکی رۆژهەڵات (واتە ئەوروپای رۆژهەڵات) بۆ کویلەکردنی خەڵکــەکــەی ، ئەگەر دانیشتـــــوان رووبەروویــان ببوونایەوە ، ئــەوا بێسڵکردنــەوە گوندەکەیــان دەسوتانو خەڵکەکەیان دەڕفانــد • یەکێــك بەنــاوی دوکتــۆر غۆتکیلش لــە راپۆرتیکیدا کــە بۆ وەزارەتی رۆز نبرگ لــە ٣٠ی

ئەیلولی ساڵی ١٩٤٢ ناردووە ، باسی شەمەندەفەرێکی پڕ لە کرێکاری ڕۆژهەڵات دەکات کە دەیان گێرانەوە دوای ئەوەی کارکردن پشتی شکاندبوونو شەکەتی کردبوون :ـ

« بە هۆی بوونی ژمارەیەك لاشەی مردوو لـە شەمەندەفـەرری کرێکارە گەڕاوەکان چاوەڕوانی روو دانی کارەسأت دەکرا ... لەم شەمەندەفەرەدا ، چەند ئافرەتێك منالیان بوو ، لێپرسراوانیش هـەر لە ڕێگەی گەڕانەوەدا گرتیانو لـە پەنجەرەکانەوە فڕێیانیاندانـە دەرەوە . کەسانی تووش بوو بە نەخۆشی سیلو نەخۆشی تری درمی هەر بەهەمان شەمەندەفەر دەگوێزرانەوە » .

کاری سێکس لەگەڵ ئافرەتو کچان بۆ پۆلەندی یە کان بە تەواوی قەدەغە کرابوو ، لە ڕێنوێنییەکی هملەرەوە لە ساڵی ١٩٤٢ داهاتووە کە هەر کرێکارێکی پۆڵەندی کاری سێکس لـە گەڵ ئافـرەتێکی ئەڵمانی بکات ئەوا خۆی تووشی سزای لـە سێدارەدان دەکـات . مفوضی کاری کویلەیی مەرجی خزمەت کردنی لە ماڵە ئەڵمانییەکان بەم جۆرە دانابـوو :ـ

« مۆڵەتو کاتـی پشوودان نیـە . کرێکـارە خزمەتکـارە ڕۆژهەڵاتی یەکان نایێت ئەو ماڵانە بە جێبهێڵن کە تیایـدا خزمـەت ئەکەن ، تەنها بۆ بەجێهێنانی هەندێ خزمەتگوزاری ماڵەوە نەبێت .... چوونە ژوورەوەیان بـۆ چێشتخانـەو سینەماو شانۆکـانو

داموودەزگانی تری لەو شێوەیە قەدەغەیە ۰۰۰۰ هەروەها نایێت بچنە کلێسەکانیشـــەوە (٥) » ۰

(٥) بێگومان ئەم دیاردەیە تا ئێستا لە جیهاندا ڕیشەکێش نەکراوەو هەر ماوەتەوە ، ئەوەتا لە ئەمریکا رەگەزپەرستی لە ئاییــن و خواپەرستیدا دەکرێ ، بۆ نموونە لە وولایەتە باشووری یەکاندا کلێسە بۆ سپی هەیە کلێسە بۆ رەش پێستەکـانیش هەیـە ، وە ناهێلن هەردوکیان بـــە یەك بگەن ۰

جیس جاکسۆنی پێشەوای هەڵمەتی رزگارکردنی قولەرەشەکان لە باشوور دەڵێت :ــ

«ئازادیمان وەچنگ هێنا ۰۰۰ بەڵام یەکسانیمان دەستگیر نەبوو»

ژمارەی بەدیل گیراوانی رووس لە سەرجەمی ژمـارەی بەدیـل گیراوانی گشت گەلانیتر زیاتر بوون، نزیکەی پێنج ملیـۆنو سـێ چارەکە ملیۆن رووسی بەدیل گیرابوون ، کەچی پـاش تێكشكـانی نازی‌یەکانو شکاندنی بەندیخانەکانیان کەمتر لـە ملیۆنێك لەسـەر رووی زەوی مابوون ، ملیۆنێك لەم دیلانە کاریان پێ دەکرا • نزیکەی ملیۆنێکـی تریـان بەدەم ئـازاری برسێتی‌و رووتی‌و نەخۆشی‌یەوە سەریان نایەوە • پاشان دوای کۆتایی هاتنی شەر لە موحاکەمـەکانی نۆرمبرگدا(٦) دەرکەوت کە زۆربەی ئەم دیلانـە بەدەسـت تیپـە تایبەتی‌یەکانی پیاوانی پاسداری نازی‌یەوە قەلاچۆ کراون •

دیلە سۆڤیەتی‌یەکان بە دەستی ئەنقەست برسی ئەکرانو بە رووتی‌و بێ شوێنی حەسانەوە بەجێ ئەهێلران تا لەو زستانەدا بمرن کە پلـەی گەرما بۆ خوار سفرەوە نزم دەبێتەوەو بەفر دایپۆشیوە ( ئەمە لـە زستانی سالی ١٩٤١ – ١٩٤٢ روویـداوە ) • هەلوێستی زۆربـەی فەرمانبەرە نازی‌یەکان لەم بارەیەوە لە برگەیەکدا کورت دەکرێتـەوە هەروەك رۆزنبرگ دەری‌خست کە هەرچەندە ژمارەی دیلە مردووەکان زیاد بکات ئەوەندە زیاتر چاکەمان پێ ئەبڕێت •

---

(٦) ناوی ئەو شارە ئەلمانی‌یەیە کە دوای شەر سەرکردە نازی‌یەکانی تیا موحاکەمە کران ، لەمەودا بە درێژی لێی دەدوێین •

رۆزنبرگ دەڵێت :ـ

«زۆرجار جەنەراڵی سەربازگەکان نەیان دەهێشت خواردن بگاتە دەستی دیلەکان تاوەکو بە برسێتی بیان کوژن • تەنانەت لە کاتی گوێزانەوەی دیلەکات بۆ سەربازگەکات نەیان دەهێشت کەس خواردنیان بداتێ • لە زۆر حاڵەتی تردا پاسداران تەقەیان لەو دیلانە دەکرد کە لە برساو شەکەتی‌دا نەیان دەتوانی بەرێوە برۆن‌و لەبەر چاوی خەڵکیدا دەیان کوشتن‌و تەرمەکەیان لە سەر زەوی بەجێ‌ئەهێشت • لە زۆر سەربازگەکاندا جێگەو بان بە دیلەکان نەئەدرا ، هەروا بەجێ ئەهێلران ئیتر باران بیارایە یا بەفر بکەوتایە»•

ئەڵمانەکان لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ دیلە رۆژئاواییەکانی شەردا بە تایبەتی ئەمریکی‌و بەریتانی زەبروزەنگی کەمتریان بەکار ئەهێنا؟ لەچاو دیلە رووسی‌یەکانەوە • چەند رووداوێکی کوشتن‌و سەربرین بەدەستە روویداوە ، بەڵام وەنەبێ ئەم رووداوانە بریارێکی سیاسی بێت وەك هی روسەکان بەڵکو لە ئەنجامی هەڵچوونێکی جەنەراڵە نازی‌یەکانەوە دروست ئەبوو • یەکێك لەم رووداوانە ئەوەبوو لە رۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ لە کێلگەیەکی نزیك شاری (مالمیدی) لە بەلجیکا ٧١ دیلی ئەمریکی سەربڕران • هەندێ حاڵەتی تری وەك ئەمانە روویداوە ، وەك ئەو حاڵەتەی تیایدا هتلەر بریاری لە سێدارەدانی نزیکەی ٥٠ فرۆکەوانی بەریتانی دەرکرد ، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٤ دەست‌گیر کران دوای ئەوەی لە سەربازگەی دیلەکان هەڵاتبوون • دیلێکی فەرەنسی بەناوی «مۆریس لامب» کە لەگەڵ ئەم فرۆکەوانانە لە بە ندیخانەی «موتهاوزن» بەند کرابوو راستی چۆنیەتی کوشتنی ئەم فرۆکەوانانە دەگێرێتەوەو دەڵێت :

«پاسدارەکان ٤٧ فرۆکەوانیان بە پێخاوسی‌یەوە بەرەو بەردەڵانەکە برد ... کاتێ رووموو خوار بەدەڵانەکە نزم بوونەوە ، پاسدارەکان بەردیان خستە سەر پشتیانو داوایان لێکردن کەپەژەی بەردەڵانەکە بەرزبکەنەوە . هەنگاوی یەکەم بە بەردێك تەواو بوو کە کێشەکەی ٦٠ رِتڵ بوو . جارێکی تر ئەم کردەوەیەیان بە ردێکی قورستر دووبارە کردەوە ، کاتێك یەکێك لە دیلە کلۆڵەکان لە ژێر بارەکەیدا وورەی بەردا ، پاسدارەکان شەقیان تێهەڵەداو بە کوتەك لێیان ئەدا ... ئێوارە دانەهاتبوو ٢١ لاشە بە پەنای جادەکەوە درێژ کرابوون . بەڵام (٢٦)ەکەی تریان لە رۆژی دوایی‌دا مردن » .

## تۆقاندنی نازی‌یەکان لە وولاتە ژێردەستەکان

ئەڵمانەکان دەستیان بە بارمتە (رهینة)ی وولاتە داگیرکراوەکانەوە دەگرت وفەرمانی لەسێدارەدا نی ١٠٠ بارمتەیان بەرامبەر کوشتنی ئەڵمانی‌یەك دەردەکرد .

لە موحاکەمەکانی نۆرمبرگ‌دا دەیان فەرمانی نهێنی دەرکەوت کە کەفەریق «کایتل»و جەنەراڵە بچوو کەکان دەریان دەکردو تیایدا فەرمانی کوشتنی بارمتەکانیان دەدا .

بە درێژایی شەری جیهانی دووەم ئەڵمانەکان لە فەرەنسادا نزیکەی ٢٩٫٦٦٠ بارمتەیان لە سێدارەدا ، ئەمە جگە لەو ٤٠ هەزار فەرەنسی یەی لە بەندیخانەکانی فەرەنسادا مردن . لە پۆڵەندە نزیکەی ٨ هەزار بارمتە لە سێدارە درا ، لە هۆڵەندەش ٢ هەزار خرانە بەر دەستی رێژی گوللەو پەتی سێدارە . لە دانیمارك فەرمانێکی تایبەتی دەرکرا

بوو كه داوای خنكاندنی پێنج دانیماركی بەرامبە كوشتنی هەر ئەڵمانیەك لە وولاتەكەیاندا دەكرد •

ئا بەم شێوەیە ئەڵمانە بێبەزەیی‌یەكان شاعیرو داستان نووسی دانیماركی بە ناوبانگ «كاج مۆنك» یان كوشت ، كە لە خۆشەویستترین ئەدیبی گەلانی ئەسكەندنافی بوو ، خەڵكی لاشەكەیان بە فڕێدراوی لە سەر ڕێگایەكدا دۆزی‌یەوە •

فەریق «كایتل» بەرامبەر مەحكەمەی نۆرمبرگدا دانی بەوەدانا كە چەپەڵترین تاوان كە بەپێی فەرمانەكانی هتلەر پێی هەڵسان ئەوەبوو كە بەپێی فەرمایشتی «شەووتەم» جێبەجێی كرد • ئەم فەرمایشتە سەرسوورهێنەرە لە ٧ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٤١ لە لایەن هتلەرەوە بەتایبەتی بۆ دانیشتوانە كلۆڵەكانی ناوچە داگیركراوەكانی ڕۆژئاوا دەركرا بوو • ئامانج لەم فەرمانە هەروەك لە ناونیشانە نامۆكەیەوە دیارە بریتی‌یە لە دەست گیركردنی هەموو ئەو كەسانەی كە بوونیان مەترسی یەك بۆ هێمنی ئەڵمانیا دروست دەكات • نابوایە ئەمانە یەكسەر لە سێدارە بدرێن ، بەڵكو دەبوایە بێ سەرو شوێن لە كونجی تەمو تاریكو نەزانراوی ئەڵمانیادا ووت بكرێن •

لە ١٢ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٤١ كایتل ڕاسپاردەیەكی دەركرد تیایدا فەرمایشتەكانی فۆهرری ڕافە كرد ووبی :ـ

« ئەگەر تاوانباران بە بەندكردن سزادران یا بەندكردنی هەتا هەتایی وئیش پێكردنی قورس بێ ، ئەوا ئەم سزادانە بە بەڵگەی لاوازی ئێمە دادەنرێ • دەتوانین ئەوەی دەمانەوێ لە نێو ترسو تۆقاندندا جێبەجێی بكەین چ لە ڕێگەی لەسێدارەدان ، یان بە

رێگەیەك كە خزمو كەس‌و كاری تاوانباران هەر نەزانن چارەنــووسیان چی بەسەر هاتـــووە » •

**لە هۆڵی مەحكەمەدا :**

(١) یەكێك لەو تاوانبارو خوێن‌ڕێژانەی كە دوا بەدوای كۆتایی هاتنی شەڕی‌جیهانی دووەم هێنرایە بەردەم دادگا «ئۆتو ئۆهلیندرۆف» بوو كە لە كاتی مەحكەمەدا بە لێكۆڵەرەوەكە (محقق)ی ووت كە بــە درێژای شـەڕ تەنها ساڵێك نەبێت مووچەخۆر بووە لە بەرلین •

كاتێك لێیان پرسی لەو ساڵەدا چیت ئەكرد ووتی :

«سەرۆكی دەســتەی بووم لە ناو دەستنەی كاری تایبەت» •

لێكۆڵەرەوەكە بە ئەڵمانی‌یەكەی ووت :

«لەو ساڵەی سەرۆكایەتی دەستـــەی D ت گرتــە دەســـت دەستەكەت چەنـــد پیاوو ئافرەت‌و منداڵی كوشـــت ؟» ئۆهلینـــدرۆف شانی بۆ لەراندو بێ‌زۆر ووتن‌و دەم تێك‌ئاڵان ووتی : «نەوەد هەزار» •

هملەرو هایدریش بە ڕێكەوتن لەگەڵ سوپای ئەڵمـــانی ئـــەم دەستانەیان ڕێك‌خستبوو ، كە لە ئەنجامدا توانی‌یان چوار دەستــە (D‘C‘B‘A) دروست بكەن •

---

لێكۆڵەرەوەیەكی‌تر لە بارەی ئەو ڕێنووێنی‌یانەوە پرسیاری لێ‌كرد كە لە كاتی سەرۆكایەتی كردنیدا بۆی دەهات ، ئەویش ووتی :

«ڕێنوێنی‌یەكان داوای پاكسازی جوولەكــەو پیــاوە سیاسی‌یە سۆڤیەتی‌یەكانی دەكرد » •

جارێکی تر لێکۆڵەرەوەکە پرسی : «ئایا کە بڕگـەی پاکسـازی بەکار ئەهێنی مانای کوشتن ئەگەیەنێت ؟» بەڵێ مانای پاکسازی بە کوشتن ئەگەیەنێت ••• هەروەها ئەوەشی ووت کـە سەربـاری پیاوان ئافرەت‌و منالیشی دەگرتەوە •

دادوەرێکی رووسی لێی پرسی :

«هۆی کوشتنی منال چی‌بوو ؟ »

ئۆهلیندۆرف :ـ «مەسەلەکە داوای قەلاچۆکردنی تەواوی بوونی جوولـەکەی دەکـرد » •

دادوەرو رووسی‌یەکە :ـ تەنانەت منالیش ؟ •

ئۆهلیندرۆف :ـ بـەلێ •

دادوەرە رووسی‌یەکە :ـ تەنانەت منالیش ؟ •

ئۆهلیندرۆف :ـ بـەلێ •

پاشان ئۆهلیندۆرف ئەو رێگەیەی ڕاڤـە کـرد کـە لـە کوشتن پەیرەوی‌یان کردووە ، ووتی :

«بەتالیۆنێکی دەستەی کاری‌تایبەت دەچووە گوندێکـەوە یـا شارێکەوە ، فەرمان بە پیاو ماقوولانی جوولەکە دەدرا کە بانگی برا جوولەکەکانیان بکەن بۆ دووبارە نیشتەجێ کردنەوەیان ، داوایان لێ ئەکرا جلەکانی دەرەوەیان تەسلیم بکەن • پاشان بەرەو شوێنەکـانی لەسێدارەدان دەگوێزرانەوە کە زیاتر لەو سەنگەرانە دەچوو کە بۆ بەرهەڵستی تانکەکان دروست دەکرا • بەشێوەیەکی ئاسایی بـەو

ئۆتۆمبیلاتە دەگوێزرانەوە کە گەورەترین ژمارە هەڵبگرێ تا یەکسەر حوکمی لە سێدارەدا نیـن بەڕێوە ببرێ • بەم کارە هەوڵیان ئـەدا لەو ماوەیە کەم بکەنەوە کە تیایدا ئەو کەسانە دەرك بە چارەنووسی خۆیان دەکەن‌و دزانن بەرەو کوێ دەبرێن •

ئەوسا ئەو کەسانە بە راوەستاوی بووبێتن یان بـە دانیشتوویی گوللەباران ئەکران ، کاری گوللە بـاران لە لایـەن سێ بەتالیۆنی سەربازی‌یەوە جێبەجێ دەکرا . پاشان لاشەکان هەڵدەگیران‌و فرێ دەدرانە چاڵێکەوە • هیچ کاتێك فەرمانی گوللەباران کردنم بە تاکە کەس نەداوە . بەڵکو فەرمانم داوە کە لە یـەك کاتدا ژمارەیەك لـە پیاوان دەست بە گوللەباران بکەن ؛ ئەمەش لە ترسی لێپرسـراوی شەخسی راستەوخۆ ؛

هەندێ لە سەرۆك دەستەکان داوایان لە گیراوەکان دەکرد کـە لەسەر سك برۆن ، تا تەقە لە پاشینەیان بکەن ، بەڵام من هەرگیـز رێگەی ئەم جۆرە شێوازانەم نەداوە » •

لێکۆڵەرەوەکە جارێکی تر پرسی‌یەوە : بۆچی ؟

ئۆهلیندۆرف وەڵامی دایەوە « ئەم کارە لە رووی دەروونی‌یەوە بۆ کوژراوەکان‌و ئەوانەی بەسێدارەدان هەڵئەسان قورس بوو » •

ئۆهلیندۆرف گێرایەوە کە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٤ فەرمانێکی لە هملەرەوە پێگەیشت تیایدا داوای گۆرینی شێوازی لە سێدارەدانی ئافرەت‌و منالی دەکرد • لەو ساتەوە پێویست بوو لە سەرمان بـۆ [ئۆتۆمبیلەکانی گاز] یان بنێرین کە دوو کۆمپانیای پیشەسازی بـە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروستیان کردبوو •

ئنجا دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی ئەو ڕێگەیەی کە بەم ئۆتۆمبیلانە جێبەجێ دەکـرا ، ووتی :ــ

«هەر کەسێك پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نەبوایە زۆر زەحمـەت بوو لە مەبەستی راستەقینەی ئەم ئۆتۆمبیلانە بگات • وا دەرئەکەوت کە لە ئۆتۆمبیلی ئاسایی داخراو ئەچوو ، ئەم ئۆتۆمبیلانە بە جۆرێك دروست کرابوون کە هەر بە ئیش پێکردنی ئۆتۆمبیلەکـە گـازی سووتێنەر لە ئۆتۆمبیلەکەوە دەچووە ژوورەوە کە دەبووە هـۆی خنکاندنی هەرچییەك تیای بوایە لە ماوەی ١٠ــ١٥ خولەك » •

لێکۆلەرەوەکە لێی پرسی :ــ «بەلام ئێوە چۆن ئەو کوژراوانەتان قایل ئەکرد بچنە ئۆتۆمبیلەکەوە ؟ » •

ئۆهلیندۆرف وەلامی دایەوە :ــ « پێیان دەووترا بـۆ لایەکی تـــر دەگـوێزرێنــەوە » •

ئۆهلیندۆرف رای گەیاند کە ئۆتۆمبیلەکانی گاز لە یەك کاتــدا ١٥ــ٢٥ کەسی بۆ جیهانی تر دەنارد • بەلام ئەم ژمارەیە کەمە بـۆ سنووری ئەو قەسابخانەیەی هتلەرو هملەر فەرمانی جێبەجێکردنیان دابوو • بۆ نموونە ئەم ژمارەیە کەم بوو لەچاو ئەوەی لە «کییف»ی پایتەختی ئۆکرانیا روویدا ، کە بەپێی ئەو سەرژمێرییەی دەستەکانی کاری تایبەت کردیان لــە نێوان رۆژی ٢٩ــ٣٠ ئـەیلولی ١٩٤١دا (٣٣٧٧١) کەس کوژران •

(٢) هەر لە هۆلی مەحکەمەدا ئەندازیارێکی ئەلمـانی ئـەوەی گێرایەوە کە بە چاوی خۆی بینیویەتی لە چۆنیەتی پاکسازی گوندێکی

ئۆکرانیا بە دەست دەستەی کاری تایبەت کە ژمـارەی دانیشتوانی خۆی لە ٥ هەزار کەس دەدا ، ووتی :

« لەگەڵ چاودێری کەری کاردا راستەوخۆ گەیشتینە چاڵەکانی لە سێدارەدان•لە پشت یەکێك لە تەپۆڵکەکانەوە گوێم لە دەستڕێژدە بوو کە بە فەرمانی ئەفسەری پاسداری نازی کە قامچی‌یەکی گرتبووە دەستی‌یەوە دەکرا • پێویست بوو لە سەر ئەو ئافـرەت‌و منـاڵ‌و پیاوانەی لە ئۆتۆمبیلەکان دان دابەزێنرێن ، ئنجا جلەکانیان دابکەنن• دەبوایە جلەکانیان لە شوێنی دیاری کراو دابنایە کە هەر شوێنێـك بۆ جۆرە جلێك تەرخان کرابوو ، شوێنێك بۆ پێڵاو ، یەکێکی تـر بۆ جل‌وبەرگی دەرەوە ، سێهەمیش بۆ جل‌وبەرگی ناوەوە •

بە چاوی خۆم هەشت‌سەد یان هەزار جووتـە پێـڵاوم بینی ، هەروەها جل‌وبەرگێکی ناوەوەیی زۆری کەڵەك بووم بینی •

ئەو خەڵکە دوای ئەوەی ڕووت‌و قووت ئەکرانەوە، بێ گریانو لالانەوە شێوەی دەستەی خێـزان دەوەستان ، یەکتریان مـــاچ دەکردو ماڵئاوایی‌یان لە یەکتر دەکرد ، وە چاوەڕوانی ئامـاژەی پیاوێکی ناو پاسدارە نازی‌یەکان بوون کە لە نزیك چاڵەکانـەوە دەوەستاو قامچی‌یەکیشی گرتبووە دەستی‌یەوە •

لە ماوەی ئەو پانزە خولەکەی تیای وەستام هیچ پارانـەوەو داواکردنی بەزەییم لێیان نەبینی • ئافرەتێکی پیرم بینی کە پیرێتی خۆی ئاخنی بووە پرچی یە وەو منالێکی یەك ساڵەی لـە بـا وەش گــرتبـوو ، لایلایەی بـۆ ئەکردو هەندێ گۆرانی بـۆ ئەووت • مناڵەکەش بە گروکاڵ هەندێ دڵی دایکی خۆش کرد • باوك‌و دایکەکە لە نزیك یەکترەوە وەستانو چاویان پربوو لە فرمێسك • بــاوك

دەستی بە مناڵە دە ساڵی‌یەکەوەی گرتبووو دڵی دەدایەوە ، کەچی فرمێسك لە چاوی مناڵەکەدا دەباری • باوك دەستی بۆ ئاسمان درێژ کردو سەری بۆ بەرز کردەوە ، هەروەك شتێك بۆ کوڕەکەی روون بکاتـــەوە •

لەو ساتەدا پیاوێکی پاسدارە نازی‌یەکان کــە لە نزیك چاڵەکەوە وەستابوو بەچەند ووشەیەك کە گوێم لێ‌نەبوو هاوڕێکەی ئاگادار کردەوە ، هەر بە پەلە ٢٥ کەسی ئامادە کردو فەرمانی چوونە پشت گردە بچووکەکەی پێدان ••• کچێکی ناوقەد باریکی پرچ رەشم دەکەوێتەوە یاد کە لەگەڵ دەستەکەدا بە نزیکمــەوە تێپەربــووو ئاماژەی بۆ خۆی‌کردو ووتی : «تەمەنم بیست‌و سێ ساڵــە » • (چوومە پشت گردەکەوە ، بینیم رووبــەرووی گۆڕێکی گــەورە بوومەتەوە • ژمارەیەکی زۆر لاشەی کەڵەك بووی لەسەر یەکتــرم بینی بەجۆرێك تەنها سەریان نەبێت هیچی‌تر دەرناکەوێ ، خوێــن لەسەریانەوە دەچۆرایەوەو بەسەر شانیاندا دەرۆی • هەندێکیــان قۆڵی بەرزدەکردەوە ، هەندێکی تریان سەری وەردەچەرخاند تــا دەری‌بخات کە هێشتا لە ژیاندایە • نزیکەی ٣/٢ ی چــاڵەکــە پڕبـــــۆوە •

ژمارەی ئەوانەی تێیدا بوون نزیکەی هەزار کەس دەبوون • سەیرێکی ئەو پیاوەم کرد کە گوللەبارانی دەکردن ، یەکێك بــوو لــە پیاوانی پاسداری نازی کە لەسەر لێواری چاڵە تەسکەکە دانیشتبووو هەردوو پێی شۆڕکردبۆوە ناوی‌یەوە ، بە دەستێکی موشەکێکی رەشاشی شێوە [تۆمی] هەڵگرتبووو جگەرەشــی دەکێشا • بینیــــم

ئەوانەی بە نوێیی ئەهێنران رووت وقــووت بوون ، چەند پلەیەك بە چاڵەکەدا دائەبەزین ، پاشان بەسەر سەری ئەو لاشانەی لەوێدا فرێ درابوون سەر دەکەوتن بۆ ئەو شوێنەی پاسدارە نازییەکــە بۆی دیاری کردبوون ، بینیم خۆیان دەخست بەسەر لاشەی کوژراو بریندارەکاندا ، بە دەنگێکی نزم قسەیان بۆ کردن ، هەنــدێکیــان ئەوانەی پێش خۆیانیان ماچ دەکرد کە هێشتا گیانی بە بەرەوە مابوو• ئەوەندەی نەبرد چەند دەستەرێژێکی یەك لەدوای یەکم گوێ لێبوو• سەیری چاڵەکەم کرد ، بینیم جەستەکان دەچەمانەوە ، یان بێجووڵە دەکەوتنە سەر لاشە کەڵەك بووەکانی ژێریان ، بینیم خوێــن لــە قورگیانەوە فیچقەی دەکــــرد •

پۆلێکی تر دەهات و نزیك دەبوونــەوە ، بەزوویی دەچوونــە چاڵەکانەوەو لەسەر سەری هاورێ کوژراوەکــانی پێش خۆیــان ریز دەبوون ، ئنجا گوللەباران دەکران •

بەم جۆرە کارەکە پۆل‌پۆل درێژەی دەکێشاو بەردەوام دەبوو»• بەڵام بە نیسبەت ژمارەی ئــەو جوولەکــەو ئەندامانــەی پارتی کۆمۆنیست کە بە دەست دەستەکانی کاری تایبەت سەربــڕران ، ئەوا تۆمارکراوەکانی نازییەکات وێنەیەکی نزیکەیی ئەم ژمارەیەمان دەداتێ ، بۆ نموونە دەستەی A ی کارکردوو لە باکووردا لە راپۆرتێکیدا کە لە ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٢ پێشکەشی کردووە دەگێرێتەوە کە (٢٢٩٠٥٢) کەسیان لە روسیاو میرنشینەکانی

به لتیك لەسێداره داوه (٧) .

سەرۆکی ئەم دەستەیە «فرانز ستاهلیکەر» لە راپۆرتێکیدا بـــۆ هملەر رایگەیاند کە وێرای دواکەوتوویی شێوازی لە سێدارەدان، شەختە گشت وولاتی گرتۆتەوەو ناهێلێ لەسێدارەدانی دەستەجەمعی پەرێوە بچێ ، لەبـــەر ئەوە لە روسیـــا رووبـــەرووی سەختییـــەك بووینەتەوە ، هەروەها ووتی :ـــ

(لەگەڵ ئەمەشدا توانیومە تا ئێستا ٤١ هەزار لەسێدارە بدەم) .

---

(٧) رۆژنامەی «فیشنك»ی یۆگۆسلافی لە هاوینی ســـاڵی ١٩٨٣، رایگەیاند کە لە قەراغ رووباری ساقا لە نزیك شاری «باسینۆفاك» گۆرستانێکی بەکۆمەڵی کوژراوانی ماوەی شەری جیهـــانی دووەم دۆزراوەتەوە ، رۆژنامەکە روونی کردۆتەوە کە ئەگـــەر ئاوی ناوچە سەختەکان بە شێوەیەکی ئاوەها زۆر دانەبەزییایە ئەوا ئەم گۆرستانە نەئەدۆزرایەوە . بەڵگە سەرەتاییەکان پەنجە بۆ ئەوە درێژدەکەن کە ئەم شوێنە لە ساڵی ١٩٤٣ وەکو شوێنێکی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی بەکارهێنراوە ، برِبرِ کـــوژراوی بـــۆ دەهێنراو فرێ دەدرایە ناوی .

لە نزیك ئەم ناوچەیە جێگایەکی بەناوبانگی کوشتنی لێبووە کـــە تیایدا ٧٠٠ هەزار کەس لە ماوەی جەنگدا خنکێنراون .

کاربەدەستانی یۆگۆسلافیا بیریان لەوە کردۆتەوە کە لـــەو شوێنەدا پەیکەرێك بۆ یادگاری دابمەزرێنن .

ستاهلیکەر لە رراپۆرتەکەیدا نەخشەیەکی رازاوەی پێش کەش کردو تیایدا ژمارەی ئەو کوژراوانە دەرخرابوو کە لە هەر ناوچەیەکدا لەو ناوچانەی لە ژێر سەرکردایەتی خۆیەتی کوژرابوون ٠ لە لە نەخشەکەدا ئاشکراکراوە ، لە لیتوانیا یە تەنها (١٣٦٤٢١) جوولەکە کوژراوە : ٣٤ هەزاریش لە حاڵی حازردا (واتە کاتی نووسینی راپۆرتەکە) لەبەردەستدانو وەك کرێکار سوودیان لێوەردەگیرێ ٠ بەڵام بە نیسبەت ئیستۆنیا راپۆرتەکە رایگەیاند کە چۆڵبووە لە جوولەکە ٠

دەستەکانی کاری تایبەت دوای ماوەیەك کپیو سەختی وەرزی زستان ، لەگەڵ هەڵاتنی هاویندا چارێکیتر چالاکیان دەست پێدەکردەوە ٠

---

هێشتا یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٤٢ نەهاتبوو ٥٥ هەزار کەس لە روسیادا سەرەونگوون کران ، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا ١٦٢٠٠ کەس لە دانیشتوانی دابرگە (معزل)ی مەنسك لە یەك رۆژدا کوژران ٠ تشرینی دووەمی هەمان ساڵ نەهاتبووە هملەر بۆ هتلەری نووسی کە (٣٦٣٢١١) جوولەکەی لە روسیا کوشتووە ، بەڵام ئەم ژمارەیە تەواو راست نیە ، تەنها بۆ ئەوەیە خۆشی بخاتە دلی هتلەری ئاغایەوەو دەست لەپشتی بداو ئافەرینی بکات ٠

کارل ئینجاف سەرۆکیفەرمانگەی جوولەکە لە غستابۆ دەگێرێتەوە کە پیاوانی دەستەکانی کاری تایبەت لە رۆژهەڵات نزیکەی دوو ملیۆن کەسیان لە کۆڵبووەوە کە زۆربەیان جوولەکە بوون ٠ بەڵام

ئەم قسانە بێگومان نزیکە راست نیەو گومانی تێدایە ، زۆر سەیرە کە جەنەراڵەکانی پاسدارە نازی یەکان ، شانازی یان بە ئەنجامەکانی کاری قەڵاچۆکردنەوە دەکرد ، تەنانەت زۆر جار ژمارەی بەرزیان دەدا تا هتلەرو هملەر قایل بکەن • بەڵام ئەم ژمارانە هەرچەندە بەرزبن هیچ نیە لە چاو ئەوانەی لە ئۆردوگاکانی قەڵاچۆکردنی هملەر لەناوبران ، کاتێك پرۆژەی دواچارەسەر دارێژرا (هەروەك لەمەودوا لێی دەدوێین ) •

## دوا چارەسەر

هتلەرو هملەر بینیڕیان کە ئەم ڕێگەیە نایانگەیەنێتە کۆتایی پێهاتنی ئیروگرفتی جوولەکە • نازیەکان کاتێك بەدوای دواچارەسەردا دەگەڕان بینیڕیان کە بنەبڕکردنی جوولەکە دواچارەسەری گیروگرفتەکەیە لە ڕاسپاردەیەکی غۆرنك بۆ هایدریشدا (٨) هاتبووە :-

« ئەی هایدریش پەیمان ئەدەمێ کە هەڵسی بە زامنکردنی هەموو پێداوستیەکان بۆ جێکردنی چارەسەری فراوانو گشتی مەسەلەی جوولەکەکان لەم بەشانەی ئەڵمانیا کە کەوتوونەتە ژێر حوکمی رایخەوە » •

هایدریش زۆر چاك لە مەبەستی غۆرنك گەیشت ، بەڵام هایدریش پێش ساڵێك دوای گرتنی پۆڵەندە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا ئەم بڕگەیەی بەکارهێناوەو«هەنگاوی یەکەمی دواچارەسەر»ی تێیدا دیاریکردووە کەپێك‌هاتبووە لە کۆکردنەوەی گشت جوولەکەکان لە دابڕگەکان (معازل)ی شارە گەورەکان ، ئەوسا قەڵاچۆکردنیان ئاسان دەبێت • وا دیار بوو هتلەر پێش ئەوەی شەر هەڵبگیرسێت بە ماوەیەکی درێژ بیری لە دواچارەسەر کردبۆوە ، هەروەك لە لە ووتارەکەی ڕۆژی ٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٣٩ دەردەکەوێت دەڵێت :

---

(٨) کاربەدەستێکی بەرزی نازیەکان بوو ، لە مەودوا بە درێژی لێی دەدوێین •

ئەگەر جارێکیتر جوولەکە سەرمایەدارە دەولەتیەکان بتوانن وولاتانی جیهان رووەو شەرڕێکی جیهانی تر بەرن ئـەوا ئەنجـام فەلاچۆکردنی رەگەزی جوولەکە دەبێت لـە گشـت سووچێکـی ئەوروپادا » . هایدریش لە ٢٠ی کانوونی دووەمی سالی ١٩٤٢ دا لە کۆنفرانسێکی فراوان کە تایبەت بوو بەم مەبەستەو زۆربەی لایەنە جیاوازەکان بەشداریان تیاکردو ووتی :ـ

«دەوروبەری ١١ ملیۆن جوولەکە دواچارەسەری گیروگـرفتی جوولەکە لە ئەوروپا دەیانگرێتەوە » .

پاشان دێت ژمارە ئەخاتە سەر هەر یـەك لە وولاتانـەی ئـەم پاکسازیە دەیانگرێتەوە . تا ئێستا (١٣١٨٠٠) جوولەکە لە زەویوزاری بنەرەتی رایخ دژین ، ٥ ملیۆن لە یەکێتی سۆڤیەت ، سێ ملیۆن لـــە ئۆکرانیا ، ٢ ملیۆنو چارەکێك لە حوکمرانی گشتی پۆلەندە ، سـێ چارەکە ملیۆن لە فەرەنساو سێیەکی ملیۆنێك لە ئینگلتەرە ... لە ووتارەکەیدا زۆر بە روونی ئەوە دەردەکەوێت کە دەبێت ئەو پانزە ملیۆنە فەلاچۆ بکرێن . پاشان دێتە سەر باسی رێگای جێبـەجێ کردنی ، لە رێگەی جێبەجێ کردندا لەم راستیەدا ئەگەین :ـ

لە ووتارەکەیدا تێئەگەین کە پێویستە لە سەرەتادا جوولەکەکانی ئەوروپا بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی رۆژهەلات بگوازرێنەوە ، کـە دەبێت لەوێدا بە هەموو توانایەکیانەوە تا پلەی مردن کاربکـەن ، بەلام بە توانا کانیان ئەوانەی بەرامبەر ئەم هەموو قورسیو ئەشکەنجەیە خۆراگردەبن دەبێت بکوژرێن . بـەلام ئـەو جوولەکـانەی لـە رۆژهەلاتدان هەر لە جێگەی خۆیاندا بـە چارەنووسی خۆیـــان بگەیەنرێـــن .

## ئۆردوگاکانی قەڵاچۆکـردن

نازییەکـان بۆ یەکجاری قـەڵاچۆکردنی جوولەکـەکـان سێ
ئۆردوگایان دامەزراند کە تیایدا ملیۆنان میوانی بەزۆر هێنراو بـە
١ برسێتی سەریان دەنایەوە. سەرەرای ئەو تۆمارکراوانەی کاربەدەستان
هەڵیان دەگرت ، هەر ئۆردوگایەك تۆمارکراوێکی رەسمی تایبەت
٢ بەخۆی بۆ مردووەکان تەرخان کردبوو . ئەم تۆمارکراوانە بەهۆی
هێرشی هاوپەیمانەکانەوە (الحلفاء) بە تەواوی لە بەردەستدا نەمان و
لەناو چوون . بەشێك لەو تۆمارکراوە رەسمییانەی لە ئۆردوگـای
«موتهازن»دا مابوو وای دەردەخست کە ٣٥٣١٨ کەس لە نێـوان
کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩و نیسانی ١٩٤٥ لـەو ئۆردوگایـەدا
مردوون . ئۆردوگاکانی قەڵاچۆکردن توانی هەندێ سەرکەوتن لـە
رێگەی جێبەجێکردنی دواچارەسەردا بـەدی بهێنێ . ئۆردگـای
ئـۆشـۆیتـز Auschwitz گەورەترین و بەناوبانگترین
ئۆردوگـابـوو .
بەهۆی ئەو چوار ژوورە گازیو گەورەیەی ئەم ئۆردوگایە هەیبوو ،
هەروەها بەهۆی شوێنەکانی سوتاندنەوە کە بە دەورییەوە بـوون
٣ توانای لە کوشتن و لەچاڵنانی لە گشت ئۆردوگاکانیتر زیاتر بـوو
کە ئەمانە بوون (تریبلینکا ، بیلزیك ، سیبسیبۆ شیلمنۆ ) .

٤ هەندێ ئۆردوگای قەڵاچۆکردنی تر هەبوو بەڵام کرداری کوشتن
تیایاندا بە گوللە دەچوو بەرێوە نەك بە گاز .

مقۆمقۆیەکی زۆر لە نێوان جەنەراڵەکانی پاسداری نازی روویدا
سەبارەت بە چاکترین گاز کە بە زوویی ئەنجامەکان بداتە دەستەوە .

ئۆردوگای ئۆشویتز لە ئەنجامەکانیدا گەیشتە لوتکە ، لە توانایدا بوو ٦ هەزار کەس لە ڕۆژێکدا بکوژێ • ڕۆدلف هویس Rudolf Hoess ماوەیەك سەرکردایەتی ئەم ئۆردوگایەی کرد •

لە موحاکەماتەکانی نۆرمبرگدا لە بارەی چاکترین گازەوە کە بەکاری دەهێنا دەدوا ، ووتی :

«بڕگەی دواچارەسەری گیروگرفتی جوولەکە مانای قەلاچۆکردنی گشت جوولەکەیە لە ئەوروپا ، لە حوزەیرانی سالی ١٩٤١دا سەبارەت بە دامەزراندنی پێداویستەکانی قەلاچۆکردن لە ئۆشۆیتز فەرمایشتم بۆ دەرکرا » •

لەو کاتەدا لە حاکمیەتی گشتی هۆلەندە سێ ئۆردوگای تری قەلاچۆکردن هەبوو کەبیلزیكو تریبلینکاو لزیك بوون •

هەلسام بە سەردانی تریبلینکا تا بە چاوی خۆم چۆنیەبی بەجێگەیاندنی بەرنامەی قەلاچۆکردن لەو ئۆردوگایەدا ببینم • جەنەرالی ئۆردوگاکە پێی‌ڕاگەیاندم کە لە ماوەی نیو سالدا ٨٠ هەزار کەسی قەلاچۆ کردووە •

ئەرکی سەرەکیی خۆرزگارکردن بوو لە جوولەکەکانی دابڕگەی وارشۆ • گازی یەکەم ئۆکسید(Monoxide Gass)ی بەکاردەهێنا ، بەلام هیچ سوودێكو چاکی‌یەکم لە بەکارهێنانی ئەم گازەدا نەئەبینی، لەبەرئەوە کاتێك هەلسام بە بنیاتنانی ئۆردوگای قەلاچۆکردن لە ئۆشۆیتز مادەی (Zykhlon-B-)م بەکارهێنا کە مادەی ترشی برۆسیکی کریستاڵ بووە • ئەم گازەمان لە کونێکی بچووکەوە دەهاویشتە ژووری مردنەوە • ئەو ماوەیەی مادەکە پێویستی بوو

بۆ کوشتنی هەرچی‌یەك لە ژوورەکەدایە (٣ــ١٥) خولەك بوو ، کــە ئەمەش بە ئاووهەواوە بەسترابوو . دەمانزانی هەر کە هاوارو ڕۆڕۆ بوەستایە ئەوە مانای وایە کار تەواو بووە ، هەموو کاتێك نزیك نیو سەعات دەوەستاین پێش ئەوەی دەرگا بۆ دەرهێنــانی لاشەکــان بکەینەوە . کاتێك لاشەکان بەرز ئەکرانەوە پیاوەکانمان هەرچی‌یەك لە دەستی مردووەکان هەبوایە هەر لە ئەموستیلەو سەعاتی زێریــن دەیانکردەوە ، تەنانەت ددانی زێرینی ناو دەمیان دەرئەکرد » .

« لەوەدا لە ئۆردوگای تریبلینکا پێشکەوتووتر بووین کە ئــەو ژووری مردنانەی ئێمە ئامادەمان کردبوو جێگەی دوو هەزار کەسی لە یەك کاتدا دەبۆوە ، کەچی دە زوورەکەی تریبلینکا دووسەد کەس زیاتــری نەئەگــرت » .

پاشان هویس دێتە سەر ڕاڤەکردنی ڕێگای پاڵپێوەنانی کوژراوەکان بۆ ژوورە گازی‌یەکان ، دەڵێ مەبەستمان کوشتنی هەموو بەندی‌یەکان لە یەك کاتدا نە بوو چونکە پێویستیمان بە هەندێکیان هەبــوو بــۆ ئیش‌پێ‌کردنیان لە کارگەکانی (فاربینی) کیمیاگەری‌و کارگــەکانی (کرۆب) ، تا لە کارکردن پەکیان دەکەوت ... ووتی :

لە ئۆردوگاکەماندا دوو پزیشکمان هەبوو بۆ فەحسی بەندی‌یــە تازە هاتووەکان ، ئەوانە بەریز ئەوەستان ، یەکێك لە پزیشکەکانیش پیایاندا تێ‌پەر ئەبوو ، بە پەلەو یەکسەر بڕیاری خۆی دەرئەکــرد . هەر پیاوێك بۆ کارکردن دەستی بدایــە هەڵدەبــژێرراو ڕەوانــەی سەربازگەکان دەکرا ، بەڵام پاشماوەیان بۆ ژوورەکانی قەڵاچۆکردن

دەگوێزرانەوە ، منالی بچووك یەکەر لەناو دەبرا ، چونکە بچووکی تەمەنی رێگە لە کارکردن دەگرێ » •

ئینجا هویس باسی دەستکاری کردنی شێوازی کوشتن بەکۆمەڵ دەکات ، لەدان پیانانەکانیدا ووتبوی :ـ

«دەستمان بەسەر شێوازەکانی ئۆردوگای تریبلینکا هێنا ، چونکە لەم ئۆردوگایەدا خەڵکەکە بە تەواوی دەیانزانی دەمرن ، بەڵام لای ئێمە لە ئۆشۆێتز هەوڵی فریودانیانمان دەدان • زۆربەیان لە راستی نیازمان تێگەیشتبوون ، زۆریش تووشی قورسیو سەختی هاتین • زۆرجار ئافرەتەکان منالەکانیان لە ژێر جلەکانیان دەشاردەوە ، بەڵام هەر کە دەمان دۆزییەوە بۆ ژووری گازمان دەنارد •

وا داواکراو بوو بە نهێنی بە کارەکەمان هەڵبسین ، بەڵام ئەو بۆنە بۆگەنەی بە بەردەوامی لە سووتاندنی لاشەکانەوە بڵاودەبۆوە ناوچەکەی دادەپۆشی ، بەو جۆرە گشت خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر دەیانزانی کرداری قەڵاچۆکردن لە ئۆشۆێتزدا بەرێوە دەچێت » •

هویس رووونی کردەوە کە هەندێ [بەندی جیاکراوە] کە بە زۆری لە دیلە رووسییەکان بوون بە دەرزی بەنزین دەکوژران •

وە نەبێتو بە هیچ جۆرێ دیمەنی ژوورەکانی [گاز] و (جێسووتاندنەکان) ئازاردەرو ناشرین بووبێ ، زۆر زەحمەت بوو بۆ ئەو کەسەی سەیری ئەکات لە راستییەکەی بزانێت ، رووەکانی گوڵی گەشاوەی خرابووە سەر ، لەسەر دەرگاکان هەندێ تەختە بەرز کرابۆوەو بە گەورەیی ووشەی گەرماوی لەسەر نووسرابوو • بەندییە نیازپاکەکان وایان دەزانی بۆ گەرماویان دەبەن وەکو

پیشەکی‌یەك بۆ کرداری خۆپاك کردنەوە کە لە گشت سەربازگەکاندا بەرێوە دەبرا • زۆرجاریش لە کاتی چوونە ژوورەوەیاندا ئـاوازی مۆسیقای نەرمیان بۆ لێدەدرا • ئەم مۆسیقایە لەلایەن تیپێکی کچانی لاوی جوانەوە لێدەدرا (ئەم کچانـە هەر لە نێـو بەندی‌یەکانـدا هەلبژێرابوون) بلوزی سپی‌و تەنورەی شینیان لەبەر ئەکرد • لـە کاتێکا کوشتن‌و برین لە ژوورە گازی‌یەکاندا بەرێوە دەبـرا ، لـە دەرەوەشدا ئاوازی ئۆپراکانی پاریس‌یان فیەننا لێدەدرا •

ئا بەم جۆرە لەو ساتەی پیاوو ئافرەت‌و منال بەرەو ژووری مردن دەبران گوێشیان پر دەکرا لە ئاوازی جۆش‌هێنەرو خۆشترین کاتیان بیر دەخاتەوە • داوایان لێ‌ئەکردن جلەکانیان دابکـەنن تـا بـەرەو گەرماو بچن ، تەنانەت هەندێ جار خاولیشیان دەدرایە دەست • هەر کە دەچوونە ژوورەوە بۆ یەکەم جار چاوو گوێیان راستی دەبیستەو دەبینی ، دەیبینی نزیکەی دوو هەزار کەس کراونەتە ژوورێگەوە کە بە هیچ جۆرێك ماوەی خۆشوشتن نی‌یە • ئەوەندەی نەئەبرد دەرگا گەورەکەیان لەسەر دائەخرا •

بۆری‌یەکانی گازیش بۆ ژوورەکانی مردن درێـژ ئەکرانـەوە ، سەربازەکانیش لەوپەری ئامادەیی دا دەبوون بۆ پرژاندنی گـازی سیانیدی هایدرۆجینی ڕەنگ شین یان مـاددەی زیکلـۆن B بۆ ناو ژوورەکە • پاش بیست یان سی خولەك ، کاتێك ئەو برە لاشە کەلەك بووە لە جوولەو هەناسەدان دەکەوت ، چەند بادرەکێشێـك هەلئەسان بە مژینی ئەو هەوا ژەهراوی یەی ناو ژوورەکە ، پاشـان دەرگا گەورەکە لە لایەن چەند بەندکراوێکـەوە دەکرایـەوە کـە

ئەلمانەکان بەڵێنی ژینو خواردنی چاکیـان دابـوونێ بەرامبـەر بـەجێهێنانی ناشیرنترین ئەرك ، ئەوانە کـە دەچوونـە ژوورەوە پێڵاوی لاستیکیو شتی تریان بەکاردەهێنا تا بتوانن لە ناو ژوورەکەدا دەوری خۆیان ببینن و گاز کاریان تێ نەکات .

بەڵام بۆ چۆنیەتی لەناودانی لاشەکان پیـاوانی سەرمایـەداری ئەلمانی پێش‌برکێ‌یەکی زۆر کەو تبووە نێوانیانەوە ، ئەوەبوو لـە ئەنجامدا کۆمپانیای (تۆبفو کورەکانی) توانیان سەربکەون لـە بنیاتنانی سووتێنەرێك (محرقة) لە ئۆشڤێتز .

نازانرێ چەند بێتاوانو قوڕبەسەر کە زۆربەیان دیل بوون لـە ئۆردوگای ئۆشڤێتزدا سەربڕران ، هیچ مرۆڤێك راستی تەواوی ئەو ژمارەیە نازانێت . هویس لە شایەتی‌یەکەی مەحکەمەدا ئەم ژمارەیەی بە دوو ملیۆنو نیو کوژراو دایە قەڵەم کە یا بە گاز یـــا نەخۆشـــی گیانیـــان دەرچووە ، هەروەها نیـــو ملیۆنیش بە برسێتی مردوون . سەرجەم دەگاتە ٣ ملیۆن کەس . بەڵام هـەر هۆیس خۆی لە مەحکەمەیەکی تردا لە وارشۆ ئەم ژمـارەیەی بـە کەمتر دایە قـەڵـەم .

حکومەتی سۆڤیەتیش دوای سەرکەوتنی تەواو بەسەر هاوپەیمانان ئەم ژمارەیەی گەیاندە چوار ملیۆن ، جگە لەمانـە چەندیـن رای جیاوازی تر هەیە لەم بارەیەوە . بەڵام هەر کام لـەم رایانـە بگرین نامرۆڤایەتی نازی‌یەکان دەردەفات .

## دابرگـەی (معـزل) وارشـۆ هیچ بوونێکی نەمـاوە

زۆر جار باسی گیانی خۆبەدەستەوەدانی جوولەکەکان دەکرا کاتێك لە لایەن دەستەی کاری تایبەتەوە بەرەو مردن راپێچ دەکران • بەڵام هەندێ لە جوولەکەکان ئەمەیان قبوڵ نەکردو لە رووی نازی‌یەکاندا راپەرین • لە بەهاری ساڵی ١٩٤٣ نزیکەی ٦٠ هەزار جوولەکـەی دەست‌بەسەر لە دابڕگەی وارشۆ لە رووی نازی‌یە خوێن‌ڕێژەکاندا راپەرین‌و شەریان لەگەڵدا کردن •

باوەر ناکەم هیچ وەسفێك هەبێت لەو وەسفە جوانتر بێت کە ئەفسەری پاسدارانی نازی لە بارەی شۆرشی دابڕگەی وارشۆوە نووسیبووی، وە هەر خۆشی بوو شۆرشەکەی دامرکاندەوە • ئـەو ئەفســەرەش (جێرگیـن شترۆب)ە •

هێشتا کۆتـایی پایزی ساڵی ١٩٤٠ نەهاتبووە ، واتە پـاش ساڵێك لە داگیرکردنی پۆڵەندە ، پاسدارانی نازی نزیکەی ٤٠٠ هەزار جوولەکەیان کۆکردەوەو لە شوورەیەکدا لە پاشماوەی شاری وارشۆ دایان بڕاندن، لەناوچەیەکدا کە درێژی‌و پانی‌یەکەی دوو میل‌و نیوە• لە کاتی ئاساییدا ناوچەکە تەنها ١٦٠ هەزار کەسی دەگرت• فەرمانداری گشتی (فرانك) نەیدەهێشت تەنانەت نیـوەی دانیشتواتـەکـەشی خواردنیان بدرێتێ • هەروەها هەڕەشەی کوشتنی کەسێکی دەکـرد کە دابڕگەکە بەجێ‌بهێڵێ •

جوولەکەکان لەو دابرگەیـە هیچ ئیشێك نەبوو بیکـەن تەنهـا کارکردن نەبێت لە هەندێك لـەو کارگە چەکی‌یانەی ئەڵمانەکـان

له نێوه شووره‌که‌دا دروستیان کردبوو به‌ڵام دانیشتوانی دابڕگه‌کـه له برســاو نه‌خۆشی‌دا به‌و په‌له‌یی‌یه نه‌مردن کـه لـه ناوچوونیـان له‌گه‌ڵ ئاره‌زووه‌کانی هملەردا رێك بکه‌وێت •

له ساڵی ١٩٤٢دا هملـه‌ر بـه بیانووی ئاسایشـه‌وه بریـاری قه‌ڵاچۆکردنی جووله‌کانی وارشۆی ده‌رکرد • له ٢٢ی ته‌مـوزه‌وه کرداری «دووباره نیشته‌جێ‌کردن» ده‌ستی پێ‌کرد • له ماوه‌ی ئـه‌و مێژووه‌و سێ‌ی‌تشرینی یه‌که‌مـدا هه‌روه‌ك شتروٚب ووتی (٣١٠٣٢٢) که‌س دووباره نیشته‌جێ‌کرانه‌وه ، واته بۆ ئۆردوگاکانی قه‌ڵاچۆکردن گوێزرانه‌وه ، به تایبه‌تی تریبلینکا که تیایدا به گاز ده‌کوژان •

هملەر بەم ئەنجامەشی رازی نەبوو ، بۆیه لـه کانوونی دووه‌می ساڵی ١٩٤٣ سه‌ردانێکی وارشۆی کردو بینی ٦٠ هه‌زار کـه‌س لـه دابڕگه‌که هه‌ر زیندوون ، له به‌ر ئه‌وه بریاری‌دا که ده‌بێت پێش ١٥ی شوبات هه‌موویان دووره‌وه‌ره نیشته جێ بکرێن واتـه قڕتێ بخرێن • به‌ڵام جێ‌به‌جێ کردنی ئه‌م کاره ته‌نگ‌وچه‌ڵه‌مه‌و قورسی‌یـه‌کی هاتـه رێگا که چاوه‌روانیان نه‌ئه‌کرد سه‌ختی زستان‌و هه‌ره‌س هێنانه‌کـه‌ی ستالینگرادو (٩) کشانه‌وه‌ی سوپا له باشووری رووسیا ، هه‌روه‌ها

---

(٩) له ئۆکتۆبه‌ری ساڵی ١٩٤٢ سوپای ئه‌ڵمانی له هێرشێکی به‌ربڵاودا توانی ده‌ست به‌سه‌ر ٤/٥ی شاری ستالینگراددا بگرێت ، به‌ڵام بۆی نه‌کرا به ته‌واوی به‌سه‌ریدا زاڵ بێت • دانیشتوانی شاره‌که‌و پاشماوه‌ی گه‌لانی سۆڤیه‌ت به‌رگری‌یه‌کی پیاوانه‌یان له‌م شاره‌کردو

کەمی شەمەندەفەری پێویست بۆ گوێزانەوەی خەلکەکە لەو تەگەرانە بوون کە هاتە رێگەیـان .

بەلاّم سەربازی ئەمانە هەروەك شتروّب خوّی دەیگێرێتـەوە ، جوولەکەکان بە هەموو رنگاو شێوازێك بەربەرەکـانی پاکسـازی خۆیانیـان دەکـرد .

لە توانادا نەبوو ئە هاتنی بەهار فەرمانەکەی هملەر بەجێبگەیەنرێ ..بریاری‌دا لە ماوەی سێ رۆژدا بە کردارێکی تایبەت دابڕگەکـــە چۆل بکرێ ، بەلاّم چوار هەفتەی خایاند .

لــە بەرەبەیانی ١٩ی نیسانی ساڵی ١٩٤٣دا جەنەراڵی پاسدارانی نازی شتروّب ئەنك‌و توّپ‌و موشەك‌و تیپــە وێرا نکارەکـانی رووەو

ئاوچەکە رۆیشتن . دانیشتوانەکەش هەندێ جۆری چەکیان لای خۆیان شلك‌ئەبرد وەك دەمانچەو تفەنگ‌و چەند توّپ‌و نارنجۆکـــــی دەستی کە خۆیان دروستیان ئەکرد . ئێستاش ئامادەیی خۆیانیـان

---

نەیان هێشت پێی نازی‌یەکان گلاّوی بکات . هەر لەهەمـات سالّدا سوپای سۆڤیەتی توانی ئابلووقەی سوپای نازی‌یەکـان بدات . هتلەر هەرچەنـد یارمەتی ئاسمانی‌و ووشکایی دەنـارد سوودی نەبوو ، بۆیە لە ئاکامدا سەرکردەی سوپای ئەلمـانی (باولۆس)و ٩٠ هەزار سەرباز بە دیل گیران ، ئەمە ســەرەرای مردنی سەد هەزار سەربازی ئەلمانی . لەم شەرەدا تەنها ٣٠ هەزار سەربازی نازی‌یەکان توانی‌یان دەربازبـن .

لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە نیشاندا • ئەمە بۆ یەکەم جارو دواجارە لە مێژووی رایخی سێهەمدا جوولەکە بە چەك بەربەرەکانی نازی‌یەکان بکات بەر بەرەکانیەکی توند •

هێزەکەی شترۆب لە (۲۰۹۰) چەکدارێك ساتبوو ، ئەم هێزە لـە رۆژی یەکەمی شەڕدا بەرهەڵستی‌یەکی چاوەڕوان نەکراوی کـرا • شترۆب لە راپۆرتی رۆژی یەکەمدا دەگێڕێتەوە :ــ

«هێشتا شەرەکە دەستی پێ‌نەکردبوو ، ئاگرێکی بە هێزی چڕمان لە چەتە جوولەکانەوە بۆ هات • تانك‌و زرێ‌پۆشەکانمان بە بۆمبای مۆلۆتۆف بەرپەرچ‌درانەوە • لەئەنجامی ئەم دژە هێرشەی دوژمـندا ناچاربووین بکشێینەوە » •

هێرشی ئەڵمانی نوێ‌کرایەوە ، بەڵام بەرهەڵستی هەروەك خۆی مایەوە، رۆژ لـە دوای رۆژ بەرهەڵستی زیادی دەکرد تـا گەیشتـە رۆژی پێنجەم کە تیایدا هملەر تووڕە بووو فەرمانی بـە شتـرۆبدا بـە سووتاندنی دابڕگەکە بەوپەری دڵرەقی‌و بێ‌بەزەیی‌یانەوە •••شترۆب لە دوا راپۆرتیدا دوا رووداو دەگێڕێتەوە :

«لەبەر ئەوەی بڕیاری کاولکردنی ناووچە جوولـەکەیی یەکەی بە گشتنی‌دا ، بە سووتاندنی هەموو بەشەکانی •••جوولەکەکان لـە خانووە سووتاوەکانیاندا هەر مانەوە ، تـا ترسی سووتـان تەنگی پێ‌هەڵچنین وهەر بە زیندوویی لە خانووە قات بەرزەکانـە خۆیـان هەڵئەدایە خوارەوە••• هەندێکیان سەرەرای سووتاندنی ئێسکەکانیان هەولیاندا خۆیان بگەیەنە ئەو خانووانەی هێشتا ئاگری تێ بەرنەبووە

... هەندێکی تریان سەرەرای ترس لێنیشتنی مردن بەسەریانــەوە دەیانوویست لە ناو گڕەکە بمێننەوە تا دەستگیریان دەکەین » •

لە ٢٥ی نیسان نامەیەکی بۆ بارەگای سەرکردایەتــی پاسدارانــی نازی نارد تیایدا ووتی کە تا ئیستا دەستی بەسەر (٢٧٤٦٤) کــەسدا گرتووەو دەیەوێت شەمەندەفەرێك پەیدا بکات تا بۆ تریبلینکایــان بنێرێ ، وە سبەینێ لە سەرکردەوەی پاکسازی هەر بەردەوام دەبێت •

لە دوا رۆژەکاندا پارێزەرانی شۆرش پەنایان بۆ بۆرییە ئاوەکان بردە شترۆب هەوڵیدا بە پرکردنی لە ئاو ناچاریان بکات بێنە دەرەوە بەڵام جوولەکەکان توانییان بیوەستێنن • لە هەمان رۆژدا لە رێگەی لوولەی گەورەوە بۆمبای دوکەڵداریان دەخستە ناو بۆرییەکانــەوە، بەڵام ئەمەش سوودی ئەوتۆی نەبوو • چەکدارە ئابلووقەدراوەکان بۆ ماوەیەچ مانگ بە شێوازی جیاواز جیاواز کە شترۆب بــە فێڵو بەڵەکەبازی وەسفی دەکات دەجەنگان •

لە ٢٦ی نیسان‌دا شترۆب ووتی هەندێ لە بــەرهەڵستی کــەران بەهۆی گەرمیو دوکەڵو بارووتەوە شێت بوون • پاشان ووتی :

«لەو رۆژەدا چەند خانوویەکی ترمــان سووتانــد ، بێ گومــان سووفاندن تا کە رێگەیە بۆ ناچارکردنی ئەم بەرماوە یانە بۆ دەرچوونە سەر رووی زەوی » •

لە ١٦ی ئایار کە دوارۆژی بەرهەڵستی بوو ، شترۆب دوا راپۆرتی لەبارەی شەڕەوە نارد ... ووتی :

« دەستمان بەسەر ١٨٠ جوولەکەو دزو بەرماوە گرتووە ، ئیستاش

ناوچەکەی پێشووی جوولەکە هیچ بوونێکی نەماوە ... دوا کردەوە لە کاتژمێر هەشتو چارەك بە تەقا ندنەوەی کڵێسەی وارشۆ کۆتایی هـــات » .

« ژمارەی ئەو جوولەکانەی کوژران گەیشتە (٥٦٠٦٥) کــەس ، دەستمان بەسەر هەندێکیاندا گرتووە کە لە تواناداا هەیە پاکسازییان بکـــەیـــن [١٠] » .

شترۆب زیـنی ئەڵمانییەکانی بە ١٦ کوژراوو ٩٠ بریندار دایـە قەڵەم . بەڵام ئەم ژمارەیە راستی نیە چونکە لەترسی جاڕس بوونـــی هملەر جورئەتی نەکردووە راستی بڵێت . بەم جۆرە کــرداری دوا چارەسەر لە گشت ناوچەکاندا هەر بەردەوام بوو . دوو شایەت لــە پاسدارانی نازی لە مەحکەمەی نۆرمبرگدا سەرجەمی ژمارەکەی بە ٥ــ٦ ملێون کوژراو راگەیاند . بەڵام ریتلیگەر لــە لێکۆڵینــەوە بەربڵاوەکەیدا ئەم ژمارەیەی کەم کردەوەو گەیاندیە ( ٤١٩٤٢٠٠ ــ ٤٥٨١٢٠٠ ) کوژراو [١١] .

---

(١٠) هەموو ساڵێك لە پۆلونیا یادی ئەم رۆژە دەکرێتەوەو تیایــدا کۆڕی گەورە گەورە دەبەسترێ .

(١١) زۆرجار جوولەکەکان بیری تۆڵە کردنەوەیان بەمێشکدا هاتووە ، تا هەرچی ڕقو قینەی دڵیان هەیە بەسەر ئەڵمانەکانیدا برێــژن، بەڵام زۆرجار تۆڵەکردنەوەکان لەو کارانە دەچوو کە هتلەری یەکـــان پێی هەڵئەسـ.ـاو مرۆڤی بێچەكو پەککەوتەیان دەکوشت . وا لێرەدا نموونەیەك لەو تۆڵانە دەهێنینەوە :ــ

له ئەلمانیا جوولەکەیەك هەبوو بە ناوی «مۆریس» کە پیاوی دزی‌یەکان بوو • ئەلمانەکان برایەکی ئەم کابرایەیان بە توومەتی خیانەت کوشتبوو ، خۆشی لە دەستیان هەلاتبوو ڕووی لە ئینگلتەرە کرد • ئەم جوولەکەیە هەر بیری لە تۆلەکردنەوە دەکردو لە دەرفەتێك دە ئەڕا دەستی خۆی تێدا بوەشێنێ •

شاری «درسدن»ی ئەلمانی تاقە شاربوو لە ئەلمانیا کە بۆردومانی فرۆکەی هاوپەیمانەکانی نەگەیشتبووێ ، ئەویش بەهۆی ئەوەی هیچ کوگاو عەمبارێکی چەكو تەقەمەنی تێدا نەبووە • ئەم شارە هەموو سالێك لە ڕێکەوتی ١٣ی شوبات جەژنی نەتەوایەتی‌یان دەگێڕاو ئاهەنك ساز دەکرا ، لە هەموو ئەلمانیاوە خەلکی ڕوویان تێ‌دەکرد، قەرەبالغی‌یەکی گەورەیان دروست دەکرد •

«مۆریس»ی جوولەکە ئەم ڕۆژەی بە هەلزانی کە پیلانەکەی بیا بە ئەنجام بگەیەنێت ، بۆیە هەلسا نەخشەیەکی ساختە (خرطة مزورة)ی شارەکەی بۆ ئینگلیزەکان برد تا بۆیان دەربخات کە هتلەر چەكو تەقەمەنی‌یەکی زۆری ئاخنیوەتە شارەکەوەو نیازی هێرش پێ‌کردنی هەیە • لەسەرەتادا ئینگلیزەکان باوەڕیان بە نەخشەکە نەکرد ، بۆیە جەنەڕال (هاریس) داوای کابرای جوولەکەی کردو پێی ووت :ـ «کاك مۆریس ئەم نەخشیەیە زۆر جیاوازە لەوەی لای سەرکردایەتی ئستوولی ئاسمانی ئەمریکی هەیە ، ئایا چۆن ئەم لێك‌نەچوونە لێك‌ئەدەینەوە ؟» • ئەویش هەر بە زوویی درۆیەکی بۆ هاتو پێی ڕاگەیاند کە ئەم نەخشەیە تازە دەستی‌کەوتووەو ئەوەی ئێوە هی هەشت مانگ لەمەوبەرە ، لەو ماوەیەدا هتلەر ناوچەکەی پڕچەك کردووە •

ئینگلیزەکان بڕیاریاندا کە چەند فڕۆکەیەك بنێرن تا سەر لەنوێ وێنەی شاری دریسدن بگرنەوە ، بەڵام مۆریس بەوە ڕێی لێ گرتن گوایە بە دەرچوونی ئەم فڕۆکانە ئەڵمانەکان دەرکیان پێدەکەن • سەرەنجام بڕیاری بۆردومان کردنی شارەکە دەرکرا بــە مــەرجێ بکەوێتە دوای ئەو ئاهەنگ گێرانە تا مەدەنیە بێناوانەکان بەرنەکەون مۆریس دوای ئەوەی لەگەڵ جەنەڕاڵ هارتس هیچی بۆ نەکرا پەنای بۆ چەرچلی سەرەك وەزیران بردو تەواوی درۆو دەلەسەکانی خۆی پێ ڕاگەیاند • ئەوەبوو یەکسەر فەرمان لە سەرکردایەتیەوە دەرچوو بە بۆردومان کردنی شارەکە • کاتژمێر یانزەی شەوی ١٣ی شوباتی ١٩٤٥ بوو خەڵکی لە گەرمەی ئاهەنگ گێرانو بــەزمو خۆشیدا بوون فڕۆکەکان گەیشتنە سەر شاری دریســدنو چــوار دەوری شارەکەیان بەسەختی بۆردومان کرد ، پاشان بۆ سبەی جارێکی تر هاتنەوەو ناوەڕاستی شارەکەیان پێکا • لەم بۆردومانەدا ٨٠ هەزار ڕتڵ بۆمبای وێرانکەرو ڕۆکێتی قورسیان هاویشتۆتە خــوارەوە • بەم جۆرە لە کۆتاییدا لاشەی نزیکەی ١٢٠ هەزار کەس لە ســەر زەوی دەبینـــرا •

# مردنی هایدریش‌و کۆتایی هاتنی گوندی لیدیس

هایدریش ریتهارد سەرۆکی پۆلیسی تایبەتی‌و جێگری سەرۆکی غستابۆ بوو ، تەمەنیشی خۆی لە ٣٨ سـال دەدات • زۆر ئارەزووی زیادبوونی دەسەلات ودەست رۆیشتنی هەبوو ، ئەوەبوو کاری بـۆ مەیسەر بوو لە ئەیلولی ١٩٤١دا هتلەر کردی بە فەرماندار بەسەر هـەر دوو هەرێمی (بۆهیمیاو مۆرانیا)• بەلام زۆر حوکمی نەگێراو دەستی رانەوەشاند •

لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٩ی ئەیاری ساڵی ١٩٤٢ لە کاتێکدا ئۆتۆمبیلە مارسیدسە سەر بەتاکەکەی لە خانووە لادێیی‌یەکەیەوە بەرەو کۆشك لە براغ لێ‌ئەخوری ،ئەوەندەی زانی بۆمبایەکی بەریتانی دروست‌کراو هەلدرایە ناو ئۆتۆمبیلەکەیەوەو هەپرون بە هەپرونی کرد ، هەروەها بڕبڕەی پشتی شکاندا • ئەم بۆمبایە لە لایەن دوو چیکۆسلۆڤاکی‌یەوە هاوێژرا کە بریتی بوون لە (کۆبیس‌و جۆزێنی نماییك) ، لە پیاوانی سوپای چیکۆسلۆڤاکی ئازاد بوون‌لە ئینگلتەرە • فرۆکەیەك لـە فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانی بە پەرەشووت فرێی دابوونـە خوارەوە پاش ئەوەی هەموو پێداویستی‌یەکی کارەکەیان بۆ تەرخان کرابوو • پاش تەقاندەوە کە توانی‌یان لە نێو دوکەلی بۆمباکە داخۆیان بشارنەوەو لای قەشەیەکی کلێسەی کارل برۆمێوس لە براغ پەناگەیەك بدۆزنەوە • لە ٤ی حوزەیران هایدریش بە دەردی برینەکەیەوە مرد • ئەوەندەی نەبرد قەسبخانەیەکی زۆر بێ‌بەزەیی‌یانەی بە دوادا هات • یەکێك لە راپۆرتەکانی غستابۆ دەڵێت (١٢٣١) چیکی کە (٢٠١) یان

ئافرەت بوون یەکسەر گوللەباران کران • هێزی پاسدارانیش هەردوو بکوژەکەو (١٢٠) چەکداری تری سوپای بەرهەڵستی چیکی کە لە کلێسەکە خۆیان حەشاردابوو ئابلۆوقەداو هەر لە جێگەی خۆیان کوشتیانن • ئەم سزایە هەموو کەسێکی گرتەوە بە تایبەت جوولەکە.

ئەوەبوو لە دابڕگەی «سیرسینیت دت»ەوە سێ هەزاریان بەرەو رۆژهەڵات لێ نوێزرایەوە تاوەکو لەوێ قەلاچۆ بکرێن • غۆبلزیش لە رۆژی تەقینەوەی بۆمباکەدا (٥٠٠) جوولەکەی لە بەرلین گرت ، وە لە رۆژی مردنی هایدریش‌دا بە هۆی هەڵچوونییەوە (١٥٢)ی لێ سێدارەدان •

بەلام جیهان هەرگیز ئەو چارەنووسەی لەیاد ناچێ کە بەسەر گوندە خنجیلانەکەی «لیدیس» نزیك شاری کلاتۆ هات ، ئەم گوندە ئەوەندە لە پراغەوە دوور نەبوو ، ئەو درندایەتیو نازییەتەی ئەڵمانەکان دوای کوشتنی هایدریش بەسەر ئەم گوندەیاندا هێنا لە جیهاندا بێوێنەیە •

لە کازێوەی رۆژی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٢ ، دە ئۆتۆمبیلی پڕ لە هێزی ئاسایش بە سەرۆکایەتی «ماکس رۆستۆك» گەیشتنە گوندی (لیدیس)و ئابلوقەی‌دا • هاتنەدەرەوە لە گوندەکە قەدەغە کرا ، بەرێکەوت لە کاتی گەمارۆدانەکە چەند کەسایێکی گوندەکە لە دەرەوە بوون ، منالێکی تەمەن دوانزە ساڵانیش بەبینینی ئەم هێزە گەورەیە ترساو رایکردە دەرەوەی گوندەکە ، بەلام یەکسەر بەرگوللە دراو کوژرا • ئافرەتێکیش هەوڵی‌دا رابکاتە کیلگەیەکی گوندەکەوە، نازییەکانیش لە پشتەوە بەرگوللەیان‌دا ومردە هەموو تێرینەی لادێکە دەست بەسەر کران •

له بەرەبەیانی رۆژی داهاتوو دەستە دەستە بەرەو شار دەیـــان گوێزرانەوەو هەر دەستەیەکیش لە دە کەس پێك‌هاتبوو ، کە چەنـد پەلێکی پۆلیسی ئاسایی لەسێدارەیان ئەدان • تا کاتژمێر چواری سەر لە ئێوارە کار هەر بەردەوام بوو ، لە ئەنجامدا ١٧٢ پیـاوو لاو کـە تەمەنیان شانزە سالی تێپەر کردبوو لەسێدارە دران • نۆزدە پیاوی تری خەلکی گوندەکە کە لە کاتی قەسابخانە کە لە کانەکانی (کلادنۆ) ئیشیان دەکرد دەستگیر کرانو لە دواییدا لە براغ کوژران • حەوت ئافرەتی خەلکی گوندی لیدیس هەر لە براغ لەسێدارە دران ، بەلام پاشماوەی ئافرەتەکانی تری گوندەکە کە ژمارەیان ١٩٥ ئـافـرەت دەبوو بۆ بەندیخانەی (رافتربرۆگ) لە ئەلمانیا گوێزرانەوە ، لەوێدا حەوتیان بە گاز کوژران ، سیانیان بێسەروشوێن کران ، دوانیان لە رەفتار خراپیو بێرەووشتی ئەلمانەکاندا گیانیان دەرچوو • چـوار ئافرەتی تری گوندەکە لە منال بووندا بوون بۆ نەخۆشخانەی منال بوون لە براغ گوێزرانەوە ، کـە لەوێدا منالـەکانیـان کوشـتو ئافرەتەکانیان رەوانەی بەندیخانە کرد • هیچ لەبەردەم ئەلمانەکانـدا نەمایەوە تەنها منالانی گوندەکە نەبێت کە باوکیان کوژرانو دایکیان بوونە میوانی بەندیخانەکان • ئەلمانەکان هیچ کام لەم منالانەیـان نەکوشت کە ژمارەیان خۆی لە ٩٠ منال دەدا ، بەلکو بۆ گرتووخانەی «غنیسنرناو» یان گواستنەوە • شارەزایانی هملەر لـە کـاروبـاری رەگەزایەتی حەوت منالیان لێهەلبژاردن کە تەمەنیان هێشتا سالێکی تەواو نەکردبوو ، وە بۆ ئەلمانیان نارد تا پێگەیشتنێکی ئەلمانیو بە ناوی ئەلمانیەوە پێبگەن •

ئەوانەی تریشیان هەر بەم ڕێگایە لەکۆڵ کردەوە [١٣] لە پایـزی ساڵی ١٩٤٥ واتە دوای هەرەس‌هێنانی نازی‌یەکان هەندێ لەو دایکانەی گوندی لیدیس کە هێشتا لە ژیاندا بوون لە ڕۆژنامەکاندا بانگەوازیان بڵاوکردەوە بۆ یارمەتی دانیان لە دۆزینەوەی منالەکانیان .

بەم جۆرە گوندی لیدیس بوونی‌نەما . دوای کوشتنی نێرینەکانی، دوای بەندکردنی ئافرەت‌و منالەکانی .

پۆلیسی ئاسایش هەڵسا بە سووتاندن‌و تەقاندنەوەی خانووەکانی گوندەکە ، پاشان لابردنی گشت پاشماوە یەکی گوندی لیدیس .

ئەم گوندە تاقە گوند نەبوو کە ئەم کۆتایی‌یە دڕندایەتی‌یـەی بەخۆیەوە بینی ، بەڵکو چەند گونـدێکی تـری وەك «لیزهاکی»و گوندی تری پۆڵەندەو روسیاو یۆنان و یۆغۆسلاڤیا ئەم کارەساتەیان بەسەردا هاتووە . ئەڵمانەکان ئەم تاوانەیان لە ڕۆژئاواش‌دا دووپـات

---

(١٢) لەو کاتەی شۆڕشگێرانی ڤێتنام لە نیسانی ساڵی ١٩٧٥ بە زەبری چەکەکانیان ئیمپریالیزمی ئەمریکایـان لـە خاکی باووباپیرانیـان وەدەرنا ، ئەمریکایی‌یەکان لاسایی هتلەریان کـردەوە ، وە بـۆ زەبر لێدانی گەلی ڤێتنام هەڵسان چەند هـەزار منالێکیان لەگەڵ خۆیاندا ڕووەو ئەمریکا ڕەفاند مێشکیان بشۆنەوەو بیانکەنـە خائینی نشتمان دوای ئەوەی خۆیان‌و نشتمانەکەیان لەبیر دەچێتەوە، ئەم منالانە لە ڕووداوێکی فڕۆکەیەکدا لە کاتی گواستنەوە زیاتر لە سەد کەسیان لێ‌مرد . ئا ئـەمەیە ئەمریکـا کە لە دوا هەناسەکانی ژیانیدا لە ڤێتنام ئەم نامەردی‌یەی دەرحەق بەم گەلە کرد .

دەکردەوە ، هەروەك لە گوندی «تبلیفاغ»ی نەرویجیدا کرا • بەلام لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ واتە دوای تێپەربوونی دوو ساڵ بەسەر قەسابخانەکەی لیدیس ، قەسابخانەیەکی گەورەتر لە گوندی «ئۆرادۆر»ی فەرەنسی بەڕێوەبرا کە تیایدا (٦٤٢) کەس بە پیانووی بوونی تەقەمەنی لە لادێکە کوژران (٤٥ ئافرەت ، ٢٠٧ منال ، ١٩٠ پیاو) ، تەنها دە کەس لە خەڵکی گوندەکە سەرەرای ئازاری سووتاندن بەرەنگاری مردنیان کردو بە زیندوویی مانەوە ، تا بتوانن چیرۆکی فاشیزم بۆ گەلانی ستەمدیدەو ئازادیخوازی جیهان بگێرنەوە •

## تاقی کردنەوەی پزیشکی یەکان

ئەلمانەکان بەندی یەکانی ناو گرتووخانەو دیلی شەریان وەکو بەرازی هیندی لە مەیدانی تاقی کردنەوە زانستی یەکانیانـدا بەکـار دەهێنا • بێ گومان ئەم بەسەرهاتە ترسناکـە پزیشکەوانی ئەلمانی هەرگیز مافی شانازی پێوەکردنی نیە •

کەرەسەی تاقی کردنەوەکان لە رەگەزە جیاوازەکان بوون ، بەلام زۆربەیان جوولەکەو دیلی شەری روس و بەندی یەکانی گرتووخانەکانی پۆلـەندە بـوون •

تاقی کردنەوەکان جۆراجۆر بوون ، بۆ نموونە هەندێ بەندی یان بۆ ئەو تاقی کردنەوانە بەکار دەهێنا کە پەیوەندی بە پالەپەستـۆوە هەیە • بۆ ئەم مەبەستە چەند بەندی یەکیان دەهێنـاو دەیانخستنـە ژوورێکی پەست کراوەو پالەپەستۆیەکی ئەوەندە بەرزیان دەخستـە سەری کە مرۆڤ لە هەناسەدان بوەستێ • هەندێکی تریان دەهێناو تاقی کردنەوەی (بەستن) لە سەهۆڵاودا یان بەسەردا جێبەجێ ئەکردن، یان بە رووتی لە دەرەوە دەیانخستنە ناو سەهۆلـەوە تـا بەهـۆی بەستنـەوە دەمـردن •

ئەمەو چەندەها تاقی کردنەوەی تر لە بارەی سێکس و شتی ترەوەیان لەسەر دەکرا ، کە ئەمەش رەنگدا نەوەی رەفتاری نازی یەکانە •

# کۆتایی هاتنی فاشیزم‌و دادگاکانی نۆرمیرگک

هەر لە ساڵی ١٩٤٣ بەدواوە سوپای نازی‌یەکان تووشی شکانی یەك لەدوای یەك دەهاتن‌و هەرچەندیان دەکرد نەیان ئەتوانی جارێکی‌تر بێنەوە سەرخۆیان‌و باری لێژیان راست بکەنەوە •

هەروەها لە ناوخۆی ئەڵمانیا بە گشتی‌و لە نێو حیزبی نازی‌یەکان بە تایبەتی دووبەرەکی‌و لێك‌جیابوو نەوە سەری هەڵدابووو لەگەڵ رۆژگاردا چاکتر دیار ئەکەوت ، ئەم پارچە بوونە بە تایبەت‌و لەو هەوڵدانەی کە بۆ کوشتنی هتلەر کرا دەردەکەوێ • هەموو ئەم کێشانە بەلایەك‌و سوپا گیرخواردووەکەی لە روسیا بەلایەکی تر • سوپای ئەڵمانی بە هۆی ئەو زستانە سەختەی لە یەکێتی سۆڤیەت دا بەسەری هات بەشێکی زۆری لە سەربازەکانی لە دەست چووو برێکی زۆریشی بەدیل گیران •

هەموو ئەم هۆکارانە بەسەریەکدا کەڵەکە بوون‌و چارەنووسی کۆتایی هاتنی نازی‌یەکانی وەدەردەخست • لە کۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٤٥ بوو سوپای سۆڤیەت لە بەرلین نزیك بۆوەو تۆپبارانی دەکرد، ئالەم کاتەدا کە رایخی ئەڵمانی بەرەو هەڵدێری نەمان ئەچوو ، هتلەر ووتی : «ئەگەر شەرمان دۆراند ئەوا لەسەر نەتەوە پێویستە کە بمرن • ئەمە ئیرادەی قەدەرە • هەر کۆششێکی زیندوو کردنەوەی سوودی نیە • دواکەوتووو تەپیو دەبن چونکە چاکەکان خۆیان دەکوژن » •

لەشەوێکی ئەو مانگەدا کاربەدەستانی کۆشکی هتلەر هەر یەکە

باسی چارەنووسی خۆی دەکــردو دەبێت چی بکــات • لــە پێش هەمووپانەوە هتلەررو خۆشەویستەکەی « ئیڤا بــراون »بریــاری خۆکوشتنیان‌دا • ئنجا هەر کە سوپای سۆڤیەتو هاوپەیمــانەکــان گەیشتنە بەرلین هیچ سەرکردەیەکی گەورەی تیا نەمابوو ، هەندێکیان خۆیان کوشت ، ئەوەی رایکرد کەوتنە شوێنیو ژمارەیەکی چاکیان لێ گیرا ، پاشان بە بەشداری هەموو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان (یەکێتی سۆڤیەت ، ئەمریکا ، فەرەنسا ، بەریتانیا) دادگایەکی جیهانیــان لــە شاری «نۆرمبرگ»ی ئەڵمانی بۆ دانانو بە پێی یاسا حوکم دران • لەم دادگایەدا چوار دادوەر کە نوێنەری هەر چوار دەوڵەتەکە بوون بەشداریان کرد ، ئەمانە بوون : (جیڤری لۆرانس ــ بەریتانیــا ــ ، فرانس بیدل ــ ئەمریکی ــ، نیکتشنکۆ ــ یەکێتی سۆڤیەت، دۆندی یە دی‌فایر ــ فەرەنسی ) •

ئەم دادگایە لە نۆڤەمبەری ساڵی (١٩٤٥)ەوە تا ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٦ درێژەی کێشــا ، تیایــدا ٢١ کەس لــە پێشــەوا سیاسیو سەربازی‌یەکانی نازی‌یەکان دادگا کران ، کە ئەمانە بوون :

(غۆرنگ ، رینترۆب ، هس ، رۆزنبرگ ، فرانك ، فریك ، شبیر ، فۆنك ، شاخت ، فۆن بابن ، بویران ، شیراخ ، سیس ئەنکورات ، کایتل ، یۆدل ، ریدر ، دۆنتز ، فریتش ) ، هەروەها (بۆرمان) بە بزری دادگا کرا ، (لای)یش لە کاتی دادگــادا خۆی کوشت ، کــرۆبو هالباخ لەبەر نەخۆشی نەیان توانی بێنە بەردەم دادگا • حوکمەکــان بەم شێوەیە بوون: خنکاندن، بەندکردن بە درێژایی ژیان یان (١٠ــ٢٠) ساڵ • حوکمی خنکاندن یانزە کەسی گرتەوە : (غۆرنگ ، بۆرمان ،

ریبنترۆب کالتنبرونر ، روزنبـرگ ، فرانـك ، ساویکـل ، سیبس ئەنکورات ، شترایشەر کایتل ، یۆدل ) • جگە لەمانەی یاسمان کردن ئیدانەی ۆستابۆو سوپای ئەلمانی کراو بە (ریکخراویکی تاو انکاری) یان لە قەلەمدا • وا لیرەوە لەو پیشەوا فاشی یانە دەدوێین کە چ لـە پێش ئەو دادگایەوچ لە دوای بە سزای خۆیان گەیانراون ، یان تـا ئیستا زیندوون • ئەوەی شایانی ووتنە کە هەنـدێ لـە سەرکـردە فاشی یەکان دوای گۆرکردنیان هەلاتن‌و توانی‌یان خۆیان بشارنەوەو لەلایەن حوکەدارە کۆنەپەرستەکانەوە دالدە دران بێ‌ئەوەی دەستی دادپەر وەری‌یان بگاتێ :ـ وا لیرەدا لە چارەنووسی هـەر یەك لـەو سەرکردە نازی‌یانە دەدوێین :ـ

هتلەرو خۆشەویستیەکەی : مەسەلەی مردنی هتلەر هەر بە لێلی مایەوە ، ئەوەی ووتراوەو دەووترا لە مەزەنەی عەقڵ دەرنەئەچـووە دەرەوە •

هەندێك دەیانووت هتلەرو ژنەکەی ژەهریان خواردۆتـەوە ، هەندێکی تر رایان وابوو کە بە دەمانچە مێشکی خۆیان تەقاندۆتەوە، برێکی‌تر وایان باوەر بوو کە دوای ئەوەی ژەهر کاری لێ‌نەکردوون یەکێك لە یاوەرەکان (دوو گوللە بەزەیی) لێ‌داونو چاویان لێك‌ناوە• نەگەڵ هەموو ئەم رایانەشدا راستی هەر بەشـاراوەیی مایـەوە ، ئەویش بە هۆی سیاسەتێکی رەچاوکراو لەلایەن ستالینی سـەرۆکی ئەوسای سۆڤیەتەوە •

« لیف بیزمینیسکی » رۆژنامەنووس‌و ئەفسەری موخابـەراتی پێشووی سۆڤیەت لە کتێبەکەیدا کە لە سالی ١٩٦٨ دەری کـردووە

ووتوویەتی هێزەکانی سۆڤیەت لە ٣٠ی نیسانی١٩٤٥ بەشێکی هەردوو لاشە سووتاوەکەی هتلەرو ژنەکەی لەبەردەم دەرگای کۆشکی راوێژکاری دۆزی یەوە ، وە لە رێگەی ددانەکانی یەوە راستی مەسەلەکەمان بۆ دەرکەوت • (جوزیف ستالین)یش فەرمانی بێدەنگی تەواوی دەرکرد • ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە شاردنەوەی باسی مردنی هتلەر دەبێتە مایەی مانەوەی ترس لە زیندوویی فاشیزم ، کە ئەمەش خزمەتی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت دەکات چونکە بەو هۆیە زیاتر بەدوای هاوکاری کەرانی هتلەردا دەگەڕێن • نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەدا دەڵێ «ستالین توانی تا ڕادەیەکی دوور سەرکەوێت» ئێستاش هیچ پێویستی بە شاردنەوەی راستیەکان ناکات ، هتلەر بە تەقاندنەوەی گوللەیەك لە ناو دەمی خۆیو ئیڤا براونیش بە کەبسولێکی ژەهر خۆیان کوشت •

هملەر : لە رووی دەسەڵاتەوە لە ئەڵمانیای نازی لە دوای هتلەرەوە دەهات ، سەرکردایەتی تیپی ( S — S ) وغستاپۆی دەکرد •

هملەر دوای هەست کردن بە شکان زۆر حەزی بە ووتوویژ لەگەڵ هاوپەیمانان دەکرد ، بەڵام پێشێل بووو بۆی نەکرا • لە ئەنجامدا هتلەر لە گشت پایەیەکی حکومەتدا دەری کرد •

دوای رووخانی حوکمی نازی هملەر خۆی گۆریبوو وویستی لە بەرلینەوە دەربازبێ ، بەڵام لە ٢١ی مایسی ١٩٤٥ کەوتە بەردەستی ئینگلیزەکان • لەو کاتەی چاوەروانی وەڵام دانەوەی کاربەدەستانی سەربازی ئینگلیزەکانی دەکرد بە قووتدانی کە بسولێك لە ژەهری «سیانید» کە نیو خولەکی نەبرد خۆی کوشت •

غۆرنگ :ــ سەرۆکی گشتی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیــا بــوو ، ئەمیش وەك هەلەری هاوڕێی ئارەزووی کۆتــایی هاتنی شــەری لەگەڵ هاوپەیمانەکان دەکرد ، لەبەر ئەوە هتلەر تووڕە بــووو لــە ئەندامێتی پارت دەری کرد •

لە ٩ی مایسی ١٩٤٥ خۆی دایــە دەســت سوپــای حــەوتەمی ئەمریکی بەوەو ئەوەندەی نەبردتوومەتی « ئاوانباری ژمارە ٢ی شەڕ »ی بەسەردا شکێنرا • کاتێك لەگەڵ پاشماوەی گیراوەکان ڕووەو شاری «نۆرمبرگ»ی ئەڵمانی بۆ دادگا دەبران ، تاقە کەس بوو کە بەرگری نەك تەنها لە خۆی بەڵکو لە تەواوی ڕژێمەکــەش دەکــرد • حوکمی خنکاندنی بۆ دەرکرا وپێش جێبەجێکردنی حوکمەکە بــە چەنــد سەعاتێکی کەم بینییان بەهۆی کاریگەری کەبسولێك ژەهــر لــە نوێنەکەیدا مردووە ، کە ئەمەشیان تا ئێستا بە نهێنی ماوەتەوە •

غۆبلز :ــ پروپاگەندەچی مێژووی نوێی ئەڵمانیایە • بە ووتارە ئاگرینەکانی دەروونی خەڵکی دەبزواند ، کاتێك کە دەیــووت :ــ ئەڵمانیا لە شەری یەکەمی جیهانیدا خوێن لە جەستەی دەتکا ، بۆیــە لە دووەمدا حەقی خۆیەتی ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بهێنێ •

غۆبلز مامۆستای فەلسەفەی نوێ بووو هەڵگری پلەی دکتــۆرا بوو لە یاسا • هەر لە سەرەتای ژیانییەوە وەفادار بووە بۆی • دوای خۆکوشتنی هتلەر ، غۆبلز یش ژەهری بۆ خۆیو شەش منداڵەکەیو ژنەکەی دەستەبەر کرد ، ووتی : «نامەوێت بکــەومــە دەستی هیچ دوژمنێــك » •

پاش شکست هێنانی نازی‌یەکانو داگیرکردنی بەرلین لە لایەن سوپای رووسی‌یەوە ، برێکی زۆری یاداشتەکانی غۆبلز دۆزرانەوە کە زۆر سەیرە لە سووتان رزگاری بـووە ، چونکـە چـوار دەوری یاداشتەکان لە بەر توندی گەرما زەرد یا سوور بۆتەوە •

غۆبلز لە کاروباری سەربازی‌دا هەتا بلێی ژمارەی خەیالی ئەدا بەدەستەوە کە عەقل بەرگەی نەئەگرت ، بەکورتی فشەکەر بوو • بۆ نموونە لە یاداشتەکانیدا هاتووە : «لە ئەیلولی ساڵی ١٩٤٠ لە گەرمەی جەنگی بەریتانی ، ئەڵمانیا ٧٠٠ فرۆکەی لێخستراوەتە خـوارەوە ، بەڵام ١٨٠٠ فرۆکەیان لە جێگەیدا هێناوەتە بەرهەم » •

کەچی راستیەکەی بەرهەمی فرۆکەی شەڕکـەر ٤٥٠ی تێپـەر نەئەکـــرد •

---

نموونەیەکی تر «لە ناوەراستی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ هتلـەر ووتی روسیا دوای چوار مانگی‌تر دەشکێت ، بەڵام غۆبلز وا باوەڕی دەکرد لەوەش کەمتر بێ[١٣] » •

---

(٥٣) ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی هەڵبدەینەوە زۆر لەم خۆلکێشانو خۆ بەزل زانینانەمان بەرچاو دەکەوێ • دەگێرنەوە لە ساڵەکانی پێش زاییندا لە ووڵاتی چین شانشینێك هەبوو لەگـەڵ شانشینێکی تردا کە لە خۆی بچوکتر بوو بەشەڕ هات • شانشینـە گەورەکە ئەوەندە بە فیزو خۆبایی بوو دوژمنەکەی بە هیچ نەئەزانی‌و سەنگێکی بۆ دانەنا بوو ، بۆیە لە کاتی جەنگ‌دا پاشاکەیان ووتی :ـــ

(بۆرمان)ی بزر بوو :ــ سەرۆکی دەستەی کــارگێری پــارتی سۆشیالیستی نشتمانی بوو ، بەم پایەیە بووە جێگری هتلــەر دوای ئەوەی جێگرەکەی پێشووی «هیس» دیار نەما • ئەوەی راستــی بێ (بۆرمان کەس نەیزانی چی بەسەرهات ، هەنــدێ راپۆرت هەیــە دەڵێن گوایە لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تری نازی وویستویانە لــە ١ی مایس بەرنە بەری رۆژئاوای بەرلینەوە ، هەندێ دەستەی تــر دەڵێن کە بەهۆی تۆپی تانکەکانی سۆڤیەتەوە

---

«نانی ئێوارە ناخۆم با بەسەر دوژمنمدا زاڵ نەبم» ، بەڵام ئــەوەی روویدا پێچەوانەی ئەو ووتەیە بوو سوپای شانشینــە بچووکــە سەرکەوت • ئیتر لەوساوە ئەم کارەساتە بووەتە پەندێکی میللی و بە سەر زمانی گەلی چینەوەیە •

رۆژگاری ئەمرۆمانیش لەم جۆرە قسانەی زۆر تێدا دەبینرێ ، بە تایبەت لە ژیانی شۆرشی نوێخوازی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێــران •

ئەوا بۆ پێنج ساڵ دەچێت رژێمی ئاخوندەکان شــالاو لە دوای دەکەنە سەر کوردستان،هەرچی پاسداری بێ ئابروو هەیە وەکو سەگی هار بەردراوەتە گیانی خەڵکی ستەمدیدەی شارەکان • ئاخوندەکان لەگەڵ هەر هێرشێکیاندا جــاری پاکســازی کوردستــان دەدەن و بەیاننامە پر درۆ دەردەکەن •

بەرامبە کۆشکی راوێژکاری مردووو • لەو کاتەوە پروپاگەندە هەیە گوایە بۆرمان لە ئەرجەنتین یان ئۆرگوای‌و پارچەکانی تری جیهانە ، بەڵام بێ ئەوەی شوێنەوارێکی دۆزرابێتەوە •

رینترۆب :ـ وەزیری دەرەوەی پارتە نازی‌یەکەی هتلەر بوو ، لەو کەسانەیە کە بە زووری لە نێو بەوەتی رێنوێنی‌یەکانی نازی گیرسایەوەو لە سەرەتای ژیانی سیاسی‌یدا چووە ریزی پارتەوە ، هەر بە زوویش گەیشتە پلەی وەزیری دەرەوە

---

هاوینی‌سالی ۱۹۸۲ بوو صیاد شیرازی وەزیری بەرگری «قەرارگەی حەمزە»ی کردەوە ، وە داوای لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد کە هەتا زووە خۆیان بدەنە دەست رژێمەوە ئەگینا دوا هێرشیان دەکرێتە سەرو تەفروتونا دەکرێن • دوای هەڕەشەکەی زۆری نەبرد هێرش کرایە سەر کوردستان ، هەرچی‌یان لە دەست هات‌کردیان ، بەڵام نەیان توانی کورد بتوێننەوەو دەستەمۆی بکەن•

دوا بە دوای ئەم هێرشەو هەر هێرشێکی‌تر هەرچی رادیۆو دەزگای پروپاگەندەی رژێم هەیە لە باسی پاکسازی کردنی کوردستان ئەدوان و دەیان ووت : ئیتر کوردستان لە گیرەشێوێنان پاك‌کرایەوە • ئێمەش دەڵێین ئەگەر راست ئەکەن پاکسازی کوردستانتان کردووە ئەی بۆچی لە ۱۷ی رەزبەر بەرامبەر ۹ــ۱۰ــ۱۹۸۳ هێزی پێشمەرگە توانی بۆ ماوەی بیست‌و چوار سەعات دەست بە سەر شاری بۆکاندا بگرێت‌و کەلاکی ۱۱۵ پاسدار بخاتە سەر زەوی ؟ •

هاوپەیمانەکان دەستگیریان کردو دایەنە دادگـای «نۆرمبرگ» • پاش حوکمدادانی بە خنکاندن ، یەکەم کەس بوو هاتە سەر دوانگەکەو وتی « با بژیت ئەلمانیا لە دوای ئێمە » •

ئەم شتە سەیرە : «رۆدلف هیس» کە ئێستا (واتــە سالی ١٩٨٣) تەمەنی خۆی لە ٨٩ سال دەدات دوا سەرکردەی نازی‌یەکانە کە تـا ئێستا بە زیندوویی ماییتەوە • لە باری رەسمی‌یەوە جێگری هتلــەر بوو ، بەلام رووداوەکان پەنچە بۆ ئەوە رادەکێش کە رازگری هتلەر بووە • لە ١٥ی مایسی ١٩٤١ لە هەولدانێکی نهێنی‌دا بۆ رێکەوتــن‌و گەیشتن بە ئاشتی‌یەکی تاکڕەوی نێوان خۆیان لەگەل بەریتانیا بــە پەرەشووت نیشتەوەو هەر بە دەست بە ســەری مایەوە تـا زەنگی کۆتایی هاتنی جەنگ‌لی‌درا •

لە دادگای نۆرمبرگدا دوای ڕیسوا کردنی بــە تــوومــەتی «یارمەتی‌دان لە دارشتنی پلانەکانی جەنگــە دوژمن‌کاری‌یەکــان » حوکمی بەند کردنی هەتا هەتایی بەسەردا بڕایەوە • چەند کەسانێکی تریش وەک ئەم حوکم دران ، بەلام ئەوان بە ٢٠ سال یا کەمتر بوون• بە تێپەر بوونی سالان بەشێک لەوانە مردن یا بەرەللاکران ، بــەلام «هیس» کە هەر بە جێگری هتلەر وەسفی خۆی دەکات یا ئێستا تاقــە بەندی پشت شیشە پۆلایینەکانی قەلای (شپانداو)ی ناو جەرگــەی بەرلینە ، کە چاوەڕوانی مەرگ دەکات •

فلهلم فریک :ـــ لە سالی ١٩٢٤ ئەندامی رایخ بوو ، لــــە سالی ١٩٣٣

وەزارەتی ناوخۆی گرتبووە دەست ، دەورێکی بالآی بینی لە قەلاچۆکردنی جوولەکەو لە کاری ڕۆژنامەگەریدا ، دوای دەستگیرکردنی لە سالی ١٩٤٥ ، لە ١٥ی ئۆکتۆبەری سالی ١٩٤٦ لە سێدارە درا •

فالتەر فۆنك :ـ سەرپەرشتکاری ڕۆژنامەگەریو بلاوکردنەوە بوو ، لە دواییدا بوو بە بەرێوەبەری بانکی دەولەت •

لە دادگاکەی نۆرمبرگدا فەرمانی بەندکردنی بە درێژایی ژیانی بەسەردا درا ، لە ٣١ی ئایاری ١٩٦٠ مرد •

فرانتز فۆن بابن :ـ پیاوێکی سیاسی بەرزی ئەلمانیا بوو لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕۆلێکی زۆر گرنگی گێرا بە تایبەت بە نیسبەت تورکیاو ڕۆژهەلاتی نزیکەوە • لە سالی ١٩٣٢ لە ماوەی سەرۆکایەتی هندبورگدا کرا بە سەرەك وەزیرانی ئەلمانیا • لە ماوەی حوکمی هتلەریشدا زۆر پایەی لە دەولەتدا بینی ، دەمێك جێگری هتلەر بوو ، دەمێکی تریش بالیۆزی ئەلمانیا بوو لە تورکیا• لە دادگای نۆرمبرگدا بێتاوان دەرچووو بەرەللا کرا •

خوێن ڕێژەکەی شاری (لیۆن) :ـ یەکێك لە پیاوە بەرزەکانی هتلەر ، کە زۆر جێگەی متمانەی بوو «باربی» ناوێك بوو کە هەر لە سالی (٩٤٢)وەو کردبووی بە سەرۆکی غستابۆ لە شاری «لیۆن»ی فەرەنسی •

باربی کاری سەرکوت کردنی بەرهەلستی خرابووە ئەستۆ بە

پارەی چەند بەکرێ گیراوێکی فەرەنسی • باربی هەتا بلێی تاوانی کردووە ، دەستی لە هیچ نەپاراستووە • لە ساڵی ١٩٤٣ پیاوانی گشتاپۆ گشت سەرکردەکانی بەرهەڵستیان دەستگیر کرد • جگە لەمانە دەستی هەبوو لە کوشتنی ٢٦ هەزار بەرهەڵستکاری فەرەنسی، ئەمە وێڕای هەزاران کەس کە رەوانەی بەندیخانەکانی ئەڵمانیای کردوون • ئەوەی تا ئێستا گێراومانەتەوە لە بارەی ئەم سەرکردەیە شتێکی ئاساییە . بەڵام ئەوەی لەمەودا لێی دەدوێین جێگەی سەرسووڕمانە •

پاش هەرەس هێنانی هێزی نازی ئەم کابرایە بۆ بۆلیڤیا هەڵات ، لەوێدا کاربەدەستانی بۆلیڤیا ئاسیاوی بوون بۆیە حەشاریان داو لە ساڵی ١٩٥١ شوناسنامەی بۆلیڤی دەرکرد • لە ڕێگەی پایە نیمچە رەسمییەکەیەوە وەکو راوێژکاری سەرۆکی بۆلیڤی توانی دەست بداتەوە کاری قاچاغچێتیو بازرگانی (مخدرات)و چەندو شتی تر •

هەموو ئەو سەرکردانەی لە پەنجاکانو شەستەکانو حەفتاکان جڵەوی حوکمیان گرتۆتە دەست ئاسیاوی باربی بوون ، بۆیە لە دالدەدانیدا هیچ درێغییەکیان نەکردووە • بەڵام پاش گەڕانەوەی حوکمی دیموکراتی بۆ بۆلیڤیا لە عەشتاکان یەکەم شت کە حکومەتی مەدەنی کردیتی دەستگیر کردنی باربی بوو • کاربەدەستانی بۆلیڤیا بە یەککردن (تنسیق) لەگەڵ موخابەراتی فەرەنسی توانیاری

ناویراویان بۆ فەرەنسا گێرایەوە ، بە جۆرێك كاری تایبەتیو پێویست لە فرۆكەخانە ڕەچاو كرابوو فرۆكەیەكی تایبەتیش رووەو فەرەنسای كردەوە بۆ شاری لیۆن • هەر كە گەیشتە فەرەنسا یەكسەر بۆ بەندیخانەی سەربازی لیۆن برا، ئەو بەندیخانەیەی پیاوانی بەرهەڵستی فەرەنسی تیا سزا ئەدا لەو كاتەی سەرۆكی غستابۆ بوو لە شاری لیۆن • لەو كاتەی هێنایانە بەردەم دادگا بەوە بەرگری لە خۆی دەكرد گوایە ئەو خراپانەی كردوویەتی هەموو بە فەرمانی سەركردەكانی كرابوو دەسەڵاتی تیا نە بووە • بەڵام تا كاتی نووسینەوەی ئەم كتێبە ئەنجامی دادگا ئاشكرا نەكرابوو • بەم جۆرە دوای ۳۸ ساڵ خۆحەشاردات دەستی دادپەروەری بە سزای خۆی دەگەیەنێ •

بەسزا گەیاندنێكی‌تر :ـ لە پەنجاكانا بوو دەزگای موخابەراتی ئیسرائیلی توانی لە ئەرجەنتین نازی‌یەكی ئەڵمانی بە ناوی «ئیخمان» دەستگیر بكاتو بەرەو فەلەستینی برفێنێ • ئەنجوومەنی وەزیرانیش دوای كۆبوونەوەیەكی فراوان بەوپەری ئاسوودەیی‌و دڵخۆشی‌یەوە فەرمانی لە سێدارەدانیان دەرحەق بەو نازی‌یە دەركرد ، كە بەمە وویستیان مەزنی‌و توانای خۆیان دەربخەن • راستی زایۆنیستەكان بێ‌وەفاو سپڵەنو مامۆستاكانی خۆیان دەكوژن چونكە ئەم نازی‌یانە بوون فێری نازی‌یەتیان كردنو ئێستاش ئەمە رەفتاریانە !•

مۆسۆلینی : ئەم سەركردە فاشی‌یەی ئیتالیا هێشتا جەنگ تەواو نەببوو بەسزای خۆی گەیشت •

دوا بەوای ئەو نەهامەتیو برسێتییەی تووشی ئیتالیا بوو ، گەلێك نارەزایییان بە رووداندادا ، تەنانەت زۆر لە ئەندامانی پارتەکەی خۆی بێزار ببوون بەتایبەت دوای شکانە یەك لەدوای یەکەکانی ئیتالیا لە شەر (١٤) .

لەبەر ئەوە دوای ئەوەی هەمێکی چاك بۆ نارەزایان رەخسا توانییان مۆسۆلینی لە سەر تەخت لابەرن . دوای زنجیرە گۆرانێکو دوای بەشەنەکردنی شۆرشگێرەکان مۆسۆلینیو کلارای خۆشەویستی وویستیان رووبکەنە دەرەوەی ئیتالیا . پێش دەرچوونیان بە ژنەکەی ووت :- «ئەستێرەمان ئاوابووە . کۆتایی هاتووە ، کار ئەکەمو خۆم ماندوو ئەکەم سەرەرای ئەوەی لەو باوەرەدام بێهوودەیە . کەشتی یەکەم لە نێو رەشەبایەکدا وێران بووە ، منیش لەسەر پارچە تەختایەکدا سەرئاو کەوتووم . ناتوانم هیچ بکەم یا هەوڵێکی رزگارکردنی هەڵوێستەکەم بدەم ،

---

(١٤) کاتێك هتلەر ئاگری جەنگی هەڵگیرسان ، مۆسۆلینی هیچ کاتێك ئامادەی ئەو شەرە نەبوو ، هێزە چەکدارییەکانی چاك بنیات نەنرابووو بە چەکی نوێ چەکدار نەکرابوو ، هەروەها ئاستی ئەفسەرو سەرکردەکانی هەر نزم بوو . بەهتلەری راگەیاندبوو کە شەر بۆ ساڵی ١٩٤٢ دوا بخرێ، بەڵام هتلەر بە گوێی نەکرد.

کاتێك سەعاتی سفری جەنگ نزیك بووەو ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر پۆلۆنیاو نەرویج ، وە داگیری کرد ، ئەوسا مۆسۆلینی بیری ئەوەی کردەوە نەوەك شەر لە ماوەیەکی کورتدا تەواوبێو هیچی لە تالانی دەست نەکەوێ ، لەبەر ئەوە خۆی هاویشتە نێو ئاگری نەکوژاوەی ئەو شەرە ماڵ وێرانکەرەوە .

کەسێکیش گوێی لە دەنگم نیە ، لەبەر ئەوە دەبێت بکشێمەوە جیهانی بێدەنگی » .

مۆسولینی‌و کلارای خۆشەویستی لە کاتی دەرچوونە دەرەوەیان لە سنووری ئیتالیا لە لایەن پارتیزانە کۆمۆنیستەکانەوە ، لە گەڵ پانزە سەربازی فاشی تردا دەستگیر کران . لەوێدا کوژرانو تەرمەکانیان سەرەو خوار هەڵواسین . ئا بەم شێوەیە ئەستێرەی فاشیزم لە ئیتالیا بۆ هەبا هەتا ئاوا بوو .

لە راستی‌دا ، تاوانبارانی جەنگ لە نازی‌یە کۆنو فاشی‌یە نوێ‌یەکان کە کاربەدەستانی ئەوروپا بە شوێنیاندا دەگەڕێن ، هەر لە جەنگی دووەمی جیهانی‌یەوە ئەمریکای لاتینیان کردووەتە کولانەی حەسانەوەیان ، وە ئەگەر کاتێك بارودۆخ ناچاریان دەکات لە سنوور دەپەڕنەوە وولاتێکی تر .

لە توێژینەوەیەکدا کە ئاژانسی فرانس بریس سازی داوە هاتووە کە ئەو ٤٠ هەزار نازی‌یەی لە باشووری کیشوەری ئەمریکای لاتین بە شیلی‌و باراگوای‌و ئەرجەنتین‌و بەرازیل‌و بۆلیڤیادا بلاوبوونەتەوە . کوردیا (قرطبة) کە کۆلۆنیالێکی گەورەی ئەلمانیایەو دەکەوێتە سەرووی پایتەختی ئەرجەنتینەوە ، کۆمەڵەیەکی تیا حەواوەتەوە ناوی خۆیان ناوە « لاوانی هتلەری ئەرجەنتینی » ، هەر لەوێدا سەربازگەی مەشق کردنیان دامەزراندووە .

بەڵام شیلی ئاشکرای کردووە کە ڕێگەی هیچ پەنابەرێکی سیاسی نادات تەنها بۆ تاقە کەسێك نەبێت « لەبەر بلیمەتی‌یەکەی » ، ئەویش «والتەرۆف»ە ، کە داهێنەری «ئۆتۆمبیلەکانی مردنە»و تایبەت بوو بە خنکاندنی دیلەکانی شەڕ . ئێستاش ئەم خوێنڕێژە دڵنیاو هێمنانە لە گەرەکێکی خوارووی سانتیاگۆی پایتەختی شیلی‌دا دەژێت .

# سەرچـاوەکـان


١ ــ دراسات في الفاشية مجموعة من الاساتذة .

٢ ــ حقيقة الفاشية عبدالفتاح ابراهيم بغداد ١٩٤٢ .

٣ ــ اخفاق الفاشية عصام الدين حفني ناصف القاهرة ١٩٤٣ .

٤ ــ موقفنا تجاه النازية ــ نخبة من الشباب القومي ١٩٣٩ .

٥ ــ بنيتو موسوليني ترجمة كمال عبدالله .

٧ ــ الحرب العالمية الثانية ــ رمضان لاوند ١٩٧٩ .

٦ ــ القاموس السياسي احمد عطيةالله الطبعة الثالثة ١٩٦٨ .

٨ ــ تاريخ المانيا د. كمال الدسوقي دار المعارف مصر .

٩ ــ كفاحي ــ ادولف هتلر .

١٠ ــ تاريخ المانيا الهتلرية ــ الجزء الرابع وليام شيرر .

١١ ــ ايران والاضطراب الكبير ــ منسى سلامة ــ الجزء ألاول .

١٢ ــ الغريب والمثير في شخصيات التاريخ ــ محمد طاهر القصاب الجــــزء الاول .

١٣ ــ يەکێك لە کتێبەکانی ماوتسی‌تۆنگ .

١٤ ــ مجلة الثقافة العددان ٣ــ٤ آذار ونيسان ١٩٨٤ .

١٥ ــ مجلة المجالس الكويتية ــ العدد ٦١٣ آذار ١٩٨٣ .

١٦ ــ مجلة الف باء العدد ٧٣٩ تشرين الثاني ــ ١٩٨٢ .

١٧ ــ مجلة الف باء ــ العدد ٧١٧ حزيران ١٩٨٢ .

١٨ ــ مجلة الف باء ــ العدد ٧٥٣ نيسان ١٩٨٣ .

١٩ ــ مجلة الف باء العدد ٧٤٠ كانون الاول ١٩٨٢ .

٢٠ ـ جريدة الجمهورية عدد ٥١٠٠ آب ١٩٨٣ •
٢١ ـ راديۆی موسکۆ بەرنامەی رۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٣ •
٢ ـ راديۆی حيزبی ديموکراتی کوردستانی ئێران •

# کۆتايی هات

له کۆتاييدا زۆر سوپاسی بێپايانی ئەم هاورێ بەرێزانه ئەکەم که دەقی دەستنووسی کتێبەکەيان بۆ نووسيمەوە :

فؤاد محمود ، نسرين حمزة ، لقمان عمر ، مالك محمد عادل ابراهيم عدنان ابراهيم •

سەرپەرشتی له چاپ دان محمد عبدالرحما زەنگنه

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ( ٤٦٠ ) لسنة ١٩٨٥

نرخی ۸۰۰ فلسه

نرخی ٨٠٠ فلسە